محەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی



# ئەو کەسایەتیانەی سەرنجیان ڕاکێشام

پێداچوونەوە
سەرهەنگ عەبدولواحید

بەکوردی کردنی
زێیار عزیزخان مهاجر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ئەو کەسایەتیانەی

سەرنجیان ڕاکێشام

# ئەو کەسایەتیانەی

# سەرنجیان ڕاکێشام

نووسینی: موحەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی
بەکوردی کردنی: زیڤار عەزیزخان مهاجیر

١٤٤٢ ك - ٢٠٢٢ز

پێناسی کتێب:

ناوی کتێب: ئەو کەسایەتیانەی سەرنجیان ڕاکێشام
نووسینی: موحەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی
وەرگێڕانی: زیبار عەزیزخان مهاجیر
نەخشەسازیی: زیبار عەزیزخان مهاجیر
بەرگ: بەرەکان قوڕتاس
بڵاوکار: نووسینگەی کاروان
نۆرە و ساڵی چاپ: دووەم، ١٤٤٢ک - ٢٠٢٢ز
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٠)ـی بۆ ساڵی (٢٠١٨) پێدراوە.

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥
Karwancenter18@gmail.com

## بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

# پێشەکی وەرگێڕ

ژیانی دونیا تابلۆیەکە، هەر یەکێك بە پێنووسی گوفتار و کردارەکانی دەینەخشێنێت، جا ئەگەر چاکە بکەن ئەوا تابلۆکە ئاڵتون ئاسا دەبێ و لە لاپەڕە درەوشاوەکاندا دادەنرێ، ئەگەریش لاڕێیی هەڵبژێرن، ئەوا شانۆی ژیانیان بە خامۆشی نمایش دەکەن.

کەسایەتییە کاریگەرەکان هەمیشە مێژوویەکی زێڕینیان نووسیوەتەوە و ڕێگایەکی ڕۆشنیان بۆ نەوەکانی دوا خۆیان داناوە، تا بەنێو جەنجاڵی و مەترسییەکانی گەشتی ژیاندا بە سەلامەتی ڕێگاکە ببڕن.

ئەم کتێبەی بەردەستتان کە بەندە لە زمانی عەرەبیەوە بەکوردی کردووە، دانراوی (د. محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتییە) ڕەحمەتی خوای لێبێ، باس لە ژیاننامەی حەوت کەسایەتی کردووە، بەڵام من تەنها سێ کەسایەتیم لێ هەڵبژاردووە و بەبێ دەستکاری بەکوردیم کردووە، ئەو سێ کەسایەتیانەش ئەمانەن: (پێشەوا غەزالی، جەلالەدینی ڕۆمی، سەعیدی نوورسی)، لە دەقە عەرەبیەکەشدا بەهەمان شێوە لە دوای یەکەوەن بەم ڕیزبەندیەی خستمەڕوو، بۆیە لە کوردیەکەشدا ڕیزبەندیەکەم دەستکاری نەکردووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی تەنها ئەم سێ کەسایەتییە ئەوە بوو کە ئەمانە زۆر ناسراو و بەکاریگەرن و سەرنجی بەندەشیان بەهەمان شێوە زۆر ڕاکێشاوە[1].

لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی بەڕێز: (م. سەرهەنگ عەبدولواحید) بکەم کە زۆر ماندوو بوو و شەونخونی کردووە بەهۆی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبە، داواکارم لە خوای میهرەبان نووسەر بە بەهەشتی بەرین و فیردەوسی باڵا شاد بکات، ئەم کتێبەش بکاتە تێشووی دواڕۆژ و تای تەرازووی چاکەکانمی پێ سەنگین بکات. سەرکەوتن هەر لە خوای گەورەوەیە.

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

**سۆران**

---

() بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین.

## بەڵگەی ئیسلام

# ئەبوحامدی غەزالی

٤٥٠ ـ ٥٠٥ ك

١٠٥٨ ـ ١١١١ز

# دەستـپـێك

هەر لەوەتەی یەکەم هەنگاوم هاوێشتووە لەسەر ڕێگەی زانست و زانیندا!، پێشەوا غەزالی پێگە و شوێنێکی مەزنی هەبووە و هەیە لە عەقڵ و دڵی مندا..

ئەمەش پێدا هەڵدان نییە بەم زانایە، و بەڵگەیەکی مەزنیش نییە لە خودی ئەو یان پلەبەرزی نییە لە نێو هاودەمەکانیدا.. ئەو بەخۆی لە پێشتر و ئێستاش دڵ و عەقڵی جیهانی داگیر کردووە، بە گشت ئەو ئایین و ڕێباز و تاقمانەی هەن. کەواتە دەبێ بوونی پێگەی ئەو لە دڵ و عەقڵی کەسێکی وەك مندا چ شتێك لە ناوبانگ و کەسایەتیەکەی بگۆڕێت یان زیاد بکات؟!..

بەڵام من دەمەوێ لەسەر ئەو وتەیەی کە وتم ئەوە بنەخشێنم کە لەوەتەی ئاشنابوومە بە پێشەوا غەزالی و ڕوومکردۆتە کتێبەکانی، هەردەم پرسیارم کردووە لەبارەی نهێنی ئەو پێگەیەی ئەو بەدەستیهێناوە بەدەر لەوانی تر، جا سەرچاوەی ئەو شکۆمەندیەی هەیبووە چیبووە، تەنانەت نهێنی سەرسامبوونی هزری جیهانی بە پێشەوا غەزالی چی بووە؟

دوای ڕامان و بیركردنەوە ئەوە لە مێشكمدا جێگیر بووە، كە سەرچاوەی گشت ئەم شتانە خۆی لە دوو خەسڵەتدا دەبینێتەوە، كە غەزالی هەیبووە بەدەر لە هاودەمەكانی و ئەوانەش كە لە دوای ئەو هاتوون و زۆرێكیش لەوانەی پێش ڕۆیشتوون.

یەكەم خەسڵەت لەم دوو خەسڵەتانە، ئەوە بوو كە هاوشێوەی زانایانی سەردەمی خۆی یان ئەوانە نەبووە كە لە دوای ئەو هاتوون بەوەی ڕوو بكاتە یەك پسپۆری زانستی، لەگەڵ شارەزابوون بە پوختی لە گشت زانستەكانی تر یان هەندێك لەو زانستانە، شارەزاییەكی پوخت و گشتگیر. جا دەبینی ناوی غەزالی لە گشت لیستێكدایە، كە ناوی پسپۆڕەكانی لەخۆگرتووە لە هەر زانستێك لە زانستە نەقڵی و عەقڵییە دەستاودەستكراوە ئیسلامییەكان!... ناوی ئەو تاكە ناوە كە لە گشت لیستێكدا دووبارە دەبێتەوە و بوونی هەیە.

سەیری لیستی زانایانی شەرعناس دەكەی، دەبینی ناوی لە جەرگەی لیستەكەدایە، ڕوو دەكەیتە لیستی زانایانی پسیۆر لە بنەماكانی فیقه (بنەماكانی ڕاڤەی دەقەكان)، دەبینی ناوی لەسەرەوەی لیستەكەدا دەدرەوشێتەوە، دەچیتە سەر خشتەی زانایانی زانستی كەلام، دەبینی لە پێشەوەی خشتەكەدایە، ڕادەمێنی لە لیستی زانایانی زانستی فەلسەفەی ئیسلامی، دەبینی ناوی لە ناوە یەكەمەكانی لیستەكەدایە. ئینجا سەیری لیستی زانایانی پەروەردە و تەصەوف بكە، ئەوا دەبینی پێگەی مامۆستا و

پێشەنگی گرتووە، ڕووت وەرچەرخێنە بۆ سەر خشتەی زانا دەروونناسەكان، لەوێش بۆت دەردەكەوێ كە ناوی بە هەمان شێوە پێشەنگە!..

یەك زانست ماوەتەوە، كە ناوی غەزالی تێیدا دەرنەكەوتووە لە پاڵ ناوی زانا پسپۆڕەكان، بەڵكو لەوانەیە كەمێك نزمتربووبێ لە ئاست بەشداربوون بەهەمان شێوە لە لیستی زانا پسپۆڕەكانی ئەم زانستەدا... ئەویش زانستی فەرموودە و گێڕانەوەیە، هەمیشە ئەمەی لەبارەی خۆیەوە دەوت. ئەوانەی ژیاننامەی ئەویان نووسیوە باسی ئەوەیان كردووە كە ئەو لە دواییەكانی تەمەنی سەرقاڵ بووە بە فەرموودە، بەڵام مردن زوو بەرۆكی گرتووە. دوای ئەوەی تەنها كەمێكی لەم بوارەدا ئەنجامدا[١].

سەبارەت بە خەسڵەتی دووەم، خۆی دەبینێتەوە لە هزری پەیڕەویی ورد كە هەیبوو لە هەر شتێكدا كە دەینووسی و لێیدەكۆڵیەوە، جا ئەو بابەتە یان زانستە هەر چییەك بێ كە تاوتوێی بكات، لە پاڵ ئەو توانا دەگمەنەی هەیبوو لە داڕشتنی مانا لە چوارچێوەیەكی ورد و گوزارشتێكی جواندا، و بەكارهێنانی ئامرازی زمانەوانی بۆ وێناكردنی ئەو مانا و هزرانەی دەیەوێ بیگەیەنێ بە هۆشی خوێنەر.

---

(١) طبقات الشافعية للسبكي ٦/ ٢١٠، وشذرات الذهب لابن العماد ٤/ ١٢.

نازانم چی بڵێم لەبارەی سەرچاوەی ئەم دووەم خەسڵەتە سەرنجڕاکێشەی هەیبووە، ئایا ئەمە خوارسکێك بووە خوای گەورە لە سروشتی ئەودا دایناوە، دواتر لەوەتەی پێگەیشتنی زانستیەکەی ئەو کاری کردووە لە توێژینەوە و پرسە زانستییە جیاوازەکان بەم ڕێگایە پەیڕەوییە بەرنامەدارە" یان ئەم خەسڵەتە شوێنەوارێکە پاشماوەی توێژینەوە ژیربێژی و فەلسەفییەکانە کە لە هزری ئەودا ماون، جا دواتر ڕاهێنانی لەسەر کردووە و لەسەری ڕاهاتووە و بەمەش هاودەمی بووە لە هەرچی نووسین و دانان و داڕشتنێك کە ئەنجامیدەدا لە هەر بوارێکدا!..

جا سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت، ئەوا هەر توێژینەوەیەکی غەزالی کە دەیخوێنیەوە لە هەر زانستێکی عەقڵی یان نەقڵیدا بێ، دەبینی لە شرۆڤە و تاوتوێی توێژینەوەکەیدا دەتبات لە میانەی پەیڕەوێکی ورد و بەرچاوڕۆشن!.. ناوبراو دەستدەکات بە دابەشکردنی هەر باس و پرسێك بۆ ئەو چەند بەشانەی لێی پێکدێت، یان بابەتی هەمەکی بۆ بابەتە لاوەکییەکانی دابەش دەکات. دواتر ئەم بەشە لاوەکییانە دەخاتە ژێر وردبینی لێکۆڵیەوە و دابەشکارییەکی ورد، هەمووشیان ملکەچی ڕامانی گریمانە عەقڵییە کامڵەکان دەکات، دواتر دەستدەکات بە ڕەخنەگرتن لە یەك بە یەکی ئەو گریمانانە، پەردە لادەدات لەسەر لاوازی و پوچەڵی هەر یەکێك لەو گریمانانە، تا ئەو کاتەی پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی عەقڵی و ڕێگەی خستنەڕوو و پوچەڵکردنەوە دەیگەیەنێت بە شوێن و سەرچاوەی ڕاستی لە نێو گشت ئەو هەموو گریمانانە. دواتر کار

لەسەر درەوشاندنەوەی ڕاستیەکە دەکات بە دەرهێنانی بەڵگە زانستییە تەبا و گونجاوەکان لەگەڵ جۆری ئەو زانستە و سروشتەکەی، دواتر وازی لێناهێنێ تا قەڵابەندی نەکات لە نێو چەندین دیواری بەهێز لە قەناعەتی زانستی لە دوو توێی ڕوونکردنەوەی جوان و شێوازی ئاسانکراوی سەرنجڕاکێش.

ئەم دوو خەسڵەت و تایبەتمەندییە کە پێشەوا غەزالی پێی جیا دەبێتەوە، دەسەڵاتێکی مەزنیان بەودا بەسەر خوێنەران و توێژەرانی کتێب و هزر و نووسینەکانی. تەنانەت ئەم دوو خەسڵەتە گیانێکیان بە هزر و نووسینەکانی بەخشی، کە پاڵنەر بوون بۆ هۆگر بوون و ئاسوودەبوون لە پاڵیدا، ئەم گیانە لە زۆربەی نووسینی ئەوانی تردا بەدی ناکەیت!..

ئا بەم شێوەیە" باڵادەستییەکەی لە مەیدانی زانستە جیاوازەکان، تا ئاستی قوڵبوونەوە و وردبوونەوە و شارەزابوونی تەواو لە هەر زانستێکیاندا، ئەوەی بۆ ئاسان کردووە پاڵپشتی ڕا و بۆچوون و کۆششەکانی بکات بە بەڵگەی زانستی قەناعەتکار، هەروەك ئەو هزرە پەیڕەویە بەرنامەدارەی توانای ئەوەی پێدابوو بەڵگە و هزرەکانی ئەوەندە بە ئاسانی و سادەیی بخاتەڕوو، هەرچەندە لە خودی خۆیدا ئاڵۆز و چڕ و پڕ بن بەجۆرێك کە هەر کەسێك لێی تێبگات و چێژی لێببینێ کە بەشێکی هەبێ لە ڕۆشنبیری و تێگەیشتن.

# پوختەیەك لە ژیـــاننامەکـــەی

ناوی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی توسییە. لە ساڵی چوار سەد و پەنجا لە (توس) لەدایکبووە. محەمەدی باوکی هەژار بوو و بە کاسبییەکەی خوری ڕستن بوو. خوری دەڕست و لە دوکانێکدا دەیفرۆشت لە شاری (توس). خۆراکی بەخۆی نەدەخوارد و دەرخواردی خێزانەکەشی نەدەدا لە جگە لە کاسبی دەستی خۆی نەبێ” فیقه و کۆڕ و مەجلیسی شەرعناسان و زانایانی ئاینی زۆر خۆشدەویست، لە دەوری مەجلیسەکانیان دادەنیشت و خزمەتیانی دەکرد، تێدەکۆشا لە پێشکەش کردنی ئەو ئامراز و هۆکارانەی لە توانایدا بوو بۆ چاکەکردن لەگەڵیاندا، بەهۆی کاریگەربوون بە قسە و ئامۆژگارییەکانیان دەگریا، دواتر بەدەم لاڵانەوە لە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەپاڕایەوە کە کوڕێکی پێ ببەخشێت و بیکاتە شەرعناس و زانایەك تێبکۆشێ و قوربانی بدات بۆ ئایین و سنوورەکانی.

جا خوای گەورە دوو کوڕی پێبەخشی، یەکێکیانی ناونا محەمەد و ئەویتری ناونا ئەحمەد، وا دەیبینی ئومێد و نزاکەی لەو دوو کوڕانەیدا دێتەجێ، تکای

دەکرد خوای گەورە هەر دووکیان بکاتە دوو شەڕعناس و زانا هەروەك چۆن نزای دەکرد و ئومێدی دەخواست.

بەڵام مردن هەر زوو بەرەو ڕووی هات و کاتێك دوو کوڕەکانی هێشتا منداڵ بوون ئەو گیانی سپارد، جا – پێش مردنی – هەر دوو منداڵەکەی کردە سپاردەی هاوڕێیەکی چاك و سۆفی کە لە چاکەکاران بوو. بە هاوڕێیەکەی وت: من زۆر بەداخم لەسەر ئەوەی لە چارەنووسمدا نەنووسراوە شارەزابم لە ئاینداـ بەڵام ئەوەندە هەیە ئومێد دەکەم ئەوەی من لەدەستم داوە ئەو دوو منداڵەم پێی بگەن.. بۆیە بەپێی تواناکەت فێریان بکە و ئەم ڕێگەیەیان بۆ ئاسان بکە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو میراتەش خەرج بکەی لەمەدا کە بۆیان بەجێی دەهێڵم.

کاتێك مرد" پیاوچاکەکە دەستی کرد بە فێرکردنیان بە گشت ڕێگە گونجاوەکان، جا خێرا ئەو میرات و سامانە کەمەی باوکیان بۆیان بەجێیهێشتبوو تەواو بوو، پیاوچاکەکەش هەژار بوو و جگە لە قوتی ڕۆژانە هیچی تری نەبوو.. بۆیە بەوانی وت: بزانن من ئەو سامانەم بۆتان خەرج کرد کە بۆتان بەجێمابوو. هەروەك دەبینن من زۆر هەژار و نەدارم، هیچ سەرمایەیەکی زیادم نییە کە گوزەرانی ئێوەی پێ چاك بکەم و دڵ و دەروونتان پێی ئاسودە بکەم... بەڵام من وام پێباشە ڕووبکەنە قوتابخانەی

زانستخوازان، ئەمەش قوتی پێویستتان بۆ دابین دەکات... ئەوانیش وایان کرد[1].

سەبارەت بە ئەبو حامد، ئەوا بە تەواوی ڕوویکردە خوێندنی زانستە شەڕعییەکان و لێکۆڵینەوەیان، بە هێمنی و زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەر لێی تێیدەگەیشت، خێرا لە نێو هاودەمەکانیدا هەڵکەوت و دەرکەوت و بووە جێگای سەرنجی هەموویان.

دەربارەی ئەحمەدی براکەی، ئەوا ڕوویکردە ڕێگەکانی پاکسازی دەروون و خواپەرستی و گۆشەگیری، تا بە پیاوچاك ناوبانگی دەرکرد و بەردەوام ئامۆژگاری دەکرد و بە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی ناسرا[2].

محەمەد ئەبو حامدی غەزالی لە سەرەتادا ڕوویکردە جورجان (شارۆچکەیەکی بچوك و نزیکە لە توس)، لەوێ وانەی خوێند لە خزمەت پێشەوا ئەبو نەسرِ ئیسماعیلی، زۆرێك لە زانیاری و زانستی جیاوازی لێ وەرگرتووە و لە دوو توێی سەرنجەکانیدا دەینووسی (کە هاوشێوەی پەڕاوی یادگاربوو).

---

(١) طبقات الشافعية للسبكي ٦/ ١٩٣ و ١٩٤.

(٢) شذرات الذهب لابن العماد ٤/ ٦٠.

جارێكيان پێشەوا غەزالی کە لە ڕێگادا بوو بەرەو توس دەڕۆیشت، کۆمەڵێك چەتە و ڕێگر لێی دەرکەوتن، ڕووتیان کردەوە لە هەرچییەك کە پێی بوو، دواتر وازیان لێهێنا تا بەڕێگەی خۆیدا بڕوات، ناوبراو دەڵێت: ڕۆیشتم تا پەڕاوی یادگاری و سەرنجەکانم لێیان وەربگرمەوە، سەرکردەکەیان ئاوڕی لێدامەوە و وتی: بوەستە و بگەڕێوە ئەگەرنا تیادەچی!.. پێم وت: تکات لێدەکەم لەبەر خاتری ئەوەی داوای شیفای لێدەکەی پەڕاوی یادگاری و سەرنجەکانم بۆ بگێڕیەوە، ئەوە شتێك نییە ئێوە سوود و کەڵکی لێ ببینن.

بە منی وت: ئایا سەرنج و یادگاریەکانت چین؟

وتم: چەند کتێبێك لەم گونیەیە دان، گەشت و سەفەرم کردووە تا گوێیان بۆ بگرم و بینووسمەوە و زانستەکەی بزانم.

سەرکردەی چەتەکان بە پێکەنینەوە وتی: چۆن بانگەشەی ئەوە دەکەی تۆ زانستی نێو ئەم کتێبانە دەزانی، لە کاتێکدا ئێمە لێمان بردووی، بەمەش بەبێ زانست ماویتەتەوە؟!... دواتر فەرمانی بە هەندێك لە هاوەڵانی کرد و گونیەکەیان ڕادەستکردمەوە.

غەزالی وتی: ئەوە لێکۆڵەرێکە خوای گەورە ئەوی هێناوەتە گۆ بۆ ئەوەی ڕێنوێنی من بکات لەم کارەمدا. کاتێك گەیشتمە (توس) بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆم سەرقاڵ کرد تا گشت ئەو سەرنجانەم لەبەرکرد کە نووسیبووم، واملێهات

ئەگەر جارێکی تر چەتەکان ڕێگەیان لێبڕیبووبام ئەوا لە زانستەکەم دانەدەماڵرام[1].

دواتر ڕۆیشتە نیسابور و لە خزمەت ئیمامی حەڕەمەین عەبدولمەلیك جوەینیدا مایەوە و زۆر هەوڵ و کۆششی کرد تا بووە بلیمەت لە فیقه و زانستی ڕاجیایی و مشتومڕ و بنەماکانی ئایین و بنەماکانی فیقه، زۆر بە وردی زانستی ژیربێژی و فەلسەفەی خوێند، دانایی و حیکمەتیشی خوێند و هەڵوەستەشی لەسەر ڕێبازەکانی کرد.

لەم قۆناغەدا وەك قوتابیەکی ئیمامی حەڕەمەین ناوبانگی دەرکرد، وتراوە: ئیمامی حەڕەمەین شانازی پێوە دەکرد و وەسفی دەکرد بەوەی دەریایەکی قوڵە. بەڵام ئەوەندە هەیە هەندێك لە خەڵك دەیانوت: لە ڕووکەشدا خۆی پێهەڵدەکێشا، لە ناخیشدا بە تایبەتمەندییەکانی دڵتەنگ دەبوو.

ئەم قۆناغە گوزارشتی دەکرد لە گەوهەر و قۆناغی زێڕینی پێگەیشتنە زانستییەکەی، جا خۆی یەکلاکردەوە بۆ کتێب دانان لە زانستە جیاوازە عەقڵی و نەقڵییەکاندا" یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی سەرنجی دونیای ڕاکێشا بۆ دانراو و کتێبەکان و هانی خەڵکیدا تا ڕووی تێبکەن، ئەوەیە کە پێشەوا سوبکی باسی دەکات، لەوەی زۆر زیرەك و خاوەن ڕوانینی دروست و پەیی پێبردن و هێزی لەبەرکردنی گەلێك زۆر بووە، ڕۆیشتبووە نێو قوڵایی مانا

---

(1) طبقات الشافعية للسبكي ٦/ ١٩٥.

وردەكان و بەخۆیشی دەریایەكی قوڵ بوو، زۆر بلیمەت بوو لە مێزگەرد بەستن و گفتوگۆ و خستنەڕووی بەڵگەدا[1].

كاتێك ئیمامی حەڕەمەین گیانی سپارد، ئەوا پێشەوا غەزالی لە نیسابور هاتە دەرەوە و ڕوویكردە معەسكەر (شوێنێكی نزیكە لە نیسابور)، ڕۆیشتە لای وەزیر نیزام مولك و لە مەجلیسەكەیدا دادەنیشت، ئەویش شوێنی كۆبوونەوە و پەناگەی زانستخوازان بوو، لەوێ گفتوگۆ و مێزگەردی لەگەڵ زۆرێك لە پێشەوا و زانایاندا كرد و بەسەر دژەكانیدا سەركەوت، هەمووان دانیاننا بە هێزی ڕووبەڕووبوونەوە و درەوشاوەیی بەڵگە و قوڵی زانست و زانیاریەكانی. نیزام مولك ئەركی وانەوتنەوەی پێبەخشی لە قوتابخانەی نیزامیەدا، كە ئەو كات یەكەم زانكۆ بوو لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بارەگاكەی لە بەغداد بوو.

پێشەوا غەزالی بۆ ماوەیەك ماوە لەسەر وانەوتنەوە لە قوتابخانەی نیزامیەدا. بەمەش پێگە و ڕێزی زۆر گەورە بوو لە سینگی خەڵكی سادە و تایبەتدا، وایلێهات نموونەی پێدەهێنرایەوە لە بلیمەتی زانستیدا و لە گشت وڵاتاندا كۆچ دەكرا بۆ لای ئەو، كتێبەكانی لە ئاسۆكاندا بڵاوبوونەوە[2].

---

1) سەرچاوەی پێشوو ٦/ ١٩٦.
2) شذرات الذهب ٤/ ١٢، و طبقات الشافعية ٦/ ١٩٧، و مختصر تاريخ دمشق ٢٤.

وا دەردەکەوێ لەو ماوەیەدا، پێشەوا غەزالی گەرم و گوڕ بووبێ لەسەر چالاکییە زانستییە جیاوازەکان لە دانانی کتێب و مێزگەرد بەستن و وانەوتنەوە و بەدواداچوون کردن بۆ ڕێباز فەلسەفییە بەناوبانگەکان، ئەمەش بە پاڵنەری حەزی دەرکەوتن و گەڕان بەدوای ناوبانگ و زاڵبوون بەسەر دژەڕاکانیدا، هەروەك ناوبراو ئەمە لەبارەی خۆیەوە باس دەکات لە ژیاننامەی خۆیدا لە کتێبەکەیدا (المنقذ من الضّلال)[١]، تەنانەت بەخۆی سەرسام بوو بە ئەندازەی ئەوەی بەسوك سەیری دژەڕاکانی یان کەسانی تری دەکرد!..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی ڕاستی و بەرگریکار بوو لە ئایین، تەپ و تۆزی گومانەکانی لەناودەبرد بە بەڵگە سەلمێنەر و دەمکوتکەرەکان، بەرگری لە بیروباوەڕی ئیسلام دەکرد بە بەرپەرچدانەوەی فەلسەفە جیاوازەکان. بە ڕستەیەکی پوخت: خوای گەورە لە زمان و ڕوونبێژی و زانستەکانی غەزالی بەرگریکارێکی فەراهەم کرد لە ئاینی خوا بە بەڵگەی زانستی قەناعەتکار.

لەناکاو دۆخێك لە هەستکردن بە بێزبوونەوە لەوەی تێیدایە خۆی بەدەروونیدا کێشا، خاوبوونەوەیەکی تووش هات، کە نەیویست لەو کارە بەردەوام بێ کە ئەوی گەیاندۆتە لوتکە، ڕێز و پایەکەی دڵی خەڵکی سادە و تایبەتی داگرتووە و هەموویان پێی سەرسامن، خۆی لە گشت ئەم شکۆ و پایەدارییەی داڕناند، لە پێشەنگە زانستییەکە دابەزی کە دایگرتبوو، پۆشاکی

---

(١) سەرچاوە ناوبراوەکان.

هەژارانی لەبەرکرد و ڕۆیشتە سەر ڕێبازەکەی ئەوان، پشتی لە قوتابخانەی نیزامیە و ئەو شتانە کرد کە تێیدا بوو، ڕۆیشتە دەرەوە بە مەبەستی حەج کردن بۆ ماڵی خوا. ئەمەش لە ساڵی چوار سەد و هەشتا و هەشتدا بوو.

ئینجا سەردانی بەتولموقەدەسی کرد، دواتر گەڕایەوە و لە دیمەشق جێگیر بوو، بارەگانی خۆی لە لای خوارەوەی منارەی خۆرئاوا لە مزگەوتی ئەمەوی دانا.. هەندێك جار سەردەکەوت و شوێنی خۆی لە سەرەوەی منارەکەدا دەگرت.. کۆی ئەو ماوەیەی لە نیشتمانەکەی دوورکەتەوە نۆ ساڵ بوو. زۆربەی ئەو ماوەیەی لە دیمەشقدا بەڕێکرد و خۆی بە پۆشاکی کەسێکی سادەی هەژار دەردەخست، ئەو کاتە کتێبە ناودارەکەی دەنووسی (إحياء علوم الدين).

هەر کاتێك تێبینی ئەوەی دەکرد کەسانێك لە دەوروبەری درکیان کردووە بە هەندێك لە تایبەتمەندیە زانستییەکانی، جا خەریکە ناوبانگیان لە نێودا دەربکات، ئەوا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەو کەسانە و لە شارۆچکەکە خۆی وون دەکرد، پاشان بە ڕووکەشێکی تر لە هەژاری و نەداری دەگەڕایەوە شارۆچکەکە، بەجۆرێك کە ناوبانگەکەی لەبیرکراوە، گۆشەگیر بوو و سەرقاڵی خواپەرستی و زیکر کردن بوو، مەشقی بە دەروونی خۆی دەکرد بە هۆکارەکانی پاکسازی کردن و خاوێنکردنەوە لە پیسی و پۆخڵییەکان، بەردەوامیش بوو لە دانانی کتێبەیدا (إحياء علوم الدين).

ئیبن عیماد لە کتێبەکەیدا (شذرات الذهب) لە ئەبو بەکری ئیبن عەرەبی زانای ناوداری مالیکی گێڕاوەتەوە و وتویەتی: بینیم پێشەوا غەزالی لە وشکانی و چۆڵەوانیدا دەگەڕا، گۆچانێکی بەدەستەوە بوو و پۆشاکێکی پینەکراوی لەبەردا بوو و کوندەیەکی ئاوی لەسەر شانی بوو!.. کەچی پێشتر لە بەغداد بینیبووم نزیکەی چوار سەد مێزەر بەسەر لە خەڵکی گەورە و پایەدار ئامادەی وانەکانی ئەو دەبوون و زانستیان لێی وەردەگرت.. دەڵێت: لە پێشەوا غەزالی نزیك بوومەوە و سڵاوم لێی کرد و پێم وت: ئەی پێشەوا وتنەوەی وانەی زانست لە بەغداد چاکتر نییە لەمە؟.. بە توڕەییەوە سەیری کردم و وتی: کاتێك خۆری بەختەوەری لە خولگەی ویست، یان وتی: لە ئاسمانی ویستدا دەرکەوت، خۆری گەیشتن بە خوا لە خۆرئاواکانی بنەماکاندا نەوی بوو:

ترکت هوى ليلى وسعدى بمعزل وعدتُ إلى مصحوب أول منزل

ونـــــادتني الأشواقُ مهـــلاً فهذه مـــــنازل مَن تهوى رويدك فانزِلِ

غزلت لهم غزلاً رقيقاً فلم أجـــد لغـزلي نسّاجا فكسرت مغـزلي[١]

واتە: لە ئێستاوە کار دەکەم بە دڵسۆزانە بۆ خوا، واز لەم دونیایە دەهێنم بە هەموو ئەو شتانەی تێیدایە. خولیاکان بانگیان کردم و وتیان بوەستە، ئەمانەماڵی ئەوانەن کە پێی سەرسامی کەواتە دابەزە. کاتێك لە بەغداد بووم

---

١) شذرات الذهب ٤/ ١٢.

زانستی وردم بۆ ئەوان ڕست، هیچ جۆرە ڕستنێکم بەدەست نەکەوت تا ئەو زانستەی ئێستام بۆیان بڕێسم بۆیە تەشیەکەم شکا.

دواتر بارگەکەی تێکنا و گەڕایەوە نیشتمان و شوێنی لەدایکبوونەکەی لە (توس)، سەرقاڵی زیکر و بیرکردنەوە بوو، بە هەرچییەك کە هەیەتی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئایندە و بەجێهێشتنی دونیای کاتی، ماڵەکەی واڵاکرد بە سینگی فراوانەوە بۆ میوانان و ئەوانەی ئامۆژگاریخواز و زانستخوازن... خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ویستی وابوو دانراو و کتێبەکانی لەم قۆناغەدا زۆر زیاتر بڵاو ببنەوە و بەتایبەت ئەم دوو کتێبانەی (إحياء علوم الدين) و (الأربعين في أصول الدين). ئەو کاتە دەسەڵاتی وەزاری کەوتبووە دەست ئەو کەسەی کە بە نازناوی خاوەن شکۆ فەخری مەلیك جەمالی شوهەدا ناوی دەهێنرا. ناوبراو گوێبیستی پێگە و پایە مەزنەکەی پێشەوا غەزالی ببوو، بۆیە لە خوڕاسانەوە بەڕێکەوت بۆ خزمەت پێشەوا غەزالی بە مەبەستی زیارەتکردن و تەبەڕوك پێکردن و سوود لێبینینی. جا دوای ئەوەی پێشەوای بینی و گوێبیستی وتەکانی بوو و کاریگەر بوو بە پەند و ئامۆژگاریەکانی، ئەوا پێگەکەی زۆر زیاتر مەزنتر بوو لە ناخیدا، پاشان زۆر تکای لێکرد و بە پێداگیریەوە داوای لێکرد هەناسە و وشەکانی با بە نەزۆکی نەمێننەوە بێ ئەوەی سوودی لێببینرێ، ، زۆر بە گەرم و گوڕی پێشنیازی بۆ کرد بچێتە نیسابور و ببێتە مامۆستا لە قوتابخانەی مەیمونەی نیزامی.

غەزالی هیچ چارەیەکی تری نەبینی جگە لە وەڵامدانەوە و بەدەمەوەچوون نەبێ، کاتێك بینی ئەم داواکارییە فەرمانێکە لەلایەن کاربەدەستانەوە، بۆیە گەڕایەوە بۆ وانەوتنەوە و بۆ ئەو دۆخەی تێیدا بوو لە سوودگەیاندن بە زانستخوازان و عاشقانی ڕێگای زانست، بەڵام بێ گەڕانەوە بۆ هیچ شتێك لەو سیفەتانەی کە پێشتر هەیبوو و دواتر فرێیدا بوون لە داواکردنی ناوبانگ و پلەوپایە مشتومڕکردن لەگەڵ هاودەمان و دەمەتەقێ کردن لەگەڵ نکۆڵیکار و خۆبە شەڕعزانەکان.

ئیبن عەساکر لە عەبدولغافری کوڕی ئیسماعیلی فارسیەوە کە هاوچەرخی غەزالی بووە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: کاتێك غەزالی گەڕایەوە قوتابخانەی نیزامیەی نیسابور، ئەوا چەندین جار سەردانم کرد، سەرنجم دەدا ئاخۆ ئەو سیفەتانەی هەیبوون لە خۆهەڵکێشان بەسەر هاودەمان و سەیر کردنیان بە چاوی کەم و سوك هێشتا تێیدا ماون.. بەهۆی لەخۆبایی بوونی بەو توانا فراوانەی پێبەخشرا بوو لە ژیربێژی و قوڵبوونەوە لە زانستە عەقڵی و خێرایی درك پێکردن و دەربڕینی جوان، جا بینیم ئێستا سیفەتەکانی دژن لەگەڵ هەموو خەسڵەتەکانی پێشووی، ئێستا لێبوردە و نەرم و نیان و خۆبەکەمزان و پاکە لە گشت ئەو خەسڵەتە پەست و نزمانە.

عەبدولغافر وتویەتی: لە دەروونمدا وا گومانم دەبرد کە غەزالی بە فێڵ وا خۆی دەردەخات، بە ڕووکەش بەجۆرێك خۆی پیشان دەدات کە لە ناخدا وا

نییه، ئەمەش بە مەبەستی خۆ جوانكردن و بەدەستهێنانی ستایش و پێداهەڵدانی زیاتر. بەڵام من دڵنیا بوومەوە شتەكە پێچەوانەی ئەم گومانانەیە و ئەو پیاوە بە تەواوی لە شێتی بە ئاگا هاتۆتەوە.

ناوبراو وتویەتی: پرسیارمان لێكرد لەبارەی ئەوەی چ شتێك پاڵیناوە تا لەماڵەكە بێتە دەرەوە و بگەڕێتەوە سەر كاری وانە وتنەوە لە قوتابخانەی نیزامیە لە نیسابور لەسەر ئەو داوایەی ئاڕاستەی كرا، غەزالی لەوەڵامدا وتی: من هەرگیز بە دروستم دانانەوە لە ئاینەكەمدا لە بانگەواز كردن و سوودگەیاندن بە قوتابیان بووەستم، لەسەرم پێویستە ڕاستی بڵێم و بانگەوازی بۆ بكەم و ڕایبگەیەنم[١].

پاشان غەزالی وازی لە وانەوتنەوە لە قوتابخانەی نیزامیەی نیسابور هێنا، گەڕایەوە ماڵەكەی و لە تەنیشت ماڵەكەیدا قوتابخانەیەكی بۆ زانستخوازان و ناوەند یان ماڵێكی بۆ سۆفییەكان دروستكرد. كاتەكانی خۆی دابەشكرد لەسەر خوێندنەوەی قورئان و خەتمكردنی و دانیشتن لەگەڵ خاوەن دڵە زیندووەكان و دانیشتن بۆ وانەوتنەوە و خۆسەرقاڵ كردن بە فەرموودە و دانیشتن لەگەڵ خێزانەكەی و لێكۆڵینەوەی هەر دوو سەحیحەكە (سەحیحی بوخاری و موسلیم). زەهەبی و ئیبن عەساكر و جگە لەوانیش وتویانە: ئەگەر تەمەنی

---

(١) تبيين كذب المفتري لابن عساكر ٢٩٤ و ٢٩٥.

درێژتر بووبا و ماوەیەكی تر ژیابووبا ئەوا بە چەند ڕۆژێكی كەم كە تەرخانی بكردبا بۆ ئەم زانستە ئەوا لەم هونەرەشدا پێش هەر هەمووان دەكەوت[1].

بەڵام مردن زووهات و مۆڵەتی نەدا، جا لە ڕۆژی دوو شەممە لە چواردەی جەمادی دووەمی ساڵی پێنج سەد و پێنج گیانی سپارد.

نەوەی ئیبن جەوزی لە باپیرەی دەگێڕێتەوە، كە ئەحمەدی برای پێشەوا شافیعی وتویەتی: لە كاتی بەیانی ڕۆژی دوو شەممە، ئەبو حامدی برام دەستنوێژی گرتەوە و نوێژی كرد، وتی: پێویستە كفن بپۆشم. جا كفنەكەی بەدەستەوە گرت و ماچی كرد و خستیە سەرچاوەكانی، ئینجا وتی: گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم بۆ چوونە خزمەت پاشای باڵادەست كە خوای مەزنە. ئینجا قاچەكانی ڕاكێشا و ڕوویكردە ڕووگە و پێش چێشتەنگاو گیانی پاكی سپارد، خوای گەورە گیانی بەرز و پیرۆز بكات[2].

(١) سير أعلام النبلاء ١٩/ ٣٢٥ و ٣٢٦، وتبيين كذب المفتري ٢٩٦، و طبقات الشافعية لابن السبكي ٦/ ٢١٠.

(٢) طبقات الشافعية ٦/ ٢٠١.

## گەواهی دیارترین ئەوانەی ژیاننامەی ئەویان نووسیوەتەوە یان قسەیان لەسەر کردووە

شێخ عەبدولغافری کوڕی ئیسماعیلی فارسی لەبارەیەوە وتویەتی: ((.. ئەبو حامدی غەزالی بەڵگەی ئیسلام و موسڵمانانە، پێشەوای پێشەوایانی ئاینە، چاوەکان کەسانی هاوشێوەی ئەویان نەبینیوە لە قسەزانی و ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی و بەهێزی بیر و زیرەکی و سروشتەوە)) دواتر بەردەوام بووە لە خستنەڕووی ژیاننامەکەی[1].

ئیبن عەساکر لەبارەیەوە وتویەتی: ((بەڵگەی ئیسلام و موسڵمانان بوو، پێشەوای پێشەوایانی ئایین بوو، چاوەکان کەسانی هاوشێوەی ئەویان نەبینیوە لە قسەزانی و ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی و بەهێزی بیر و زیرەکی)). ئەمەی لە مێژووەکەی خۆیدا وتووە، بێ ئەوەی لە شێخ عەبدولغافر فارسیەوە بیگوازێتەوە[2].

---

(١) تبيين كذب المفتري ٢٩١، وطبقات الشافعية ٦/ ٢٠٤.
(٢) مختصر تاريخ دمشق ٢٣/ ١٩٨.

زەهەبی ژياننامەی ئەوی نووسيوە، جا وتويەتی: ((شێخ و پێشەوا و دەريای زانست و بەڵگەی ئيسلام و سەرسوڕهێنی سەردەم بوو، ناوی زەينەددين ئەبو حامد محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی توسی شافيعی غەزالييە، خاوەنی چەندين کتێب و نووسينە و زيرەيەکی بی ئەندازەی هەبووە))[١].

تاجەددين عەبدولوەهابی سوبکی ژياننامەی ئەوی نووسيوە و وتويەتی: ((بەڵگەی ئيسلام و ڕووگە و ڕێنيشاندەری ئاينە کە بەهۆيەوە مرۆڤ دەگات بە ماڵی ئاشتی و سەلامەت، زانستە جياوازەکانی کۆکردبووەوە، هەڵکەوتوو بووە لە زانستە نەقڵی و عەقڵييەکاندا، زانايان هەوڵيان داوە پێی بگەن بەڵام نەگەيشتوونەتە ئاستی ئەو، لە ئاست سنووری هيچ پرسێك نەوەستاوە کە زانايانی پێشتر لە ئاستيدا وەستابوون و زانايانی هاوچەرخيش دەستيان بە تاوتوێکردنی کردووە[٢].

کاتێك پرسيار لە شێخی پێشەوا عەلی کوڕی عەبدولکافی سوبکی کرا لەبارەی پێشەوا غەزالەوە، ئەوا وتی: ((مرۆڤ چی لەبارەی غەزالی و پلەوپايە و

---

١) سير أعلام النبلاء ١٩/ ٢٢٢.

٢) طبقات الشافعية ٦/ ١٩١.

ناوەكەیەوە بڵێت، لە كاتێكدا زەویان داگرتووە، ئەوەی شارەزای وتەكانی بێ دەزانێ لەسەرووی ناوەكەیەتی))[١].

پرسیار لە سەیدی مەزن ئەبو عەبباسی مورسی شێخ ئیبن عەتائەڵای سەكەندری كرا لەبارەیەوە، لە وەڵامدا وتی: ((من گەواهی بۆ ئەو دەدەم بەوەی خاوەنی ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتی هەرە مەزن بووە))[٢].

ئیبن نەجار قسەی لەسەر كردووە، جا وتویەتی: ((ئەبو حامد پێشەوای شەڕعناسانە بە ڕەهایی، خواناسی ئوممەتە بە یەكدەنگی، كۆششكاری سەردەمی خۆی و سەرچاوەی زانستی كاتی خۆی بووە. زۆر بلیمەتانە هەڵكەوت لە زانستەكانی مەزهەب و بنەما و ڕاجیایی و مشتومڕ و ژیربێژیدا، لێكۆڵینەوەی لە دانایی و فەلسەفەدا كرد، لە وتەكانیان تێگەیشت و هەڵسا بە بەرپەرچدانەوەیان. جا زۆر زیرەك بوو، پەیی پێبردنی گەلێك بەهێز بوو، بیرتیژ بوو، دەچووە قوڵایی مانا و مەبەستەكانەوە))[٣].

سەبارەت بەوانەی توانجیان لێی داوە، ئەوا كەمینەیەكن. ئەوانیش پلەیان جیاوازە لە تۆمەتباركردن و توانج لێداندا.

---

١) طبقات الشافعية ٦/ ٢٥٣.
٢) سەرچاوەی پێشوو ٦/ ٢٥٧.
٣) سير أعلام النبلاء ١٩/ ٣٣٥.

دیارترینیان ئەمانەن: پێشەوا ئەبو عەبدوڵای مازەری مالیکی مەغریبی و ئەبو وەلید محەمەد تەرتوشی مالیکی و شێخ تەقیەددنی ئیبن صەڵاح و قازی عیاز. ئەبو بەکری ئیبن عەرەبی یەك وشەی هەیە کە ناوبانگی دەرکردووە لە توانجدان لە پێشەوا غەزالی، جگە لەمە هیچ ڕەخنەیەکی تری ئەوم نەبینیوە. ئەویش ئەم وتەیەتی: ((شێخمان ئەبو حامدی غەزالی فەیلەسوفەکانی قوتتدا، ویستی بڕشێتەوە و دەریانهاوێژێ، کەچی نەیتوانی))[١].

هەروەك وتم بەیەکەوە گوێ دەگرین بۆ پوختەی ئەم توانجە جیاوازانە، بەویستی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ تاوتوێیان دەکەین.

---

() هەمان سەرچاوە ١٩/ ٣٢٧.

# بۆچی غـــــــەزالی لەناكاو پشتی كردە پلەوپایە و ناوبانگ لە بەغداد و هاتە نێو ڕێڕەوی خۆبەكەمزانی و دونیـــابەكەمزانانەوە؟

وتەیەكی بچوك كە غەزالی لەسەر خۆی وتویەتی وەڵامی ئەم پرسیارە مەزنە دەداتەوە: ((داوای زانستمان كرد بۆ جگە لە خوای گەورە، بەڵام زانست ئەوەی ڕەتكردەوە كە بۆ جگە لە خوای گەورە بێت)).

غەزالی كە لە لوتكەی پایە زانستی و هێزە ڕوونبێژی و قووڵی هزریەكەیدا بوو، زمانێكی بەرگریكار بوو لە بیروباوەڕ و بنەما و حوكمەكانی ئیسلام، گشت ڕێچكەكانی بۆ ئەم مەبەستە گرتنەبەر: ڕێچكەی فیقهی و كەلامی و فەلسەفی، پشتی بەست بەو چەكەی كە پێی بوو ئەویش مێژگەرد و مشتومڕ بوو.. بەڵام لە میانەی ئەمەدا لە قوڵایی ناخیدا هەستی دەكرد ئەو ئەمە بەكاردەهێنێت بۆ دروستكردنی پێگەی درەوشاوەی خۆی لە نێو خەڵكدا و تا بەسەر هاودەمانیدا سەر بكەوێت. هەروەها بۆ ئەوەی ناوبانگەكەی بگاتە ئاسۆكان.. بەمەش تێكگیرانێكی توونـد دروست بوو لە نێوان ئەوەی زانیاری و زانستە جۆراو جۆرەكان بۆی دەچوون و ئەویش فێری خەڵكی دەكرد و مشتومڕی پێدەكرد، لەگەڵ ڕاستییەكانی ئایین كە بانگەواز دەكات بۆ فڕێدانی هۆكارەكانی

باڵادەستی نواندن لە زەویدا و خۆهەڵكێشان بەسەر هاوشان و هاودەمانیدا، و دووركەوتنە لە مشتومڕ و دەمەتەقێ بەهۆی شوێنكەوتنی حەزەكانی دەروون، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بەدەستیەوە دەیناڵاند لە حەز كردن لە ناوبانگ و خۆهەڵكێشان بەسەر ئەوانی تردا، و هەستی بەكەمزانین و بە سوك دانانی ئەوان.

ئەم تێككگیرانە كاریگەری مەزنی لەسەر ناخی ئەو دانا، ئەمەش كاریگەریەكی وێڵكار و پەرتكەرە !.. كەواتە ئەو تێشووەی گفتوگۆی پێ لەگەڵ خەڵكدا دەكات و مشتومڕی پێ لەگەڵ سەرگەردانان دەكرد، بانگی دەكات بۆ پێچانەوەی حەزەكانی دەروون و پشتكردنە كێبڕكێ كردن لەگەڵ ئەوانی تر و لێكۆڵینەوە لە هۆكارەكانی ناوبانگ و شكۆ، لە كاتێكدا دەروونی ڕایدەكێشا بۆ پیادەكردنی حەزەكانی تا ببێتە ئەستێرەی یەكەم لە نێو هاوشان و هاوتاكانیدا.. عەقڵە ئیسلامییە درەوشاوەكەی پاڵپشتی ئەو بانگەوازە دەكات كە ڕاستییە ئیسلامی و ئیمانییەكان بانگی بۆ دەكەن و بەرگریان لێ دەكەن، بەڵام دەروونە فەرمانكەرەكەی بە خراپە بە لای حەز و خەونەكانیدا دەڕووات كە بەدوایاندا دەگەڕێت.. غەزالی لە نێو ئەم مەیدانەی پەرتبوونە لە نێوان ئەم دوو هێزە كێشكارە دژیەكە سەرنجیدا، بینی بۆچوونە زانستییەكانی زۆر لاوازترن لەوەی زاڵ بن بەسەر حەزە دەروونیەكانیدا، بۆی دەركەوت موسڵمان نابێتە موسڵمانی ڕاستەقینە بە ڕەنگ و هەڵسوكەوتی ڕووكەشی، لە ڕێگەی پڕكردنی عەقڵ لە ڕاستی و زانیاریە ئاینیەكان، (سەرباری ئەوەی ئەمە

کردارێکی بنچینەیی دەبێ هەبێ) بەڵکو موسڵمانێتی ڕاستەقینە لە ڕێگەی پەروەردە بەدەستدەخرێت، بواری پەروەردەش هەست و سۆز و ویژدانە، نەوەك عەقڵ و بیر.. ئەمەی زانی لە پێناسەکەیان بۆ پەروەردە بەوەی: ملکەچکردنی سۆزە بۆ بڕیارەکانی عەقڵ.

پێشەوا غەزالی ناڵاندی بەدەست ئەم ململانێیەی هەیبوو لە نێو عەقڵە ئیمانیەکەی کە بەرگری لە ڕاستی دەکرد لەسەر بەرزترین ئاستە زانستی و ژیربێژی و پەیڕەوییەکان، لەگەڵ دەروونە فەرمانکەرەکەی بە خراپە و پەستی کە بەدوای بەدەستهێنانی ناوبانگ و پلەوپایەی ئاینی و خۆهەڵکێشان بەسەر ئەوانی تردا دەگەڕا.. جا ناوبراو زانی هیچ چارەسەرێك نییە بۆ دەربازبوون لەم ململانێیە، کە جێگای ڕەزامەندی عەقڵ بێ، تەنها دەرمانی پەروەردە نەبێ، کە بەهۆیەوە دەروونی خۆی پێ پەروەردە بکات تا لە بەدواداچوون بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان وەربچەرخێ بۆ ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی عەقڵ و بڕیارەکانی.

جا بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەم بارەوەدا، دەبوایە دەرمانەکە بەکاربهێنرایە بەوشێوەیەی بەکارهات.

خۆی گرتەوە لەو کارەی (کە بۆ خودی ئەو) تەنها ئارەزووەکانی دەروونەکەی تێر دەکرد. جا دەستی کرد بە ئەنجامدانی ئەو کارانە کە لەلای

دەروونی بێزراو بوون لە دوورکەوتنەوە لە ڕووناکییەکانی ناوبانگ و پلیکانەکانی پلەوپایە، ئینجا دەروونی خستە نێو ڕێبازێکی توند و سەخت و دوور و درێژ لە خۆبەکەمزانی و دونیابەکەمزانی و شکاندنی خۆبەگەورەزانین، دروستکردنی هەستی سەرشۆڕی و بچوکی تیایدا لە بەردەم خوادا، دواتر گونجان و خۆبەکەمزانین بەرامبەر گشت بەندەکانی خوا. جا لەبەر ئەوەی لە گرنگترین ڕێگاکانی سەرکەوتن لەمەدا، بریتی بوو لە زۆر خواپەرستی کردن و بە چاودێر زانینی خوا بە بەردەوامی و هەمیشە یادکردنەوە و زیکر کردن، ئەوا ئەمە وای پێویست کرد غەزالی دەروونی ناچار بکات بۆ گرتنەبەری ڕێبازێکی پەروەردەیی کامل کە گشت ئەمە لەخۆی بگرێت.. هەرگیز شتێکی لەم جۆرە تەواو نەدەکرا ئەگەر هاتبا و لەسەر کار و ئەرکەکانی پێشووی مابایەوە، کە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرەڕۆیی دەروونی ئەو بوون.. تەنانەت هەرگیز ئەمەی بۆ نەدەکرا ئەگەر لە نێو زانیاری و هاوەڵ و قوتابییەکانی لە بەغداد مابایەوە.

کەواتە تاکە ڕێگا کە پێویست بوو بۆ بەکارهێنانی ئەو دەرمانەی کە غەزالی پەسەندی کرد بوو بۆ ئەوەی دەروونی خۆی پێ چارەسەر بکات، ئەوەبوو کە دەبوایە یەکەم جار حەجی ماڵی خوا بکات، تا ئەمە بکاتە هەنگاوی سەرەتای خولی مەشقکردنی لەسەر ڕێگەی پاکسازی کردن بۆ دەروون، دواتر ڕوو بکاتە شوێنێك کە هیچ کەسێك ئەو نەناسێت، لەوێ بەم دەرمانە چارەی دەروونی بکات، ئەو دەرمانەی کە پێکهاتووە لە گشت ڕەگەزە پێویست و بنەڕەتیەکان، لە دونیا بەکەمزانی و خزمەتکردن و زیکر و پەرستشەکان، لە نێو تونێلێك لە

خۆ حەشاردان و گۆشەگیری و دووربوون لەو سیمایانەی دەروون خۆی پێیان هەڵدەکێشیّ، ئەمەش تا ماوەیەك کە تیایدا دەروون پاك ببێتەوە لە کەم و کورتی و کرچ و کاڵییەکان و خۆی ڕەنگ دەکات بە ملکەچی بەندایەتی بۆ خوا و تێدەگات لە بەهای کار کردن تەنها بۆ خوا نەوەك بۆ جگە لەو.

غەزالی دەروونی خۆی لەسەر ئەمە خستە ژێر مەشق و ڕاهێنانەوە، ئەمەش ئەو هۆکارە بوو کە پاڵی پێوەنا و ناچاری کرد بۆ ئەوەی ئەمە بکات.

دەتوانیت وردەکاری ئەوەی من پوختم کردۆتەوە لە دیاریکردنی دەرد و دەستنیشانکردنی دەرمان، لە بەناوبانگترین کتێبی غەزالیدا کە ناوی (إحیاء علوم الدین) بەدی بکەیت، ئەوەشت زانی ناوبراو ئەم کتێبەی لە کاتی گۆشەگیریەکەیدا نووسیوە کە تیایدا چارەی دەروونی خۆی کردووە، لەوانەیە من سنووری ڕاستی نەبەزێنم ئەگەر بڵێم: ئەم کتێبە تەنها وەسفێکی نا ڕاستەوخۆی بارودۆخی ئەوە، و تۆماری کاروباری خولە پەروەردەییەکەیەتی کە پێشەوا بە دەروونی خۆی دەیکات.

ئایا ئەوەی غەزالی کردی، تا دەروونی خۆی پاك بکاتەوە لە ئارەزووە پەستەکانی، هیچ شتێکی پێچەوانەی تێدایە لەگەڵ شەرع و نەگونجاوە لەگەڵ مەرج و ڕێوشوێنەکانی قورئان و سوننەت؟

من پێم وایە ئەگەر غەزالی بەردەوام بووبایە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پلەوپایە زانستی و پێگە کۆمەڵایەتییە دەرەوشاوەکەی، خۆی بەسەر ئەوانی تردا هەڵکێشابایە و ئەوانی بە کەم و سوك بزانیبایە، ئەوا ئەو کاتە پێچەوانەی پێوەرەکانی شەرع دەبوو، لە مەرج و ڕێوشوێنەکانی قورئان و سوننەت دەردەچوو. پێویست بەوە ناکات بەڵگە ناسراوەکان لەسەر ئەمە بخەمەڕوو.

جا ئەگەر سەلمێنرا ئەم بارودۆخەی ئەو لە ڕاستیدا و لە دەروونیدا پێچەوانەی شەرع بوو، ئەوا هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە پێویستە گشت ڕێگا شیاوەکان بگرێتەبەر بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە. ئەو یاسایەی زانستی بنەماکانی فیقه کە دەڵێت: ((ئەنجامدانی هەر واجبێك پەکی لەسەر هەر شتێك بکەوێ ئەویش واجبە)) شوێنکەوتنی ئەو ڕێگایانە بەپێویست دەزانێ، مادەم ڕەوا بن و لە بنەڕەت و لە خودی خۆیاندا قەدەغە نەبن. جا لە کاتی وردبینی و لێکۆڵینەوە لەوەی پێشەوا لەو ساڵانەی گۆشەگیری خۆیدا دەیکرد و ڕاهێنانی بە دەروونی خۆی ئەنجام دەدا لەسەری، دەبینین یان پەرستشێکی دەکرد یان سەرگەرمی زیکر و بیرکردنەوە بوو، یاخود خزمەتکردنێك بوو کە خۆی پێ چارە دەکرد و دەروونەکەی پێ تیمار دەکرد، یان سەرگەرمی نووسی کتێبی (الإحياء) بوو.

غەزالی هەر کە بینی دەروونی ڕزگار بووە لەو درك و دەردانەی کارە زانستییەکانی ئەویان تێکدەدا لە بەغداد، ئەوا گەڕایەوە بۆ سەر کاری خۆی لە

نیزامیەی نیسابور، بەڵام بە دەروونی ئارام و ڕازی گەڕایەوە نەوەك بە دەروونی فەرمانکەر بە خراپە کە بەدەستیەوە دەینالأند. جا گوێبگرە بۆ ڕوونکردنەوەکەی ئەو لەبارەی گەڕانەوەکەی چی دەڵێت:

((من دەزانم ئەگەر بشگەڕێمەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست، ئەوا هەر نەگەڕاومەتەوە!.. چونکە گەڕانەوە ڕۆیشتنە بۆ سەر شتە کۆنەکان. منیش لەو سەردەمدا ئەم زانستەم بڵاو دەکردەوە بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە و ناوبانگ، بە گوفتار و کردارم بانگەشەم بۆ دەکرد، نیاز و مەبەستیشم هەر وا بوو. بەڵام ئێستا بانگەواز دەکەم بۆ ئەو کارەی بەهۆیەوە پلەوپایە و ناوبانگ بەجێدەهێڵرێ و هەموویان دەزانن ناوبانگەکە کەوتووە و نەماوە. ئەمە ئێستا نیاز و مەبەست و ئومێدی منە. خوای گەورە دەزانێ ئەمە لە ناخمدایە. من دەمەوێ دەروونی خۆم و ئەوانی تر چاك بکەم، جا نازانم بە ئومێدەکەم دەگەم یان بەر لە گەیشتن بە مەبەستەکەم تیادەچم؟ بەڵام بە دڵنیایەوە باوەڕم هەیە من هیچ هێز و توانایەکم نییە تەنها بە خوای باڵادەست و مەزنەوە نەبێ، من نەجوڵاوم بەڵکو خوا منی جوڵاندووە، من کارم نەکردووە بەڵکو ئەو بەکاریهێناوم. بۆیە داوای لێدەکەم سەرەتا من چاك بکات، دواتر بەهۆی منەوە ئەوانی تر چاك بکات، ڕێنوێنی من بکات و پاشان بەهۆی منەوە ڕێنوێنی ئەوانی تر بکات، ڕاستیم بە ڕاستی پیشان بدات و شوێنکەوتنیشی بکاتە

بەشم، نا حەق و پوچەڵیشم بە پوچەڵ پیشان بدات و خۆدوورگرتن لێی بكاتە بەشم))[١].

## غـــــەزالی و فەلسەفە

من ناڵێم: غەزالی فەیلەسوفە، چونكە ئەگەر فەیلەسوف بووبا ئەوا بەرگری لە فەلسەفە دەكرد، بانگەوازی دەكرد بۆ لێكۆڵینەوە و خوێندنی و پشت پێبەستنی، وەك گشت فەیلەسوفە موسڵمان و نا موسڵمانەكان.. غەزالی بەرگری لە فەلسەفە نەكرد و پشتی پێنەبەست و بانگەوازیشی بۆ لێكۆڵینەوەی نەكرد.. بەڵكو فەیلەسوفە ڕۆژگارپەرست و سروشتپەرستەكانی بە گەوج و گێل دانا و بە خوانەناس و بێ دین وەسفی ئەوانی كرد، خواگەراكانیشی بە كافر دانان، كە لە دوای ناوبراوان هاتن وەك سۆكرات و ئەفلاتۆنی قوتابیەكەی و قوتابی ئەفلاتۆن: ئەرستۆتاڵیس، ئەگەرچی هەر یەك لە سۆقرات و ئەفلاتۆن زیاتر لە ئەرستۆتاڵیس لە بابەتە كوفرییەكان گلاون، جا غەزالی وەڵامی ئەوان و هاوشێوەی ئەوانی داوەتەوە. غەزالی لەبارەی ئەوەوە دەڵێت: ((.. ئەو چەند شوێنەوارێكی لاوەكی كوفر و بیدعەی ئەوانی هێشتەوە كە سەركەوتوو نەبوو لە خۆ لادان لێی، بۆیە پێویستە ئەوان و هاوشێوەكانیان لەلایەنگرە

---

(١) المنقذ من الضلال بتحقيق الأستاذ محمود بيجو ٨١ و ٨٢.

فەیلەسوفکارە ئیسلامییەکانیش تەکفیر بکرێن، وەك ئیبن سینا و فاڕابی و هاوشێوەکانیان))[١].

ئایا ئەو کەسە چۆن بە فەیلەسوف وەسف دەکرێ کە فەیلەسوفە پێشینەکانی (ڕۆژگارپەرست و سروشتپەرستەکان) بە خوانەناس و بێ دین و مولحید دانابێ، فەیلەسوفە خواگەراکانیشی بە بێ باوەڕ و گومڕا هەژمار کردبێ؟

غەزالی خۆی پابەند کردبوو بەوەی پشتگیری یان دژایەتی هیچ ڕێباز یان ئاینێك نەکات، تەنها لە دوای لێکۆڵینەوە و دەورەدان و قوڵبوونەوە لە وردەکارییەکانی نەبێ زیاتر لە شوێنکەوتووانی ڕێبازەکە... هەروەك لە ژیاننامەی خۆیدا کە لە کتێبی (المنقذ من الضلال) باس دەکات.. کاتێك چووە نێو لێکۆڵینەوە لە زانستی کەلام و شەنوکەوی کرد و کتێبی لێکۆڵەرەکانی ئەو بوارەی خوێندەوە، تێبینی ئەوەی کرد کە هزر یان ڕێبازی فەلسەڤی دزەی کردۆتە نێو کتێبەکانی زانایانی کەلام، بەتایبەت لە بواری بەرپەرچدانەوەی پوچەڵ و گەندەڵی و شوێنکەوتووانی. بۆیە هەستی بە مەترسیداری ئەو هونەرە کرد لەسەر زانستی کەلام و ئەوانەی پێی سەرقاڵن. لەبەر ئەمە بەپێی

---

١) سەرچاوەی پێشوو ٤٤.

ئەو پەیڕەوەی خۆی پێیەوە پابەند کرد ڕوویکردە لێکۆڵینەوە و قوڵبوونەوە لە فەلسەفەدا.

غەزالی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: ((دوای تەواو بوونم لە لێکۆڵینەوە لە زانستی کەلامدا، دەستم کرد بە توێژینەوەی زانستی فەلسەفە، بە دڵنیاییەوە زانیم هیچ کەسێك ناتوانێ خاڵی خراپی هەر جۆرە زانستێك لە زانستەکان دەستنیشان بکات، مەگەر خاڵی سەرەتا و کۆتای ئەو زانستە بتوێژێتەوە، تا وای لێدێت یەکسان دەبێ لەگەڵ زاناترین کەسیان لە بنەڕەتی ئەم زانستەدا، دواتر لەویش شارەزاتر دەبێ و پلەی ئەویش تێدەپەڕێنێ، جا شتانێك بزانێ کە خاوەنی زانستی ئەو بوارە نەزانێ و لە قوڵبوونەوە و چوونە بنج و بنەوانی. ئەو کاتە دەتوانێ بە ڕاست و دروستی پوچەڵی هەر جۆرە زانستێك ڕابگەیەنێ. هەر چەندە نەمبینیوە هیچ یەکێك لە زانایانی ئیسلام هەوڵ و کۆششی خۆی ئاڕاستەی ئەمە کردبێ..)) تا ئەوەی دەڵێت: ((جا زانیم ڕەتدانەوەی ڕێبازێك پێش تێگەیشتنی و شارەزابوون لە ناوەڕۆکی تیر نانە بە تاریکیەوە))[1].

کەواتە ئەو پوچەڵی و گەندەڵییە چییە بۆ غەزالی ڕوون بووەتەوە، کاتێك فەلسەفەی خوێندۆتەوە و لێیکۆڵیوەتەوە؟

---

[1] هەمان سەرچاوەی ٤١.

غەزالی لە دوو توێی کتێبەکەیدا (تهافت الفلاسفة) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە. دەتوانم وردەکاری قسە و بەڵگەکانی غەزالی پوخت بکەمەو لەسەر پوچەڵی و گەندەڵی فەلسەفەدا لەم پوختەیەی خوارەوەدا:

بەڕاستی فەلسەفە بارێکی مەزنتر لە توانای عەقڵ بە عەقڵ دەسپێرێ، دەیخزێنێتە ئەودیوی سنووری هێز و تواناکەی، بەتایبەت بە ئامانجی گەیشتنە ناوەڕۆکی ڕاستییە خواییەکان. غەزالی لە کاتی دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستیەدا عەقڵ دەکاتە گەواهیدەر لەسەر ئەمە، بە بەڵگەی ژیربێژی سەلمێنەر ئەوە دەسەلمێنێ کە زیادەڕەوی کردن لە ڕاکێشانی عەقڵ بۆ تۆڕە ئاڵۆزەکانی ئەودیو سروشت، بێ چەند و چون خاوەنەکەی دەخاتە نێو ئەندازەیەکی مەزن لە نا عەقڵانیبوون، چونکە عەقڵ وازی لێدەهێنێ، بە تەنیا جێیدەهێڵێ لە چۆڵەوانی ئەو خەیاڵانەی لەسەر بنەمای ڕازی فریودەر (وەهم) دەوەستن، خاوەنەکەی وا گومان دەبات لەسەر عەقڵ دایدەمەزرێنێ و دروستی دەکات!..

غەزالی پێچەوانەی فەیلەسوفەکان نەجوڵایەوە و هۆشداری نەدا لە تێوەگلان لە سەرگەردانی و ڕازە فریودەرەکانیان، بەوەش کەسی ژیر دابماڵێ لە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕامان — لە کاتێکدا هیچ شتێکی تێیدا لە عەقڵ بە بەهێزتر نابینێ —، ئینجا بەجێی بهێڵێت بۆ سەرگەردانیەکانی نەزانی دوور لە هەر ئامرازێك کە بەکاریبهێنێ بۆ گەیشتن بە شارەزابوون و ئاشنابوون پێی.. بەڵکو بۆ خۆی و بۆ گشت ژێرمەندانی دونیا پەیڕەوی زانستی دەستەبەرکەری

دانا بۆ گەیشتن بە زانیاری و شارەزا بوون بە گشت جۆرەکانیەوە، ئەمەش بەهادارترین شتە کە بیری غەزالی پێی جیاکراوەتەوە، بەڵکو سەنگینترین شتە کە گەشتە سەختەکەی غەزالی لە پێناو گەیشتن بە زانیاری و شارەزابوون بەرهەمی هێنا.

بەڕاستی هیچ ڕێگایەك نییە بۆ خستنەڕووی ئەم پەیڕەوەی غەزالی بە تێروتەسەلی، لە دوو توێی ئەم لاپەڕەیەدا کە تایبەتم کردووە بۆ ناساندنی ژیانی ئەم پێشەوایە بە کورتی نەوەك بە درێژی. بۆیە پەیڕەوی ئەو پوخت دەکەمەوە بەو وشە کورتبڕانەی (دکتۆر سولەیمان دونیا) لە پێشەکییە درێژەکەیدا باسی کردووە لە سەروبەندی لێکۆڵینەوەی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)، وتویەتی:

((لەوەی پێشتر خرایەڕوو دەکرێ پەیڕەوی غەزالی لە زانین و مەعریفەدا بۆ سێ بەش دابەشبکرێت:

١- زانین و مەعریفەی جیهانی نەبینراو - ئەودیوسروشت - زانین و ئاشنابوون پێی بە تێروتەسەلی تەنها لە ڕێگای سروشەوە دەبێ.

٢- زانین و مەعریفەی ژیربێژی و بیرکاری، ڕێگەی ئەمە عەقڵە.

٣- زانین و مەعریفەی ئەزموونی. ڕێگاکەی هەستەکانە. گومانبەخشە نەوەك دڵنیابەخش))[1].

غەزالی گەشتەکەی دەستپێکرد و قۆناغێکی سەختی لە گومان بڕی بۆ گەیشتنە ئەم پەیڕەوە!..

ئەو گومانەی بۆی پەیدا ببوو بەشێك نەبوو لەو پەیڕەوی بە زانین و مەعریفە دروستیکرد بوو، هەروەك هەندێك وا خەیاڵ دەکەن، بەڵکو دۆخێك بوو هاتبووە نێو بیر و هەستەکانی، دوودڵی دەکرد سەبارەت بەو بۆچوون و قەناعەتانەی عەقڵ بۆی دروست دەکرد، هەروەها دوودڵی دەکرد لەو هەستانەی لە ئەزموونی مادیەوە بۆی پەیدا دەبوو!.. ئەمەش لەو ڕۆژانە بوو کە گوێی دەگرت بۆ ڕێباز و ئاینە نەگونجاو و دژیەکەکان، کە بە هەر دوو چرای عەقڵ و ئەزموون ڕێنوێنی گشت ئەو بیرۆکە تێکگیراوانەی دەکرد.

بەڕاستی نموونەی ئەم ڕێبازە تێکگیراوانە، کە بەپێی بۆچوونی ئەو ملکەچی بڕیاری تەرازووی عەقڵ بوون لە بابەتە عەقڵیەکاندا، و ملکەچی بڕیاری تەرازووی ئەزموون بوون لە بابەتە هەستییەکاندا، ئەوا ئەمە گومان بۆ سەیرکەری ئەو تەرازووە دروست دەکات کە ئەو ڕێبازە ململانێکارانە ملکەچی بۆ دادوەریەکەی دەنوێنن، دەبێ ئەو گومانە بەردەوام بێ تا بۆ ئەم سەیرکەرە

---

[1] مقدمة الطبعة الثالثة لتهافت الفلاسفة ٤٣، تحقيق د. سليمان دنيا.

ڕوون دەبێتەوە ئەم تەرازووە عەقڵییە ئەوەندە باری لێنراوە بەهۆی ئەم ڕێباز و ئاینانەوە کە لە توانای ئەودا نییە.. ئەو کاتە دوودڵی و گومان نامێنێ لەبارەی عەقڵ و ئەو ئەزموونانەی لێی گەڵاڵە دەبن و دواتر بۆی دەگەڕێنەوە. ئەو کاتە ئەوە دەدرەوشێتەوە کە کێشەکە خۆی دەبینێتەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەرازووەکە، نەوەك لە شایستەی تەرازووەکە لە خودی خۆیدا.

ئا بەم شێوەیە گومانی زانین و مەعریفی لە ژیانی غەزالیدا دەستی پێکرد، بەهۆی زۆری گوێ گرتنی بۆ بڕیارە مەزهەبی و فەلسەفییە دژیەکەکان، هەر لە برایانی سەفا، شاراوەگەرا (باتینی)یەکان، فەیلەسوفە موسڵمانەکان، پێش ئەوانیش فەیلەسوفە خواگەراکان، تا دەگاتە فەیلەسوفە سروشتییەکان. ئا بەم شێوەیە گومانەکە کۆتایی هات و خۆری حەقیقەت بۆ دەرکەوت، کاتێك ئەوەی دەریخست ئەو ڕووناکیەی پێویستە هاودەمی خاوەنی تەرازووی عەقڵی بێ لە کاتی کرداری پەیی پێبردندا، کە تەواو هاوشێوەی ئەو ڕووناکیەیە کە پێویستە لەکاتی کرداری بینیندا بوونی هەبێ، ئەوا ئەو ڕووناکییە بەکارنەهێنراوە و پشتی پێنەبەستراوە لە لای تێکڕای ئەم ڕێباز و مەزهەب و ئاینانەوە. جا ئەگەر توێژەر پشت نەبەستێ بەم ڕووناکییە خواییە لە ئاسۆکانی گەردووندا، ئەوا هەرگیز ئازاد نابێت لە پێشوی گومانەکان یان لەو دوودڵیەی بەردەوام ئەو دەهێنن و دەیبەن.

من بەڕاستی دەڵێم: بەرچاوڕۆشنی وەك چاوە“ هەروەك تۆ ناتوانی تەنها بە چاو شتەكانی بەردەمت ببینی لەسەر شێوە و ڕووە ڕاستەقینەكەیان، مەگەر بە یارمەتی وەرگرتن نەبێ بە ڕووناكی دەرەكی هاوشێوە، وەك خۆر و هاوشێوەكانی، هەروەك تۆ ناتوانی بە ڕۆشنایی خۆت درك بكەیت بە هیچ شتێك لە نەزانراوە گەردوونیە نا بەرهەستەكان، مەگەر پشت بە ڕووناكییەكی دەرەكی هاوتا ببەستیت، ئەویش سروشی خوایی یان ئیلهامی باڵایە. ئەو ڕووناكییە ئەوەیە كە لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا هاتووە: ﴿قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ، يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ (المائدة: ٥/ ١٥ و ١٦) واتە: (بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناكیەكی ئاشكراتان بۆ هاتووە "كە محەمەدی پێغەمبەرمانە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)" هاوڕێ لەگەڵ كتێبێكی ڕوونكەرەوەدا "كە قورئانە". "بێگومان" خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنموویی ئەو كەسانە دەكات كە شوێن ڕەزامەندی خوا كەوتوون، بەرەو ڕێبازەكانی ئاشتی و ئاسوودەیی، لە تاریكاییەكان دەریان دەهێنێت و ڕزگاریان دەكات و دەیانخاتە ناو ڕووناكیەوە بەفەرمانی خۆی، ڕێنموویشیان دەكات بۆ سەر ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروستی "دینداری و خواناسیی و چاكە"). هەروەها لەم فەرمایشتەی خوایە بەرز و مەزنیشدا ئاماژەی پێكراوە: ﴿وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾ (النور: ٢٤/

٤٠) واتە: (بێگومان ئەوەی خوا نووری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نووری دەست ناكەوێت).

زۆر سەیرە كەسانێك لە نێو خەڵكدا بەدی بكەیت، درك بەوە بكات كە چاو بۆ كرداری بینن پێویستی بە ڕووناكی خۆر و هاوشێوەكانی هەیە، لە هەمان كاتدا درك نەكات بەوەی ڕووناكی سروشی خوایی و هاوشێوەكانی پێویستن بۆ بەرچاوڕۆشنی دڵ و دەروون.

★ ★ ★

زۆربەی ئەوانەی شتیان لەسەر غەزالی نووسیوە و ژیاننامەی ئەویان نووسیوەتەوە، بەراوردیان كردووە لە نێوان ئەو گومانەی دووچاری غەزالی بوو لە گەشتە سەختەكەی بەرەو زانین و مەعریفە، لەگەڵ ئەو گومانەی (دیكارت) ڕێبەری فەلسەفەی ئەزموونی لە خۆرئاوا (١٥٩٦ – ١٦٥٠ز) باسی كردووە، من ئێستا لە سەروبەندی بەراورد كردندا نیم لە نێوان ئەو گومانەی غەزالی تێیپەڕاند، لەگەڵ ئەوەی دیكارت باسی كردووە و قوتابخانەیەكی شوێنپێ هەڵگیراوی لەسەر بنیاتناوە، هەروەك دكتۆر سولەیمان دونیا و زۆرێك لە نووسەران ئەم بەراوردەیان كردووە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە سەرنجەكان ڕابكێشم بۆ ئەوەی دكتۆر مەحمود حەمدی زەقزوق لە كتێبەكەیدا: (المنهج الفلسفي بين الغزالي و ديكارت) پێیگەیشت، بەگوێرەی ئەوەی برای پرۆفیسۆر مەحمود بیجو لێیەوە گواستوویەتیەوە، لە پێشەكی

لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ کتێبی (المنقذ من الضلال)، کە تۆکمە و قایمی کردووە بە گەواهی و بەڵگەنامەکان، بەوەی دیکارت ڕێبازی ژیاننامەی خودی غەزالی گرتۆتەبەر، کە غەزالی لەبارەی سەربوردەی ژیانی خۆی نووسیویەتی، لەوەی پەیوەستە بە گەشتەکەی بەرەو زانین و مەعریفە، و ئەو گومانانەی پێیدا تێپەڕیوە، دواتر دیکارت ئەمەی وەك ڕێبازێك کە لە خودی خۆیەوە هەڵقوڵابێ پەسەند کردووە، بوونی پەیوەندی ئەمەشی بە سەرچاوە ڕاستەقینەکەی کە غەزالییە لەبەردەم چاو و بیری خوێنەرە ئەورووپییەکانی شاردۆتەوە، بە ڕووپۆشێك نەوەك بەربەستێك، لە دەستکاری کردنی هەندێك گوزارشت و گۆڕینی چەند چەمکێکی ئیسلامی بۆ چەمکە هاوشێوەکان لە چەمکە گشتییەکانی ئایین.

دواتر ئەو بەڵگەنامەیە دەرکەوت کە هیچ گریمانە و دوودڵییەکی لەم بابەتەدا نەهێشت، کە پرۆفیسۆر مەحمود بیجو لە دکتۆر زەقزوقەوە گواستویەتیەوە، لەوەی توێژەری تونسی عوسمان کەعاك ڕەحمەتی خوای لێبێ، لە کتێبخانەی دیکارت وەرگێڕدراوی کتێبی (المنقذ من الضلال) دۆزیوەتەوە، پێی وابوو وتە بەناوبانگەکەی غەزالی هەڵوەستەی بە دیکارت کرد بوو، وتەکەش ئەوەیە ((گومان یەکەم پلەی دڵنیاییە))، دیکارت هێڵێکی سوری

بەژێردا کێشا بوو، دواتر لە پەڕاوێزدا بەدەق لەسەر ئەم وتەیەی نووسیبوو: (ئەمە دەبێ بۆ پەیڕەو و بەرنامەکەمان بگوازرێتەوە)[1].

دەڵێم: توێژەری مێژووناس و فەرهەنگی پرۆفیسۆر عوسمان کەعاك ڕەحمەتی خوای لێبێ، وتارێکی لە دیداری دەیەم بۆ هزری ئیسلامی پێشکەش کرد، ئەو دیدارەی کە لە شاری عەنابەی وڵاتی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ز بەسترا، تیایدا بە تێروتەسەلی باسی ئەوەی کرد کە چۆن دیکاڕت پەیڕەو و ڕێبازی پێشەوا غەزالی گرتۆتەبەر و دزیوە و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە هی ئەوە، باسی ئەو پەڕاوێزەشی کرد کە دیکارت بە ڕێنووسی خۆی نووسیبووی. منیش بەشداربووم لەو دیدارە و یەکێك بووم لەو سەدان کەسەی کە گوێبیستی وتارەکەی بوون[2].

---

(١) المنقذ من الضلال تحقيق الأستاذ محمود بيجو نقلا عن (المنهج الفلسفي بين الغزالي وديكارت) للدكتور زقزوق ١٩، الطبعة الثانية.

(٢) کەعاك ڕەحمەتی خوای لێبێ لە میانەی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەم دیدارە کۆچی دوایی کرد، بێ ئەوەی پێشتر بە نەخۆشی یان هاوشێوەی ئەمە هۆشداری پێدرابێ، لە ژووری هۆتێلەکە بە مردووی بینرا، ئەمەش بە یەك یان دوو ڕۆژ لەو وتارەی پێشکەشی کرد. ئەو کات دیدارەکە بووە شوێنی دەربڕینی داخ و پەژارە، و بەهای زانستی مەزنی ئەو پیاوەی دەرخست، تیشکی خستەسەر ئەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کەسایەتیەکی مەزنی لە دەستدا بە مردنی ناوبراو.

# ئـــــەو تۆمەتـانەی دراونەتـە پـاڵ غـــــەزالی و بەهۆیەوە ڕەخنەیان لێگرتووە

گومان لەوەدا نییە غەزالی پارێزراو نەبووە لە خلیسکان و هەڵەکردن، هاوشێوەی تێکڕای خەڵك جگە لە پەیامبەران و پێغەمبەران نەبن. بەڵام شیاوبوونی بۆ هەڵەکردن بەپێی ئەوەی پارێزراو نییە، نابێ بکرێتە کەلێنێك تا لە میانەیدا تۆمەتی پوچەڵی بدرێتە پاڵ یان سیمایەکی لاوازی بخرێتە پاڵی بەهۆی شتێکەوە کە تێیدا نییە.

بەڵام کەسانێك هەن لە نێو خەڵکدا ئەم کارەیان کردووە، واتە تۆمەتی بێ بنەمایان داوەتە پاڵی. هەیانبوو هاوچەرخی ئەو بوو، هەشیانبوو دوای ئەو ئەم کارەیان کردووە.

لە نێو خەڵکدا کەسانێك هەن هەڵوەستەیان کردووە لەسەر چەند کەموکوری و بیرۆکەیەك لە هەندێك لە کتێبەکانیدا، لەوانەیە ئێمە پشتگیریان بکەین لەوەی ڕاستە یان ورد نییە یاخود شیاوی تاوتوێ و لێکۆڵینەوەیە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی دیاری بکەن و هۆشداری و سەرنجی لەسەر بدەن، ئەوا سزای

دراوسێیان بەهۆی ستەمی دراوسێ داوە، بڕیاری سوتان یان لەناوبردنی گشت کتێبەکەیان داوە!!..

من بەدواداچوون بۆ ئەو تۆمەتانە دەکەم کە بە ستەم دراونەتە پاڵی، ئەو کەموکوریانەی کراونەتە پاساو بۆ لێدان لە کەسانی تریش، دواتر بەسەرسوڕمانەوە دەپرسم: ئایا نەزانی ئەو کەسانەی ڕاکێشاوە تا بکەونە نێو ئەم کارە، یان ڕق و کینەیەکە کە خاوەنەکانی بە ئەنقەست بەرەو زەلکاوی ستەم پەلکێش کردووە؟

یەکێك لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی و ئەو لێی بەرییە، ئەوەیە هەندێك وتویانە غەزالی لە سەرەتای کتێبەکەیدا (المستصفى) بە کۆمەڵێك باسی ژیربێژی یۆنانی دەستپێکردووە، دواتر بۆچوونی وابووە کەسی زانا متمانە بە زانستەکەی ناکرێ، تا ملکەچی پێوەر و حوکمەکانی ئەم ژیربێژییە نەبێ، دواتر خەڵکی پابەند کردووە تا ئەم پێوەرانە بکەنە پلیکانەی گەیشتنە زانست و زانیارییەکانیان[1].

دەڵێم: گومانی زۆر ئەوەیە ئەوانە هیچ شتێکیان لەم پێشەکییە نەخوێندبێتەوە، کە غەزالی کتێبەکەی خۆی (المستصفى) پێ دەستپێکردووە، بەڵکو تەنها ناونیشانەکانیان خستۆتەڕوو، جا بەپێی ئەو خەیاڵەی بۆیان

(1) لەوانەیە دیارترین و خێراترین ئەوانەی ئەم ڕەخنەیەیان لێگرتووە لەم بڕیارەدا تەقیەدین ئیبن سەلاح بێ. بڕوانە: طبقات الشافعية ٦/ ٢٢٠.

دروست بووە بۆنی ژیربێژی و لۆژیکی یۆنانیان لێکردووە، یان هەندێك زاراوەی بەربڵاو و باویان تێدا بینیوە، بەمەش سینگیان پێ تەنگ بووە و پشتیان تێکردووە، دوای ئەوەی بڕیارێکی هەڕەمەکیان لەسەر داوە بێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی قوڵی بۆ بکەن.

خۆ ئەگەر کەمێك وەستابان و خوێندبایانەوە، ئەوا دەیانبینی غەزالی لەم پێشەکییەدا پەیڕەوێکی زانستی وردی بۆ زانین و مەعریفە داڕشتووە، کە سەربەخۆ و دوورە لە ژیربێژی یۆنانی، ئەویش ئەم پەیڕەوە ئیسلامیەیە کە شارستانیەتی عەرەبی و ئیسلامیمان ئەوپەڕی شانازی پێیەوە دەکات[1]، لەوانە جۆراوجۆری بەراوردکاری لە نێوان فرە جۆرەکان و دابەشبوونیان کە ناونراوە بە هاوتا و پێچەوانە و بەرامبەر بوون و دژبوون.. هەروەها دابەشبوونی بەراوردی نێوان دوو شتی گشتی لە پلەی گشتێتیدا، بۆ گشتی و تایبەتی ڕەها، و بۆ گشتی و تایبەتی لەلایەك... یەکێك لەو شتانە ئاماژە گەڵاڵەبووەکانە لە خواستن، ئاماژەی گەڵاڵە بوو لە پابەندی و پێویستی بە هەموو جۆرەکانی لە بابەتی و سروشتی و نەریتی و زمانەوانی... یەکێکی تر سەرنجدان لەسەر دابەشبوونی ئەو مانایەی لە هۆشدایە بۆ چەند بەشێك و بۆ هەمەکی و لاوەکی.... تاد، جا کێ هەیە ئەمە نەزانێ ئەمانە تەنها ڕستەی

---

(١) بەسەرهاتی ئەم پەیڕەوە بخوێنەوە لە کتێبی (مناهج البحث عند مفكري الإسلام) دانراوی دکتۆر عەلی سامی نەشار.

بنەمای ڕێكخستنن، عەقڵی مرۆیی بەرهەمیاندەهێنێ بۆ ڕێكوپێك بوون پێی و ڕۆیشتن بەپێی ئەو بنەمایانە، ئەمەش لەكاتی توێژینەوە و دۆزینەوەی زانیاری و بۆ گەیشتن بە ئاستی دڵنیابوون لەم زانیاریانە؟ عەقڵ نابێتە عەقڵ مەگەر خاوەنەكەی ڕێنوێنی بكات بۆ ئەم پەیڕەو و سیستەمە لە ڕێگەی زانین و مەعریفە و هەڵهێنجانی زانیاریدا.

بەڵێ" لەوانەیە لەم پێشەكیەی غەزالیدا چەند وشە و گوزارشتێك لەوانەیە ببینی، بدرێنە پاڵ ژیربێژی و لۆژیكی یۆنانی، بەڵام ئەمانە چەند وشەیەكی هەڵوەشێنراوەن و پەتی پەیوەندیان پچڕێنراوە، وەك ئەوە ڕووخێنرابن و بنیاتنرابنەوە، ئینجا ئەمانە خراونەتە نێو بنیاتی سەربەخۆوە بۆ ژیربێژیەكی عەقڵی پەیڕەوداری ئیسلامی ڕاست و دروست.. جا ئەگەر ئەمەش نا پەسەند بێ، ئامانجی ئەم ڕەخنەگرە بەریكردنی زمانی عەرەبی و هزری ئیسلامییە لە هەرچی وشە و زاراوە و گوزارشت هەیە لە لۆژیكی یۆنانی، ئەوا ئەمە داوایەكی زۆر سەختە، بەڵكو ئەستەمە بۆ عەقڵی مرۆیی و زمانی عەرەبی جا خاوەنەكەی هەر كێیەك بێت، تەنانەت زۆر دوورە خودی ڕەخنەگرەكەش ئەمە لەسەر خۆی جێبەجێ بكات كە بانگەشەی بۆ دەكات.

جا هیچ توێژەرێك ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ بنیاتی ژیربێژی و لۆژیكی ئەڕستۆتالیسی بە گشت بنەما لاوەكی و سەرەكی و تێڕوانین و یاسا و گوزارشتە زاراوەییەكانی شتی پڕوپوچ و بێ بنەمان!..

بەڵکو بە دڵنیایەوە چەسپاوە، ئەو پوچەڵیە زۆر و گەورەیەی تێیدایە، خۆی ناگرێ تەنها بە پشت بەستن نەبێ بەو پێوەر و حوکمە دروست و وردە کەم یان زۆرەکان نەبێ.. جا داهێنانی زانستی و سەربەستی عەقڵی خۆی دەبینێتەوە لەوەی توێژەر کەسایەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ، دواتر خۆی بپارێزێ بە وزەیەکی زانستی نایاب، ئینجا بچێتە نێو گۆڕەپانەکانی هزر و زانست و فەلسەفە، بەمەش ڕاستی لەو گۆڕەپانانەدا هەڵبگرێتەوە و خۆی لە پوچەڵیش بەدووربگرێ و هۆشداری لەبارەوە بدات.

ئا ئەمە ڕاستی پێشەکییە پەیڕەوداره‌کەیە، کە غەزالی کردوویەتیە دەروازەیەك بۆ کتێبەکەی (المستصفی).

*        *        *

یەکێك لەو تۆمەتانەی تر کە دراونەتە پاڵ غەزالی و ئەو لێی بەرییە، ئەوەیە کە پێشەوا ئەبو عەبدوڵای مازەری مالیکی لە بواری ڕەخنە و توانج لێگرتنی وتووە، بەوەی سەرقاڵی خوێندنەوەی (نامەکانی برایانی سەفا بووە)!.. ئەمانە چەند نامەیەکن تیایدا کەمێك لە ڕاستی تێکەڵ بە ناڕەواییەکی زۆر کراوە[1].

---

(1) بڕوانە ئەو وتەیەی مازەری بە ڕەخنەوە لەبارەی پێشوا غەزالی وتویەتی، طبقات الشافعیة لابن السبکي ٦/ ٢٤١.

دەڵێم: چ شتێکی ئەم کارە جێگای نکۆڵی و ڕەخنەگرتنە لە غەزالی؟ ئایا خوێندنەوە و شارەزابوونە بەوەی لەم نامانەیدا هەیە، یان کاریگەربوونی غەزالیە بەم نامانە و پەسەندکردنی ئەو ناحەقیەیە کە تێیاندایە؟

بەڕاستی ئەگەر تەنها خوێندنەوە مایەی نکۆڵی و ڕەخنەگرتن بێ، ئەوا زانیومانە هیچ دەقێك لە کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوا و یاساکانی شەرع ئاماژەیان بەوە نەکردووە خوێندنەوە یان گوێگرتن بۆ وتەی خوانەناس و پوچەڵگەرایان بۆ کەسێك کە بیەوێ کەموکوریەکان دەربخات یان پوچەڵی و بێ سەروبەریەکەی ڕابگەیەنێ، لادان بێ و جێگای ڕەخنە بێ. بەڵکو لە کتێبی خوای پایەبەرزدا وامان خوێندۆتەوە کە وەڵامدانەوە و دەرخستنی پوچەڵی بیر و ڕەفتاری خوانەناسان فەرزی کیفایەیە، کە بکەرەکەی پاداشت بەدەستدەهێنێ. ئەویش لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٦/ ١٢٥)، واتە: (**"ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ئەی باوەڕدار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، و گفتوگۆ و مشتومڕ بە جوانترین شێوە لەگەڵیاندا ئەنجام بدە**). بێ گومان مشتومڕ و گفتوگۆ لەگەڵ کەسی پوچەڵگەرا و خوانەناس تەنها دوای گوێگرتن دەبێ بۆ ئەو بیرۆکە پوچەڵەی دەستی پێوەگرتووە و بانگەشەی بۆ دەکات؟ بەڕاستی گوێگرتنیش تەنها بە خوێندنەوەی نووسراو یان بیستنی قسە دەبێ؟

غەزالی لە کتێبی (المنقذ من الضلال) ڕەخنەی هەندێك کەسی باسکردووە، ناویشی لەو کەسانە ناوە هەندێك لە پەیڕەوانی ڕاستی و حەقناس، سەبارەت بە خستنەڕووی گومانی خوانەناسان و ڕوونکردنەوەی لەکاتی بەرپەرچدانەوەی، بەوەی ئەمە — بەپێی بۆچوونی ڕەخنەگرەکان — سەردەکێشێ بۆ ڕەواجدان و ناساندنی گومانەکان. دواتر ئەمەی وتووە:

((ئەم نکۆڵی کردنە لە لایەکەوە ڕاستە. جا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەخنەی لە حارسی موحاسبی ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێ گرت، لەسەر بەرپەرچدانەوەی موعتەزیلەکان. حارس وتی: وەڵامدانەوەی بیدعە فەرزە. ئەحمەد وتی: ڕاستە، بەڵام تۆ سەرەتا گومانی ئەوانت گێڕاوەتەوە و دواتر وەڵامت داوەتەوە. کەواتە چۆن دڵنیای لەوەی گوێبیستی گومانەکە دەبێ و بە تێگەیشتنی خۆی سەرنجی لەسەر دەدات، ئاوڕیش بە لای وەڵامەدا ناداتەوە، یان سەیری وەڵامەکە دەکات و لە ناوەڕۆکی تێناگات؟)). دواتر غەزالی وتویەتی:

((ئەوەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وتویەتی ڕاستە، بەڵام سەبارەت بە گومانێك کە هێشتا بڵاونەبووەتەوە و نەناسراوە. جا هەر کە گومانەکە بڵاوبووەوە، ئەوا وەڵامدانەوەی واجبە، ناکرێ وەڵامیش بدرێتەوە تەنها لە

دوای گێڕانەوەی گومانەكە نەبێ. بەڵێ" نابێ گومانێك بخرێتەڕوو كە خوانەناسان باسيان نەكردووە، بەدڵنيايەوە منيش وام نەكردووە))(١).

جا ئەگەر ڕەخنەكە بريتی بێ لە پڕوپاگەندەی كاريگەربوونی غەزالی بە فەلسەفە پوچەڵەكان، كە (نامەكانی برايانی سەفا)يان داگرتووە، ئەو فەلسەفانەی قبوڵ كردوە، جا سەلمێنەری ئەم بانگەشەيە چييە، لەكاتێكدا تەنها پێچەوانەی ئەمەمان لەلای غەزالی بينيوە؟.. ئايا ئەو پرسانە چين كە غەزالی بەدواداچوونی بۆ كردووە و باوەڕی پێكردووە و پەسەندی كردووە، لە كۆی خوێندنەوەی غەزالی بۆ ئەم نامانە تەنها نيازی دەرخستنی پوچەڵيەكەيمان بينيوە، لەگەڵ خستنەڕووی بێ بنەماييەكەی؟ دواتر زياتر هۆشداری دەدات لە ڕووكردنە (نامەكانی برايانی سەفا) و هاووێنەكانی و چوونە پاڵ ئەو جۆرە بير و هزرانە، ئەمەش بۆ ئەو كەسانەی كە نەگەيشتوونەتە ئاست دەرخستنی ڕووی ڕاستەقينەی ئەو نامانە و ئەو پوچەڵيەی هێلانەی تێدا داناوە. جا دەڵێت:

((.. هەر يەكێك بڕوانێتە كتێبەكانيان "وەك ئيخوانی سەفا" و جگە لەويش، ببينێ چۆن بڕيارەكانی پێغەمبەر و گوزارشتی سۆفيانەيان تێكەڵ بە قسەكانيان كردووە، لەوانەيە بەچاكی بزانێ و پەسەندی بكات و ئەو بيروباوەڕەی تێيدايە بە چاك بزانێ. بەمەش پەلە بكات لە پەسەندكردنی ئەو

---

(١) المنقذ من الضلال بتحقيق محمود بيجو ٥٦ و ٥٧.

پوچەڵیەی تێکەڵ بە ڕاستیەکان کراوە، بەهۆی گومان باشیەکەی بەوەی دەیبینێ. جا ئەمە جۆرێکە لە پلە پلە ڕاکێشان بەرەو پوچەڵ و ناهەق. جا لەبەر ئەم دەردە پێویستە ڕێگری بکرێت لە خوێندنەوەی کتێبەکانیان، بەهۆی ئەو ستەم و مەترسی و ناپاکیەی تێیاندایە. هەروەك پێویستە ئەو کەسە بپارێزرێ کە مەلەوانی نازانێ لە خلیسکان لە کەناراوەکان، پێویستە خەڵك بەدوور بگیرێ لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانە. هەروەك چۆن پێویستە منداڵان بپارێزرێن لە پێوەدانی مار و دووپشکەکان، ئەوا پێویستە گوێچکەکان لە وشە بێ سەروبەرەکان بپارێزرێن))[1].

ئایا ئەو کەسە چەند سەیرە کە ڕەخنە لە غەزالی دەگرێت لەسەر شتێك کە پێویست بوو سوپاس و ستایشی بکات لەسەری، توانجی تێدەگرێ لەسەر شتێك کە مایەی پاداشت و دەستخۆشییە!..

لە دوای ئەم ڕەخنەیە، مارەزی ڕەخنەی ئەوەشی لێگرتووە کە خوێندنەوەی کردووە بۆ ئیبن سینا، ناوبراو پێی وایە کرچ و کاڵییەکی مەزنی لەمەدا پێی دەگات!!..

دەڵێم: ئەنجامی خوێندنەوەی غەزالی بۆ ڕا و بۆچوون و هزرەکانی ئیبن سینا، ئەوەبوو سەلمێنەرەکانی کوفری ئەوی چەسپاند، بەڵگەکانی لادانی

---

(١) المنقذ من الضلال، ٥٤.

ئەوی لە ڕێگای بەڵگە و ڕۆشن سەلماند، خلیسکانی بۆ دۆڵ و شیوەکانی ویڵبوون و تێوەگلأنی لە خەیاڵە پوچەڵەکانی دەرخست، خەڵکیشی وشیار کردەوە لە فریوخواردن بە بریسکە ساختەکانی هزری ئیبن سینا. بێ گومان ئەم ڕەخنەیەی مازەری لەو کارەی غەزالی کردوویەتی تەنها توڕەبوونیەتی لەسەر ئیبن سینا و بەزەیی پێداهاتنەوەیەتی، بەهۆی ئەوەی غەزالی پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی هزر و بۆچوونەکانی ناوبراو لاداوە؟..

هەروەها ئەگەر مازەری مەبەستی ئەوەبێ تەنها خوێندنەوەی غەزالی بۆ ئیبن سینا و هاوشێوەکانی بە چوونە نێو ڕێبازەکەیان و پەسەندکردنی هزرە پوچەڵەکەیان دادەنرێ، ئەوا لەوانەیە ڕەخنە لە پێغەمبەری خواش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بگرێ لەسەر ئەوەی ڕۆژێك گوێ دەگرت بۆ خەیاڵە پوچەکانی ئەبو جەهل و هاوڕێنەکانی بۆ ئەوەی پوچەڵەیان بکاتەوە و وەڵامیان بداتەوە، جا ئایا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەم کارەی چووەتە سەر ڕێباز و نێو ڕیزی ئەواندا!.. ئایا ئەمە دەچێتە عەقڵەوە، یان کەسی بەویژدان پەسەندی دەکات؟!..

* * *

یەکێك لەو تۆمەتانەی هەڵبەستراون و بە غەزالیەوە لکێنراون، لەکاتێکدا ئەو لێی بەرییە، تەنانەت پێچەوانەی ئەم تۆمەتەی تێدا بووە و شانازیشی پێوە کردووە، ئەوەیە کە زەهەبی گواستوویەتیەوە لە ئەبوبەکری

ئیبن عەرەبیەوە، بەوەی وتویەتی: ((شێخمان ئەبو حامدی غەزالی فەیلەسوفەکانی قوتتدا، ویستی بڕشێتەوە و فڕێیان بداتە دەرەوە، کەچی نەیتوانی))[1].

خۆزگە ئیبن عەرەبی ئێمەی دانابایە بەردەم مانایەك بۆ ئەم وتە ڕەوانەی: ((.. فەیلەسوفەکانی قوتتدا)) تا پاش ئەمە بە دوای غەزالی بکەوین و داوای لێ بکەین بڕشێتەوە.. جا کەی و چۆن فەیلەسوفەکانی قوتتدا، تا بڕشێتەوە و فڕێیان بداتە دەرەوە؟

خۆ ئەگەر ئیبن عەڕەبی سەرنجمان ڕابکێشێ بۆ یەك گەوجایەتی لە خەیاڵ و گومانەکانی فەیلەسوفان، کە غەزالی پێی هەڵخەڵەتابێ و دەستی پێوە گرتبێ، ئەوا ئێمەش لەگەڵ ئەو وشە ڕەوانەی ئەومان دووبارە دەکردەوە و دەمانوت: ((فەیلەسوفەکانی قوتتداوە)).

ڕۆژێکیان لە ناخی خۆمدا وتم، لەوانەیە ئیبن عەرەبی کاریگەربوونی غەزالی بە خەیاڵی فەیلەسوفان بینیبێ و ئێمە نەمانبینی بێ، بەڵام نەیویستبێ بەڵگە لەسەر بانگەشەکە بهێنێتەوە، بۆیە تەنها ئەم ڕستە ڕەوانبێژە ئەدەبیەی وتوە. بۆیە منیش هەڵسام بە بەدواداچوون کردن بۆ ئەمە لە گشت ئەو بەرهەمانەی غەزالی بۆمانی جێهێشتووە لە جەنگە زانستیەکەی دژی

(١) سیر أعلام النبلاء، ١٩.

فەیلەسوفان و هزرە لادەرەکانیان، هەر لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)، نەمبینی هەڵخەڵەتابێ بە هیچ یەکێك لە خەیاڵ و گومانەکان یان لایەنگیری هزرێکی ئەوانی کردبێ یاخود خلیسکابێتە نێو چاڵی بیروبۆچوونەکانیان. بەڵکو بینیم بەدواداچوونی بۆ گومڕاییەکانی ئەوان کردووە و بە بەڵگە زانستیە تۆکمەکانی ئەم گومڕاییانەی تاواندووەتەوە، هەر کاتێکیش پێویستی کردبێ شێواز و چەکی ئەوانی بەکارهێناوە.

فەیلەسوفان وتیان جۆری جیهان بێ سەرەتایە، پۆشاکی زانستیان بە بەر ئەم بانگەشەیەیاندا کرد، جا هاووێنەی فارابی و ئیبن سینا بەم جۆرە بانگەشەیە هەڵخەتان... غەزالی پۆشاکی ساختەی ئەم بانگەشەیەی دڕاند، خنکاندی بە چەندین پەت و گوریس لە بەڵگەی زانستی، جا ئەوانەی هەڵسوکەوت بە شێوازەکانی فەلسەفە دەکەن ناتوانن نکۆڵی لە هیچ یەکێك لەو بەڵگانە بکەن، هەموو بەڵگەکانیش کڕنووش دەبەن بۆ بڕیاری خوا کە دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ (الرعد: ١٣/ ١٦، الزمر: ٣٩/ ٦٢)، واتە: (خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە).

نکۆڵیان کرد لە زیندووبوونەوە لە دوای مردن، بۆ سەلماندنی ئەم نکۆڵیەیان چەندین شتی بێ سەروبەر و بێ بنەمایان هەڵبەست، کە زۆرێك لە کەسانی ژێر پێی هەڵخەڵەتاند ، جا خوای گەورە زمانێکی بە غەزالی بەخشی کە کەسانی تر نەیانبوو، زمانەکەی هێنایەگۆ بە بەڵگەی زانستی ورد کە جگە لەو کەسی تر

ڕوونی نەکردبووەوە، جا لوتفی خوایی هانیدا هاودەم لەگەڵ بەڵگەی سەلمێنەر و زمانی ڕوونکرەوە بۆ چوونە نێو گۆڕەپانی سەرخستنی ڕاستی درەوشاوە، کە کتێبی خوای مەزن جەختی لێکردەوە، کە دەفەرموێت: ﴿أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَلَّنْ نَجْمَعَ عِظَامَهُ. بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَنْ نُسَوِّيَ بَنَانَهُ﴾ (القيامة: ٧٥/ ٣، ٤)، واتە: **(ئایا ئادەمیزاد وا دەزانێت هەرگیز ئێسکەکانی کۆ ناکەینەوە؟!. بەڵێ، لەوە زیاتریش دەکەین و توانامان هەیە کە نەخشە وردەکانی سەر پەنجەکانی بەدی بهێنینەوە)**. جا غەزالی بە تەنها لەم گۆڕەپانەدا هەستایە سەر پێ و زانستی هێناوەتەگۆ بە پەیڕەو و تەرازووە ڕێکخەرەکانی وەك گەواهیدەر لەسەر ڕوونکردنەوەی خوای گەورە، بەڵکو وەك کڕنووشبەر بۆ بڕیار و بەڵێنی خوا. هەموو جیهان دیمەنی پوچەڵ و گومڕایی بینی کە چۆن خەیاڵەکانی تەفروتونا دەبن، هەروەها چۆن قسەی تەپوتۆزاوی لەبەردەم ژێربێژی زانستی ڕاست و دروست تێکدەشکێ، کە چنراوە لە ڕێسا و یاساکانی عەقڵ و نەقڵ.

فەیلەسوفان وا گومانیان برد هۆکارەکان کاریگەری خودیان هەیە لەسەر ئەنجامەکان، بیریان چووەتەوە یان لە بیری خۆیان بردۆتەوە ئەوەی یەکەمی پێش خستووە و کردوویەتیە هۆکار و دووەمیشی پاش خستووە و کردوویەتیە ئەنجام خوای گەورەیە، ئەوەی کاریگەربوونی لە ئەنجامدا بەدیهێناوە هەر خوای گەورەیە، ئەوەی ڕۆڵی بکەری بە هۆکار داوە و ئەنجامیشی کردۆتە هەڵگری کاریگەربوون، خوای گەورەیە... جا غەزالی بەڵگەی زانستی

درەوشاوەی بۆ ئەم فەیلەسوفانە هێناوە، کە پێشتر کەس کاری وای نەکردبوو، لە دوای ئەویش هیچ کەسێك لەسەر ڕێچکەی ئەو نەڕۆیشتووە، ئینجا بەڵگەی هێناوەتە گۆ بە پشت بەستن بە بەڵگەی ئەزموون و بینین، بەوەی پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام لەوەی زانست و ئەزموون جەختی لەسەر دەکەنەوە، تەنها پەیوەندی هاودەمبوونە و ئەمەش جێگیر و بەردەوام بووە، جا وا بۆ بینەر وێنابووە هاودەمبوونی بەردەوام بەرهەمی کاریگەرییە. دواتر غەزالی بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی ئەم خەیاڵە هیچ پاڵپشتێکی زانستی نییە، ئەوەش دەخاتەوە یاد زانست ناونانرێ بە زانست، مەگەر شوێنکەوتووی زانراو بێ، بێ گومان گریمانەی خەیاڵی زۆر لە زانست دوور دەبێ کاتێك لەسەر زانراو واتە واقیعی دەرەکی گریمانە دەکرێ، بەوەی شوێنکەوتووی ئەو بێ..

لە کۆتاییدا غەزالی گەڕێکی زانستی سەرنجڕاکێش سەردەخات، کە ئەمڕۆ هەموو جیهان گەواهی بۆ دەدات، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی خوایی کە گشت چالاکییەکان کورت دەکاتەوە لە خودی باڵا کە بەدیهێنان و بڕیار و بەرنامەی بەدەستە، دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا﴾ (فاطر: ٣٥/ ٤١)، واتە: **(بەڕاستی هەر خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی رادەگرێت و نایەڵێت لەناو بچێت و لەیەك بترازێت)**. و دەفەرمووێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ بِأَمْرِهِ﴾ (الروم: ٣٠/ ٢٥)، واتە: (لە نیشانە و بەڵگەکانی تری خوا ئەوەیە کە ئاسمان و زەوی راوەستاون بە فەرمانی ئەو). هەروەها لەبارەی

كەشتييەكەی نووحەوە دەفەرمووێ: ﴿وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ. تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِمَنْ كَانَ كُفِرَ﴾ (القمر: ٥٤/ ١٣، ١٤)، واتە: **(ئەوسا نووحمان لەسەر چەند تەختە و بزمارێك هەڵگرت "مەبەست كەشتيەكەيە". لەژێر چاودێری خۆماندا "لەناو ئەو زريانە سامناكەدا" دەهات و دەچوو، ئا بەو شێوەیە پاداشتی ئەو كەسەمان دايەوە كە بڕوای پێ نەكرا "واتە نووح")**.

جا ئەگەر سەرخستنی ئاينی خوا و بيروباوەڕی ئيسلام، و لەناوبردنی گومانەكان كە بەهۆی كرداری خوانەناسان يان فەيلەسوفە سەرگەردەكان زۆردەبن، لە نێو عەقڵەكانی خەڵك و دەقەكانی كتێبی ڕۆشنی خوادا بە قوتتدانی ئەو فەيلەسوف يان خوانەناسانە بێ، ئەوا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) يەكەم كەس بووە كە هاوبەشدانەرانی قوتتداوە و دوورگەی عەرەبی لەوانی پاك كردۆتەوە!.. بەڵام بۆچی ئيبن عەرەبی ڕەحمەتی خوای لێبێ ئومێد دەخوازێ غەزالی فەيلەسوفەكان دەرهاوێژشتبايەوە؟

خۆزگە ئەبو بەكر ئيبن عەرەبی زيندووبا تا پرسيارم لێكردبا و ئەويش وەڵامی دابامەوە: ئايا مەبەستی لەم ڕستە داڕشتنە چييە كە هيچ مانايەك نادات؟ ئايا ئەمە ستايشێكە و گوزارشت دەكات لە توانەوەی فەيلەسوفەكان و فەلسەفەكانيان لە دوو توێی بەڵگە دەمكوتكەرەكانی كە لە هەمان كاتدا

خزمەتكارى كتێبى خوا و پاڵپشتى ئەو ڕاستيانە بوون كە تێيدا هاتوون؟ كەواتە بۆچى وا لە غەزالى دەخوازێ ئەوان دەربداتەوە تا بگەڕێنەوە سەر گومڕاييە پێشووەكەيان؟ ياخود ئەمە ڕستەيەكى توانجدەرە گوزارشت لە پێچەوانە دەكات، واتە: ئەوان غەزاليان قوتتدابێ و بەسەريدا زاڵ بووبن و بەڵگە و نيشانەكانى ئەويان تەفروتونا كردبێ؟ ئايا سەلمێنەرى قسەى ئەو لە كوێيە؟ ئا ئەوەتا ئێمە لەسەر گۆڕەپانى واقيع تەنها ديمەنى پێچەوانەى ئەمە دەبينين، تەنها گومانى ئەوە دەبەم كە ئيبن عەرەبى گوێبيستى ناوى كتێبى (تهافت الفلاسفة) بووە و بۆى نەگونجاوە هيچ بەشێكى لێ بخوێنێتەوە!!..

يەكێكى تر لەو تۆمەتانەى بە غەزاليەوە لكێنراوە، ئەوەيە كە زەهەبى لە محەمەدى كوڕى وەليدى تەرتوشى گێڕاوەتەوە لە نامەيەكيدا كە بۆ ئيبن موزەفەر ناردوويەتى، گوايە لەبارەى پێشەوا غەزاليەوە وتويەتى: ((سەبارەت بە ئەبو حامد ئەوا من بينيومە و قسەم لەگەڵ كردووە، بينيم زۆر شكۆدارە لە زانايانە و عەقڵ و تێگەيشتنى بەيەكەوە تێدا كۆبوونەتەوە)) تا ئەوەى وتويەتى: ((دواتر دووركەوتەوە لە ڕێگەى زانايان، ڕۆيشتە نێو جەماوەرى كرێكاران، ئينجا بووە سۆفى و وازى لە زانست و زانايان هێنا، چووە ناو زانستى ڕاز و دڵە وشيار و وەسوەسەكانى شەيتان، پاشان ئەمەى تێكەڵ كرد لەگەڵ بۆچوونى فەيلەسوفەكان و ئاماژە و جفرەكانى حەلاج، جا دەستى كرد بە

توانجدان له شەرعناسان و زانایانی کەلام، خەریك بوو هەر له ئایین بچێته دەرەوە.. ))[1].

دەڵێم: ئەوەی تەرتوشی لەبارەی غەزالیەوە وتویەتی، لەمەدا هەمان رێچکەی مازەری و ئیبن عەرەبی گرتووە له تۆمەتبارکردنی غەزالی بەشێوەیەکی گشتی، ناپرژێتە سەر هیچ وردەکاریەك کە تۆمەتە راست و هەڵەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە.. بۆ نموونە تۆمەتبارکردنی بەوەی رۆیشتووەتە نێو جەماوەری کرێکاران و بووەتە سۆفی... دوورکەوتووەتەوە له زانست و زانایان.. چووەتە نێو زانستی رازەکان و وەسوەسەکانی شەیتان، و تێکەڵی کردووە لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفەکان و راز و جفرەکان حەلاج.. تاد. ئەمانە تەنها گشتاندنێکە هیچ نموونەیەکی تێروتەسەلی لە دواوە نییە کە ببێتە گەواهی لەسەر راستی یان هەڵەبوونی تۆمەتەکە.

کەواتە تەسەوفی خراپ چییە کە غەزالی پێی تۆمەتبارکراوە؟ چ بەڵگەیەك لە قسەکانی ئەودا لەسەر ئەمە هەیە؟ ئایا زانستی رازەکان چییە کە ئەو چووەتە ناویەوە؟ ئایا نموونە تێرتەسەلەکانی چیین تا بیخەینە نێو تەرازووی کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، تا بزانین و روونی بکەینەوە ئەمانە لە رازی خراپ و داهێنراون، یاخود لە زانست و زانیاریە چاکەکان بوونە؟ ئایا مەبەست

---

(١) سير أعلام النبلاء، ١٩/ ٣٣٩، وطبقات الشافعية لابن السبكي ٦/ ٢٤٣.

لە وەسوەسەکانی شەیتان چییە؟ ئایا بە چ ڕێگەیەك دەزانرێ ئەمانە لە وەسوەسەی شەیتانن نەوەك لە ئیلهامەکانی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ؟ ئایا ئەو بۆچوونانەی کامەن کە لە گومڕاییەکانی فەیلەسوفانی هەڵێنجاوە؟ ئایا ئەو جفرانە چین کە لە حەلاجەوە وەریگرتوون و پەسەندی کردووە و بانگەوازی بۆ کردووە؟ بەدڵنیایەوە ئێمە و زەهەبیش زانیویەتی هەروەك بەخۆیشی گواستویەتیەوە کە غەزالی حەلاجی تەکفیر کردووە، لەسەر ئەو وتانەی کە دەریدەبڕین و پێچەوانەی شەرع بوون، و غەزالی پاڵپشتی کوشتنی حەلاجیشی کردووە(1)!..

بە دڵنیایەوە ئەم پڕوپاگەندانە بە بەڵگە دەمێننەوە لەسەر بانگەشەکاران، تا ئەو کاتەی پاڵپشتی دەکەن بە وتە و بیروباوەڕی تێروتەسەل، جا چۆن وانابێ لەکاتێکدا کتێبەکانی غەزالی تێکڕای وردەکاریەکانی ئەم پڕوپاگەندانە ڕەتدەکەنەوە؟

ئەوەی سەیرە ئەوەیە تەڕتوشی ڕەخنەی لە واز هێنانی غەزالی کردووە لە وانەوتنەوە لە قوتابخانەی نیزامیەدا، بەم گشتاندنە سەیرە: ((دوورکەوتەوە لە زانست و زانایان)) بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەم کارە، خۆی نەزان کردووە لە ئاست ئەو هۆکارەی غەزالی لە پێناویدا وازی لە فێرکردن و ئەرکەکەی هێناوە تا ماوەیەك..

---

(1) بڕوانە: سیر أعلام النبلاء، ١٩/ ٣٣٣.

سەیرتر لەمە ئەوەیە تەڕتوشی بەم گشتاندنانە غەزالی تۆمەتبار دەکات کە دەیانداتە پاڵی بە بێ بەڵگە، جا ڕەخنەی لە غەزالی نەگرتووە لەسەر ئەو کەم و کورتییە مەزنانەی بەدەستیەوە دەیناڵاند لەو ڕۆژانەی وانەی دەوتەوە لە قوتابخانەی نیزامیە و ڕووی دەکردە شکۆی مامۆستایەتی و وانەوتنەوە، لە خۆهەڵکێشان لەسەر ئەوانی تر بە زانستەکانی خۆی و سوکایەتی کردن پێیان، هەروەها مەبەستی لە کاری دانان و وانەوتنەوە گەیشتنی بوو بە پایەی دونیایی و کێبڕکێ کردن لەگەڵ هاودەمانیدا. جا غەزالی بە خودی خۆی دانی بەوەدا ناوە و باسی کردووە. خۆ ئەگەر تەڕتوشی هەڵوەستەی لەسەر ئەم کەموکورییە مەزنە کردبا و لەسەر ئەمە ڕەخنەی لێگرتبا، ئەوا غەزالی یەکەم کەس دەبوو کە پشتیوانی کردبا و بەڕاستی دانایە.. ئەو کاتە ڕەخنەشی لە غەزالی نەدەگرت بەوەی دوورکەوتۆتەوە لە فێرکردن و زانایان.. جا ئایا کێ ڕەخنە دەگرێ لەو کەسەی ڕوو دەکاتە نوێژکردن، دواتر دوور دەکەوێتەوە لە نوێژکردن تا سەرەتا خۆی بشوات و خۆی پاك بکاتەوە؟..

ئەوەی پێشەوا غەزالی جیاکردۆتەوە لە تەڕتوشی و هاووێنەکانی، ئەوەیە لە ناخی خۆیان و ئەوانی تردا دەگەڕان بەدوای سیمای کامڵ و داڕشتنی گوزارشتەکان و پێوەرەکانی کردارە دیارەکان.. سەبارەت بە غەزالی ئەوا چاودێری خوایی ئەوی هێنا لە بەشی دووەمی تەمەنیدا بۆ دڕاندنی وێنەی کردارەکان بەرەو پاڵنەرەکانی پشت سینەوە، و تا قوڵ ببێتەوە لە قوڵایی

دەروونی و هەڵوەستە بكات لەسەر ئەو گوناهانەی دەروون پێیەوە دەناڵێنێ و بەمەش چارەی بكات..

ئەم تايبەتمەندييە بريتييە لە چەقی ڕەخنەكانی تەڕتوشی، ئەمە ئەو كەموكوريەيە كە گوزارشتی لێكردووە بەم وتەيەی: ((.. ڕۆيشتە نێو زانستی ڕاز و دڵێ ڕۆشنەكانەوە..))، بێ گومان لە ناوەڕۆكی دووری ئەم وتەيەدا ڕەخنەگرتن بوونی هەيە لە فەرمايشتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ): ((بێگومان لە جەستەدا پارچە گۆشتێك هەيە، ئەگەر چاك بوو، ئەوا هەموو جەستە چاك دەبێ، ئەگەر خراپ بوو، ئەوا هەموو جەستە خراپ دەبێ، بێگومان ئەويش دڵە)). جا سەرسامبە لەبارەی تايبەتمەندييەك كە ئەم كەسە و كەمێك لە هاوڕێنەكانی هەيانە، كەچی ببێتە خاڵكی لاواز و كەموكوريان، لەكاتێكدا ئەو كەموكورييە مەزنەی كە خۆی دەبينێتەوە لە دەردەكانی دڵ و غەزالی دەروونی خۆی لێ چارە كردووە، لە چاوی ئەو كەس و هاوڕێنەكانی بتوێتەوە، و هيچ بەهايەكی نەمێنێ و بايەخێكی نەبێ، تەنانەت پێيان وانەبێ ئەمە دەردێكی شاراوە و مەترسيدارە و پێويستی بە بەرگری و چارەسەرە!!.. بەڵكو وا ببينێ چارەسەركردنی غەزالی بۆ دەروونی خۆی لەم دەردانە كەموكوری مەزنە، ئەمەش — بەپێی دەربڕينی تەڕتوشی — وای لە غەزالی كردووە بەسەر نێوچەوانيدا بكەوێت!..

*        *        *

یەکێکی تر لەو تۆمەتانەی بە غەزالیەوە لکێنراوە، ڕەخنەگرتنی ئەبو بەکر ئیبن عەرەبی بووە، لەو وتە ناودارەی کە لە هەندێك لە دانراوەکانیدا نووسیویەتی: ((بوونەوەر لەوە چاکتر نابێ کە هەیە و لەسەری پەیدابووە)).

دەڵێم: ئیبن عەڕەبی بە هەڵە لە مانای ئەو وتەیە تێگەیشتووە، بەپێچەوانەی ئەوەی غەزالی مەبەستی بووە.

غەزالی ئەم وتەیەی باسکردووە، لە میانەی جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی چەسپاوە لە مەزهەبی ئەهلی سوننە و جەماعەتدا، لەوەی لە شت یان کردەوەکاندا چاکی یاخود خراپی خودی کە لە ناوەڕۆکیدا بێ بوونی نییە، بەوەی حوکمەکانی خوای پایەبەرز لەم بارەوە شوێنکەوتووی داخوازی ئەم چاکی یان خراپیە بێ، بەڵکو ئەو چاکی یان خراپیەی تێیدایە تەنها وەسفێکە خوای گەورە بە بەریدا کردووە. ئێمە لێرە لە سەروبەندی خستنەڕووی بەڵگەی زۆردا نین لەسەر ئەم وەتەیە[1].

لەمەوە ئەوە بەدەستدێت خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ، کاتێك ویستەکەی پەیوەست بووە بە بەدیهێنانی ئەم بوونەوەرە لەسەر ئەم

---

(1) بڕوانە وردەکاری بەڵگە زانستییە سەرنجڕاکێشەکان، کە غەزالی باسی کردووە و بەهۆیەوە گفتوگۆی لەگەڵ موعتەزیلەکاندا کردووە لە کتێبی: المستصفى ١/ ٥٨ طبعة بولاق.

شێوەیەی هەیە، و ئەو سیستەمەی تێیدا جێگیری کردووە، ئەوا ئەم شێوەیە لەگەڵ ئەم سیستەمەی بریتییە لەوپەڕی چاکی و ڕێکوپێکی کە دەکرێ ئەم بوونەوەرە هەیبێ، ئەمەش بەپێی بەڵگەی نەقڵی، کە ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ﴾ (السجدة: ٣٢/ ٧) واتە: (ئەوخوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە). بەڵگەی عەقڵیش خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێ ئەم بوونەوەرە هەموو سیفەتە چاکەکانی بە تەواوی تێدا نین، بەپێی ئەو شێوە و سیستەمەی خوای گەورە لەم بوونەوەردا دایناوە، دواتر دەکرێ ئەم شێوە و سیستەمە بەرەو چاکتر و تەواوتر ببرێ، ئەوا ئەمە دەبووە ئەنجامی باوەڕی ئێمە بەوەی کردەوەکانی خوا و بەدیهێنانەکەی ملکەچی پێوەرەکانی چاکی جێگیرن لە خوددا، جا لەوانەیە بەدیهێنانەکەی بۆ شتەکان بگاتە ئەوپەڕی پێوەرە چاکەکان و لەوانەشە نەگات، دواتر دەکرێ بوترێت: بەڕاستی ئەم بەدیهێنراوانە بەو سیستەمەی ئێستا هەیانە و خوای پایەبەرز بۆی ویستی، دەکرێ بەرز ببێتەوە بۆ پلەیەکی تەواوتر و بەرزتر لە پلەکانی کامڵی و چاکی.

ئەمە تێڕوانینە هەڵەکەیە کە موعتەزیلە تێیدا گومڕا بوون، زۆربەی موسڵمانان و لە پێشەنگیاندا پێشەوا غەزالی بە بەڵگەی زانستی یەکلاکەرەوە وەڵامی ئەوانی دایەوە.

کەواتە بڕیارەکەی غەزالی کە بەم ڕستە کۆکەرەوەیە گوزارشتی لێکردووە، وەرگێڕانێکی وردی ئەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعەت لەسەری دەڕۆن. لەوەی سیفەتی چاك و خراپ لە شتەکاندا بەهەمان شێوە لە بەدیهێنانی خوای گەورەن.

خۆ ئەگەر هەمان ئەو قسەیەمان نەکردبا کە غەزالی کردوویەتی، ئەوا بە پێچەوانەوە دەمانوت: دەکرا ئەم بوونەوەرە لەسەر شێوە یان سیستەمێکی چاکتر بووبا لەوەی ئێستا هەیە!.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ویست و توانای خوا دەستکورت بوونە لە گەیشتنە پلەی کامڵ بوون لە بەدیهێنان و دروستکردندا، لە هەمان کاتدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ پێوەرەکانی کامڵ بوون بە شێوەی خودی لەم گەردوونەدا جێگیرن، کردەوەکانی خوا هێشتا بەردەوامن لە ڕۆیشتن بەدوای پلەی کامڵبووندا.

ئەمەش ئەو شتەیە کە پێشینە چاکەکان و ئەهلی سوننە و جەماعە بە تێکڕایی بە خوا خۆیان لێی بەری دەکەن.

ماوەتەوە ئەوە ڕوون بکەمەوە، ئەو گومانەی وای لە ئیبن عەرەبی کردووە نکۆڵی لەم وتە بکات، ئەوەیە لەوانەیە وا وێنای کردبێ بەپێی ئەم وتەیە دەبێ دەستەوەسانی بدرێتە پاڵ خوای باڵادەست.

ئەوەندە هەیە دەتوانیت بزانیت ئەمە تۆمەتێكی خەیاڵی پوچە، كاتێك هەڵوەستە دەكەیت بە ڕامانەوە لەسەر وشەی (... كان: واتە لەسەری پەیدابووە) غەزالی ئەوە دەچەسپێنێ ئەوەی ویستی خوای پایەبەرزی پێیەوە پەیوەستە لە بەدیهێنان و دروستكردن، بریتییە لەوپەڕی چاكی و كامڵبوون.. ئەمە مانای وایە خوای گەورە پێشتر و ئێستاش بەردەوام توانای هەیە ویستی خۆی و دواتر توانامەی ئاڕاستە بكات، بەرەو دروستكردنی بوونەوەرێكی بەدەر لەمە كە ویستی بە بەدیهێنانیەوە پەیوەست بووە، ئەو كات ئەو بوونەوەر، بوونەوەری كامڵ دەبوو.

بەڵام لەبەر ئەوەی ویستی خوای پایەبەرز و دواتر تواناكەی پەیوەست بوونە بە بەدیهێنانی ئەم گەردوونە لەسەر ئەم شێوەیە، ئەوا ئەم شێوەیە شێوەی كامڵ و سیستەمی تەواوە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە ویستی خوای پایەبەرز وابەستەی بەدیهێنانی ئەم شێوەیە بووە. ویستی خوای پایەبەرز وابەستەی بەدیهێنانی هەر شتێك بێت، ئەوا ئەو شتە لەوپەڕی داناییدا دەبێ، و دەگاتە لوتكەی كامڵبوون لە سیفەتی كامڵیدا، هەر كە ویستی ئەو شتە لەناوببات، ویستە جێبەجێكارەكەی وابەستەی بەدیهێنانی شتەكە بوو لەسەر شێوەیەكی تر، ئەوا ئەم شێوە نوێیە ئەو كات ئەوپەڕی چاكی و كامڵ بوونە.. ئەوە بەوپەڕی كامڵبوون و چاكی وەسف دەكرێ لەو كاتەی تێیدا بەدیهاتووە، ئەمەی تریش بەوپەڕی كامڵبوون و چاكی وەسف دەكرێ لەو كاتەی تێیدا بەدیهاتووە.

ئایا چ نەنگی و کەموکورییەك لەم وتە یەکخواناسییە وردەدا دەبینی، کە مێژووی ئیسلامی بەرگریەکی زانستی وردتری لەمە نەبینیوە کە لە بیروباوەڕی پێشینە چاکەکان (ئەهلی سوننە و جەماعەت) بکرێت؟

*   *   *

یەکێکی تر لەو تۆمەتانە، ئەوەیە کە هەندێك لە هاوچەرخان ئاڕاسەی پێشەوا غەزالی دەکەن – سەرباری ئەو تۆمەتانەی باسکران – بەوەی ئەو هێرشی خاچپەرستانی بۆ سەر ئەم وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیانە بینیوە و لێی نەزانراوە کە چەکی هەڵگرتبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی خاچپەرستە جەنگاوەرەکان و شەڕی کردبێ لە پاڵ ئەوانەی ئەو کات لە پێناوی خوادا شەڕیان کرد.

ئومێدم دەخواست ئەم ڕەخنەگرانە یان هەندێکیان، ئەندام بووبان لە بزوتنەوەی حەماس یان جیهادی ئیسلامی لە فەڵەستین، یان جەنگاوەربووبان لەگەڵ حیزبوڵا لە لوبنان، ئەو کاتە بۆنی ڕاستگۆیی و دڵسۆزیم لە قسەکانیاندا بەدی دەکرد. بەڵام ڕوانیم، زۆربەی ئەوانەی زیاد لە جارێك ڕووبەڕووم بوونەتەوە بەم ڕەخنە بەتاڵ و پوچە کە لە پێشەوا غەزالیان گرتووە، ئەوان هیچ ڕۆژێك چەکیان هەڵنەگرتووە بەرامبەر دوژمن.. مەگەر چەکیان بە ناچاری هەڵگرتبێ بۆ خزمەتی سەربازی ناچاری.

ئایا پاڵنەری ئەم ڕەخنەگرتنە لە پێشەوا غەزالی دەبێ چی بێ، لەلایەن کەسانێك کە خەسڵەتەکانیان باسکران، لەکاتێکدا ئێستا پوختەیەکت لە ژیاننامەکەی زانی؟

دواتر هۆکار چییە کە وایان لێدەکات تایبەت ئەم ڕەخنەیە لەو بگرن، بەدەر لە چەندین پێشەوای تری هاوشێوەی ئەو، لەوانەی هاوچەرخی هێرشی خاچپەرستان بوون، کەچی سەرگەرمی کار و هەوڵە زانستی و فێرکارییەکانیان بوون کە خوای گەورە ئەوانی لەم کارەدا هەڵخستبوو، لە نموونەی ئیمامی حەڕەمەین جوەینی، قازی ئەبو بەکر ئیبن عەرەبی، عیززی کوڕی عەبدوسەلام، ئیبن ڕوشدی ئەبو وەلید، ئەبو بەکری تەڕتوشی، عەبدوڵای ئیبن قودامە، پێشەوا مازەری... زۆرێکی تر لە هاوشێوەی ناوبراوان لە پێشەوا و زانا پایەدارەکان، کە گەواهیان بۆ دراوە لەسەر پێشەوایەتیان لە زانست و کردەوە و هەڵسوکەوتدا؟

من مەبەستم وانییە ناوبراوان و هاوشێوەکانیان کەمتەرخەم بوونە وەك چۆن پێشەوا غەزالی کەمتەرخەم بووە، لە واز نەهێنانی لە کارە زانستییەکان و نەچوونی بۆ نێو ڕیزی ئەو کۆششکارانەی بەرەنگاری هێرش و هەڵمەتەکانی خاچپەرستان بوونەتەوە، بەڵکو ئەوان هەر هەموویان نموونەی کەسانی خۆڕاگربوون لەسەر ڕاستی و پابەندبوون بەوەی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام دەیخوازێ لە دابەشکردنی کۆشش و پسپۆرییەکان.

باوەڕم وانییە هیچ یەکێك لەو موسڵمانانەی ڕاستگۆن لە موسڵمانێتیەکەیان و پابەندن بە ڕێوشوێنەکانی شەرع و حوکمەکانی گومان بکات لەوەی ئامادەیی هەبوو واز لە زانست و وانە و نووسینەکانی بهێنێ و وەك سەرباز لەگەڵ جەنگاوەران ڕوو بکاتە شەڕکردن لە بەرامبەر هێرشکەرە خاچپەرستەکان، ئەگەر پێشەوای موسڵمانان یان سەرکردەی باڵای لەشکرەکانی موسڵمانان ڕایگەیاندبا ژمارەی سەربازانی لەشکر کەمە، پێویستی بەوەیە زانایانی ئایینی و پاسەوانانی شەریعەت و بەرگریکاران لە ڕاستییەکانی ئیسلام و بێدارکەرەوان لە پوچەڵییەکانی دژەکانی ببنە سەرباز و جەنگاوەر لە نێو لەشکردا. گومان لەوەدا نییە زانا پایەدارەکانی تریش ڕێچکەی ئەویان دەگرت و شوێن پێی ئەویان هەڵدەگرت.

بەڵام ئایا پێشەوای موسڵمانان یان سەرکردەی هەر لەشکرێك لە لەشکرەکانی موسڵمانان ڕایگەیاندووە کە ڕێژەیان کەمە و پێویستیان بە سەربازە؟ هەرگیز شتی وا ڕووینەداوە، خۆ ئەگەر شتی وا ڕوویدابا ئەوا گوێبیستی هەواڵەکەی دەبووین لە مێژوودا.

کەواتە پرسی ڕووکردنە ڕیزەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمن بەو بارودۆخە، دەچێتە نێو بازنەی فەڕزەکانی کیفایە، هەروەك چۆن تێکۆشان (جیهاد) بەم بارودۆخە فەڕزێکی کیفایەیە، ئەوا پاسەوانی کردن لە بیروباوەڕە ئیسلامییەکان و ڕوونکردەوەی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام و پاراستنی لە

دزە تێکردن و دەستتێوەردان، بەهەمان شێوە لە فەرزە کیفاییەکانە کە ناکرێ ئەندازەی بنەڕەتییەکەی لێ فەرامۆش بکرێ. دروستیش نییە فەرزێکی کیفایەی هاوشێوەی ئەم پوچەڵ بکرێتەوە.

جا چۆن دەبێ لەکاتێکدا پاسەوانی بیروباوەڕ و بنەمەکانی ئیسلام بەڵگەی ئیسلام غەزالی بێ؟

ئایا بە ڕای تۆ کامیان ستوون و بنیاتی تۆکمە بۆ زانست و ڕاستییەکانی ئیسلام پێکدێنێت، کامیان قەڵای پارێزەری ئیسلامە بەدرێژایی چەرخەکان لە پوچەڵییەکانی فەلسەفە و چاڵەکانی: ئەوەی غەزالی پشت لە گومڕاییەکانی فەلسەفەکان بکات و ڕێگە بدات ساختە و گومڕاییەکەیان دزە بکاتە نێو عەقڵ و ژیری موسڵمانان، و پشتهەڵ بکات لە خۆ بەرچاوڕۆشن کردنەوە بە ڕێگەی پاکسازی دەروون و پەیڕەوی پەروەردەیی کە بەرەو خوا دەچێ، دواتر بچێت تا ببێتە یەکێك لەو هەزاران جەنگاوەرانەی لە یەك سەنگەردان و پێویستیان بە سەربازی زیاتر نییە.. یان سەرقاڵ بێ بەوەی خوای گەورە ئەوی لەسەر داناوە لە لەبەریەك دەرهێنانی پوچەڵی و گومڕایی بە ژێربێژی ڕاستی و هەق، کە خوای گەورە توانای ئەوەی پێداوە بە ڕۆشنی و سادەیی بیخاتەڕوو، هەروەك هیچ یەکێك لە زانایانی سەردەمەکەی نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن؟!..

ئایا بارودۆخی موسڵمانان ئەمڕۆ چۆن دەبوو، ئەگەر فەلسەفەی پوچەڵ و گومڕای مەزن خۆی نەبینیبایەوە لەبەردەم بەربەستێکی زانستی تۆکمە کە

خۆی دەبینیەوە لە بلیمەتی غەزالی و ڕوونکردنەوە بەهێزەکەی؟.. جا ئایا بارودۆخی موسڵمانان لەمڕۆدا چۆن دەبوو ئەگەر خوای گەورە کتێبی (الإحياء) بەهانای ئەوانەوە نەناردبایە، کە بەهۆی ئەم کتێبەوە دەروونی ملیۆنان کەسی پاك کردەوە، چارەسەری ملیۆنان کەسی کرد لە دەردی دڵیان؟.. و ئەو کەلێنە چی بووە کە تیایدا خاچپەرستان دزەیان کردە نێو موسڵمانان و وڵاتەکانیان، ئەمەش تەنها لەبەر یەك شت بووە کە غەزالی شوێنی خۆی نەگرتووە لە بەرەنگاربوونەوەی خاچپەرستان؟!..

هیچ یەکێك لە ژیرمەندان نییە ئەوە نەزانێ کە پێویستە کەسی پسپۆر دابنرێتە ئەو شوێنەی شایستەی پسپۆریەکەیەتی، هیچ یەکێکیان نییە ئەوە نەزانێ دونیا ڕێك و تەبا نابێ تەنها بە شوێنکەوتنی ئەم یاسایە نەبێ. سەرکردەی جەنگی ناوازە نابێ لەو شوێنەی شایستەیەتی لە سەنگەردا هەڵبگیرێ، بهێنرێت بکرێتە دادوەرێك کە دادوەری لە نێوان بەکێشەچوان بکات، یاخود بکرێتە وانەبێژ لە فەلسەفە و زانستەکانی ئایندا.. ئەو دادوەرەش کە بەرچاوڕۆشنی دەگمەنی هەیە لە پرسەکان و بڕیاری یەکلاکەرەوەدان لە نێوان بەکێشەچوان، یاخود زانای بلیمەت کە خوای گەورە بەرچاوڕۆشنییە زانستیەکەی کردۆتە چاوێکی پارێزەر بۆ بیروباوەڕی ئوممەت و کەلتورەکەی و سەرچاوە زانستیە سەلامەتەکان" نابێ دەمامکدار یان سیخوڕەکان یاریان پێ بکەن، ناشبێ ئەم پسپۆرانە لەو شوێنانەیان هەڵبکەندرێن کە خوای گەورە

ئەوانی تێدا داناوە، تا ببێتە سەرباز لە گۆڕەپانی شەڕدا یان ئەفسەر لە سەنگەرێكدا.

بێگومان سەرپێچی كردنی ئەم یاسایە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ خراپەكاری و پشێوی نانەوە.

بەڵێ" ئەم یاسایە ون دەبێ و كاری پێناكرێ كاتێ فەڕزی كیفایە لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا دەگۆڕێت بۆ فەڕزی عەینی و ڕووی گوتارەكە ئاڕاستەی گشت پیاوان و ئافرەتە ئەركدارەكان دەكرێت.. جا ئەمە لە سەردەمی پێشەوا غەزالی ڕووینەدا. واتە لە دە ساڵی كۆتایی ژیانیدا، كە تەنها لەم ساڵانەدا بینەری هێرشی خاچپەرستان بووە، ئەو كاتیش ئەو گەڕابووەوە بۆ نیشتمان و شوێنی لەدایكبوونەكەی.

لەگەڵ ئەمەدا، ئای چەندە ئومێدم دەخواست كەسانێك لە نێو ئەم ڕەخنەگرانەدا گیان لەسەر دەست و فیداكار بووبان لە نێو بزوتنەوەی حەماس یان جیهادی ئیسلامی، یان جەنگاوەر بووبان لە نێو ڕیزەكانی حیزبوڵا لە لوبناندا، تا منیش گومانی چاكم بە پاڵنەری ڕەخنەكانیان هەبووبا.. بەڵام ئەوان نە لەگەڵ بزوتنەوەی حەماس و نە لەگەڵ جیهادی ئیسلامی و نە لە نێو ڕیزەكانی حیزبوڵادان لە لوبنان.

كەواتە ئەوانە كێن؟.. پسپۆڕیەكەیان چییە؟..

پسپۆريەكەيان ڕەخنەگرتنە.. لە پێناو هيچ شتێكدا نييە جگە لە حەزكردن نەبێ لە ڕەخنەگرتن.. ئای چەند كەس هەن لە نێو خەڵكدا بەخت ياوەريان نەبووە لە ئەنجامدانی كاری چاك كە پايەيان بەرز بكاتەوە و سوود بە كۆمەڵگاكانيان بگەيەنن، بۆيە لە جياتی ئەمە دەستيان داوەتە تێكدانی كرداری ئەوانيتر و بازدان بەسەريدا، بەڵكو بەم كارە ئەوە بەدەستدەخەن كە بەدەستيان نەهێناوە لە كاری نووسين و خزمەتگوزارييە سود بەخشەكاندا.

بەڵام تاريكييەكانی تێكشكاندن هەرگيز هيچ ڕۆژێك جێگرەوە نەبووە لە ئەنجام و شوێنەواردا بۆ هەوڵەكانی زانست و بنياتنان.

* * *

سەبارەت بەو تۆمەتانەی كراونەتە پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵێك ڕاستی بێ كرچ و كاڵ و بێ كەموكوری، ئەوا لە خوارەوەدا بە پوختی لەسەری دەدوێم:

يەكەم: ئەوە دووپات دەكەمەوە كە سەلمێنراوە و قسە هەڵناگرێ، لەوەی غەزالی وەك هاوشێوەكانی، كە لە پێغەمبەران و پەيامبەران نين، پارێزراو نين لە هەڵە و لەبيرچوونەوە و نەزانی. بە دڵنيايەوە لە قسەكانی ئەودا شتی وا هەيە كە تەرازووی قورئان و سوننەت وا دەخوازن ڕەت بكرێنەوە و پەسەند نەكرێن.

ئێمە لە كتێبی (إحياء علوم الدين)دا چەندین نموونەی كەم یان زۆر دەبینین، یەكێك لەوانە ئەوەیە دەبینین فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراوی تێدا گەلێك زۆرە.. یەكێكی تر لەو شتانە ئەوەیە لەسەر ئەم فەرموودە ناوبراوانە چەند حوكمێكی بنیاتناوە و دەستی پێیانەوە گرتووە، لەكاتێك ئەم حوكمانە هیچ سەرچاوە و پاڵپشتێكیان نییە جگە لەم فەرموودە لاواز یان پوچەڵانە نەبن.

یەكێك لە نموونەكان ئاگادار كردنەوەی خەڵكە لە زیاد لە بۆنەیەكدا بۆ نەچوونە نێو وردەكارییەكانی قەزا و قەدەر و كێشەكانیان، بەپشت بەستن بەو فەرموودەیەی تەبەڕانی گێڕاویەتیەوە، كە تیایدا هاتووە: ((ئەگەر باسی هاوەڵانم كرا بێ دەنگی هەڵبژێرن و قسەیان لەسەر مەكەن، ئەگەر باسی ئەستێرەكان كرا بێ دەنگی هەڵبژێرن و قسەیان لەسەر مەكەن، ئەگەر باسی قەدەر كرا بێ دەنگی هەڵبژێرن و قسەیان لەسەر مەكەن)). ئەم فەرموودەیە لاوازە، تەنانەت نەناسراوە و ناپەسەندە بەهۆی ئەوەی یەزیدی كوڕی ڕەبیعە لە زنجیرەی گێڕەڕەوەكانیدایە.

یەكێكی تر لە نموونەكان ئەوەیە كە لە كتێبی (الإحياء)دا وتویەتی سوننەتە نینۆككردن سەرەتا بە پەنجەی شایەتمان دەستپێ بكرێ، چونكە پایەی هەیە بەسەر گشت پەنجەكانی تردا، لەم بارەوە شوێنەوارێكی لە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە، كە گێڕانەوەكە ڕاست و دروست نییە.

سەرباری چەند چیرۆك و بەسەرهاتێك کە لە هەندێك کەسی سۆفیەوە گێڕاویەتەوە، ئەوانەی زۆر زیادەڕەویان کردووە لە ئەنجامدانی کاری سەخت و دژوار بە خۆیان، یان لە تێگەیشتنی دونیابەکەمزانی (الزهد)دا ڕێچکەیەکی پێچەوانەی ئەوەیان گرتووە کە قورئان هێناویەتی و سوننەت ڕوونی کردۆتەوە. لەوانەشە غەزالی لەمەدا کۆششی پێچەوانەی هەبووبێ کە پشتیوانی لە خاوەنانی ئەم چیرۆکانە کردبێ. بەهەر حاڵ ئێمە تەنها پشتیوانی لەوە دەکەین کە دەقەکانی قورئان و سوننەت ئاماژەیان پێکردووە، و پێشینە چاکەکان و زۆربەی زانایانی موسڵمانان ڕێککەوتوون لەسەر دەستپێوەرگرتن و کارپێکردنی.

دەربارەی زۆربەی زانایان کە لە پاڵ زانستە زۆرەکەیان، بەوە ناسراون دڵسۆزن بۆ خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ، و کار دەکەن بەم بنەما ژیربێژی و ئاینیانەی کە دەڵێن: (هیچ یەکێك نییە لە ئێمە کە بەرپەرچی نەدابێتەوە و بەرپەرچ نەدرابێتەوە)، ئەو بنەمایەش کە دەڵێت: (ئەوەی پاکە وەریبگرە و ئەوەش پیس و شێلووە فەرامۆشی بکە)، ئەوانە کۆکبوون لەسەر سوود بینین لە چاکە و سوودی زۆر و مەزن ئەم کتێبەی پێشەوا غەزالی، کە یەکێکە لە دانراوە سەرنجڕاکێشە دەگمەنەکان لە مێژووی کەلەپوری ئیسلامیدا، بانگی خەڵکیشیان کردووە بۆ ئەمە، لە هەمان کاتدا ڕوویان کردۆتە ئەو کەلێنەی تێیدایە لە فەرموودە لاواز و بێ بنەماکان، جا ئەم کەلێنەیان گرت بە

لێكۆڵینەوە و لەبێژینگ دانان و ڕاستكردنەوە و هەڵسەنگاندنی فەرموودەكان، هەروەك حافزی عێراقی ئەمەی كردووە، و ئیبن سوبكی لە كتێبی تەبەقاتەكەیدا گشت فەرموودە لاواز و بێ بنەماكانی كۆكردۆتەوە كە لە كتێبی (الإحياء)دا هاتووە و سەرنجی لەسەر داوە، دواتر ڕوویان كردۆتە هەڵسەنگاندن و ڕاستكردنەوەی هەڵە كۆششی (إجتهاد)ییەكان و وەڵامیان داوەتەوە و ئاگاداریان لەسەر داوە. بەمەش ئەو خێر و سوودە مەزنەیان پاراست، كە زۆر بە دەگمەن لە كتێبێكی تری جگە لەم كتێبەدا دەیبینی، لە هەمان كاتدا پاكسازیان بۆ كرد لەو كرچ و كاڵی تێیدا بوون و ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیران. جا ئەگەر تۆ بەراوردێك بكەی لە نێوان ئەو چاكە و سوودە فرە جۆرە و دەگمەنەی لە كتێبەكەدایە، لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن یان ئەو هەڵانەی تێیدان، ئەوا دەگەیشتیتە ئەو ئەنجامەی كە هەرچەندە زیادەڕەوی لە بە زۆر وێناكردنی كراوە، ئەوا هەر لە ١٪ تێپەڕ ناكات.

سەبارەت بە كەمینەیەك لە زانایان — كە هەموویان لە مالكییەكانی مەغریبن — ئەوا پێداگربوون لەسەر ئەوەی دراوسێ بە تاوانی دراوسێ سزا بدەن، وا پێیان باشتر بوو بنیات و تەلارە چاكەكە هەڵبوەشێننەوە و بڕوخێنن، كە هەژاران و پەنابەران كردوویانەتە پەناگە، بەهۆی چەند دەرگایەك كە بە توندی دانەخراون، و چەند پەنجەرەیەك كە هەوا و تۆزی تێدا دزە دەكات. بۆیە پێداگریان كرد لەسەر پێویستی سوتاندنی كتێبی (الإحياء). جا بەم هۆیە دانەكانی ئەم كتێبە لە زۆربەی شوێنەكانی وڵاتی مەغریب سوتێنران.

ئا ئەمە جیاوازیەکەیە لە نێوان ئەو کەسەی کەموکوریەك دەبینێ لە کارێکدا کە سودێکی مەزن و بەرەکەت و خێری فراوانی هەیە، جا هەوڵ و چالاکی ئەنجام دەدات بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکورییە، ئەمەش بەهۆی بەپرۆشبوونی بۆ ئەوەی بەرەکەتەکەی لە خەڵك دانەبڕێ، و هاریکاری کردنی خاوەنی ئەم نەمامە بۆ چاودێری کردنی بنیاتەکە و بڵاوکردنەوەی وشە و وتەی ڕاست، لەگەڵ ئەوەی تەنها خەم و کاری دۆزینەوەی کەموکورییەکانە، تا بیانکاتە هۆکارێك بۆ تێکشکاندنی تێکڕای بینا و تەلارەکە، و تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی خاڵەکانی کەمتەرخەمی دەستنیشان بکات و لە نێو خەڵکدا بیناسێنێ و لەسەر سەری ڕمی بوغز و قینەکانی بەرزی بکاتەوە.

# چەند نموونەیەك لە بلیمەتییە زانستییە سەرنجڕاكێشەكەی غـــــــەزالی لە كتێبەكانیدا

لە ڕاستیدا ئەمانە چەند دیمەنێك نین، بەڵكو لە زۆربەی دانراو و كتێبەكانی غەزالیدا دەیبینی، لە توێژینەوەی پرسەكان و قوڵبوونەوە تێیاندا تا ناوەڕۆك و گەوهەرەكەیان، و دەرخستن و دانانیان لەبەر چاو و دڵی خوێنەر بە ڕوون و ڕۆشنی لە ڕێگەی پەیڕەوە زانستییە تاقانەكەی كە تەنها خۆی هەیبووە !..

بەڵام من تەنها چەند یمەنێك لەوانە دەخەمەڕوو، كە بەسن بۆ ئاشكرا كردن و پەردە لادان لەسەر بلیمەتی غەزالی و زیرەكییە لە ڕادە بەدەرەكەی، و بێژە و وشە ناسكەكانی و دەربڕینە ڕەوانەكەی. بێگومان ئەمە خوێنەر مەندەهۆش دەكات لە بەدواداچوون كردن بۆ نووسینەكانی، و شوێن پێهەڵگرتنی گەشتە زانستییەكەی لە سنووری ئەوەی بۆی دەگونجێ لە خوێندنەوەی ورد بۆی.

یەكێك لەم دیمەنانە، ئەم دیمەنەی خوارەوەیە، كە غەزالی لە سەرەتاكانی بەشی حوكمدا باسی كردووە، لە كتێبەكەیدا (المستصفی)، جا نووسینی ئەم كتێبە بە دوو ساڵ و شتێك پێش ئەوەی بمرێ تەواو كرد.

بەشی حوكم" بە یەكێك لە بەشە بەراییە هەرە گرنگەكانی زانستی بنەماكانی فیقه دادەنرێت، زانایانی پسپۆر لە شەریعەتی ئیسلامدا تیایدا ئەوە

دەسەلمێنن کە تەنها خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، بەدیهێنەری سیفەتی گشت شتەکانیشە. جا خوا بەدیهێنەری خودی چاکەیە و هەر ئەویش سیفەتی چاکە و ماناکانی تێدا بەدیهێناوە. هەر ئەویش بەدیهێنەری خودی خراپەیە، و هەر ئەویش سیفەتی خراپەی بە بەردا کردووە.. کەواتە حوکمەکانی خوای پایەبەرز لە شەریعەتەکەیدا پاشکۆ یان ملکەچی داخوازی سیفەتی چاکە یان خراپە لە شتەکاندا نییە. بەڵکو سیفەتی چاکە و خراپە لە شتەکاندا پاشکۆ و ملکەچی حوکمی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆیە.

شتێکی زانراوە ئەم بۆچوونەی زۆربەی زانایانی پسپۆر لە شەریعەتی ئیسلامدا، پێچەوانەی بۆچوونی موعتەزیلەیە. جا موعتەزیلە پێیان وایە لە خودی شتەکاندا ئەوە هەیە کە مانای چاکە و خراپە دەبەخشێ. واتە سیفەتی چاکە یان خراپە و جوانی یان ناشرینی لە شتەکاندا خودی و ناوخۆییە، ڕەچاوکاری و ڕووکەشی نییە کە لە ڕێگەی بەدیهێنان و هاودەم و پەیوەستبوونەوە بێت.

ڕێگەی پەیڕەوکراو لەلایەن گشت نووسەران لە بواری زانستی بنەماکانی فیقهدا، ئەوەیە بڕیار و پەسەندکراوی زۆربەی زانایان و بەڵگەکەیان دەخەنەڕو، دواتر ڕا و بەڵگەی موعتەزیلە بەدوایدا دەخەنەڕوو. پاشان ئەوەی زۆربەی زانایان پەسەندیان کردووە ئەوانیش پەسەندی دەکەن... جا ئەمە ڕێگەیەکی دووبارە بووەوەی هاوشێوەیە، نووسەران لە یەکترەوە وەریدەگرن.

بەڵام پێشەوا غەزالی ئەم پرسەی کردۆتە بابەتێکی زانستی سەربەخۆ، لە پێناوی پاڵفتەکردنیدا دۆزێکی تاوتوێی زانستی وردی کردۆتەوە کە پێشتر شتی وا نەکراوە، ئینجا پەیڕەوە زانستییەکەی خۆی جێبەجێکرد کە خۆی پێیەوە پابەندە.

پێش هەموو شتێك بەشێوەیەکی دیاریکراو، گشت ئەو مانایانەی کۆکردەوە کە لەوانەیە هاومانا بن بۆ وشەی چاکە یان خراپە (الحسن أو القبح)، لە هەر کردەوە یان شتێکدا. ئەمەش لە ڕێگەی هەڵهێنجانی کرداری. دواتر دەستی کردووە بە لادانی یەك لە دوای یەکی هەر یەکێك لەو مانایانەی نایەنە نێو بازنەی توێژینەوە و خاڵی ناکۆکی.. تا ئەو کاتەی بازنەکە بەرتەسك دەبێتەوە و مانا خوازراوەکە دیاری دەکرێ، بەمەش خاڵ و شوێنی ناکۆکی دیاری دەکرێ و قەبارەکەشی ڕێکدەخرێ لە نێوان موعتەزیلە و زۆربەی زانایان، غەزالی دەستی کردووە بە سەرنج خستنەسەر (سەرچاوەی هەڵەکان) بەپێی دەربڕینی خۆی، کە موعتەزیلە تێیدا خلیسکاوە. ئینجا بە تێروتەسەلی و هێمنی دەدوێ لەسەر ئەو سەرچاوانە کە موعتەزیلە تێوەگلاون، بەوەی ئەو نموونەیەی لای موعتەزیلەکان زۆر خۆشەویستە، کە چاکی ڕزگارکردنی کەسی نقوم بووە، دەخاتە ژێر ئەزموون و توێژینەوە.

قسەی غەزالی لەبارەی سەرچاوەی هەڵەکانی موعتەزیلە دوور و درێژ و تێروتەسەلە، بەڵام من لێرەدا پوختەیەکی لێ باس دەکەم، کە بەرجەستەی

تایبەتمەندییە زانستییە سەرنجڕاکێشەکانی غەزالی دەکات، کە پێی لەوانی تر جیاواز بووە.

غەزالی دەستی کردووە بە ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخەی کە هەڵەی موعتەزیلە تێیدا ڕوون و ئاشکرایە.. دواتر تێپەڕیوە و چووەتە سەر دۆخی دەستنیشان کردنی ئەو هۆکارانەی هەڵەکانیان کە کەمێك ناڕوون و نادیارن.. ئینجا چووەتە سەر دۆخی سێیەم کە ڕووی هەڵەی موعتەزیلە تێیدا شاراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە کرۆك و نهێنیەکەی داوە، لە میانەی زانیاریە ورد و سەرنجڕاکێشەکانی لە بواری زانستی دەروونزانیدا، ئەمە گۆڕەپانێکە کەم وایە جگە لەو تێیدا هاتوچۆ بکات.

سەبارەت بە سەرچاوەی هەڵەی موعتەزیلە لە دۆخی یەکەمدا، ئەوەیە پێیان وایە مرۆڤ پاڵدەنرێ بۆ ڕزگارکردنی کەسێك کە خەریکە نقوم ببێ، ئەوەی پاڵی دەنێ بۆ ئەمە ئەوەیە دەزانێ خەڵك ستایشی دەکەن لەسەر ئەم کارە و دەدوێن لەبارەی پیاوەتی و بەهاناوەچوونەکەی. جا چاکبوونی ئەم کردارە لەم پاڵنەرە دەرەکیەوە هاتووە. ئەمەش ڕوون دەبێتەوە لەو دۆخەی چەند خەڵکێك لە دەوریدا دەبن و کارەکەی دەبینن. جا ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر گریمانەی بوونی خەڵك کرا کە بینەری ئەم کارە مرۆییەی ئەو بن.

سەرچاوەی هەڵەکەیان لە دۆخی دووەمدا، بریتییە لە گریمانەکردنی نەبوونی هیچ یەکێك لە دەوریان کە ئەم کارە مرۆییەی ببینن، بەڵام ئەو پاڵ دەنرێ بۆ ڕزگارکردنی نقوم بووەکە، دەزانێ ئەگەر کەسەکەی لە تیاچوون ڕزگار کرد ئەوا خەڵکی لەوانەیە بەوێدا تێپەڕ ببن و بدوێن لەبارەی جوامێری و مرۆیی و پاڵەوانێتیەکەی لەسەر ئەو کارەی کە دەیکات. ئەم تێڕوانینە پاڵنەر دەبێ لەسەر ئەم کردارە، ئەمەش بەهەمان شێوە لە پاڵنەرێکی دەرەکییەوە هاتووە. جا ئەم نموونە دووەمە هەروەك وتمان کاتێك دەبێ کە لە دەوری کەسی نقوم بوو یان ڕزگارکەر هیچ کەسێکی بینەر نەبێ. هەر بۆیە هۆکاری هەڵەی موعتەزیلەکان لێرەدا کەمتر ڕوونە.

سەرچاوەی هەڵەکەیان لە دۆخی سێیەمدا، کە ئەمەیان لە هەموویان وردتر و شاراوەترە، ئەوەیە گریمانەی ئەوە دەکەن شوێنەکە هیچ خەڵکێکی گەریدەی پێدا نەیەت، کەسی نقومبوو هیچ پاڵنەرێك نابینێ لەلای کەسی بەرامبەر تا ڕزگاری بکات، کەچی کەسی بەرامبەر لەگەڵ ئەمەشدا پاڵدەنرێ بۆ ڕزگار کردنی کەسی نقومبووەکە. بەڵام غەزالی دەڵێت: سەرچاوەی هەڵەکە لێرەدا کاریگەربوونی دەروونی مرۆییە بە ڕاز و خەیاڵی فریودەر کە غەزالی ناوی دەنێ (پێشتر وێناکردنی پێچەوانە). منیش دەڵێم: مەبەستی غەزالی لەمە ئەوەیە کە ئەمرۆ ناوی دەنێن کاردانەوەی مەرجدار. ئینجا غەزالی لێرەدا دەوەستێت تا خوێنەر ئاشنا بکات بەم یاسایە، بەم بۆنەیە شیکاری دەکات بۆ چۆنیەتی کاریگەربوونی زۆربەی خەڵك ئەگەر نەشڵێین: هەموویان پێی.

چەندین نموونەی زۆر و فرە جۆر لەسەر ئەمە دێنێتەوە، تا ئەوەی خوێنەر بە تەواوی لێی تێدەگات و تامەکەی دەچێژێت، و ئاشنای دەکات بە چۆنیەتی کاریگەربوونی لە خەیاڵدا، دووبارە گەڕاوەتەوە و چۆنیەتی جێبەجێ بوونی (پێشتر وێناکردنی پێچەوانە) لەسەر کەسی نقوم بوو لە دیمەتی سێیەمدا ڕوون کردۆتەوە، کە هیچ کەسێك کردەوەی کەسە ڕزگارکەرەکە نابینێ و پێشبینی ناکرێ دواتریش کەس ببینێ.

لێرەدا غەزالی دەڕوات ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەم مرۆڤە کاتێك ئەو کەسەی نقوم بووە و خەریکە بخنکێت دەبینێ، کە هاواری بۆ دەهێنێ و دەستەکانی بۆ بەرز کردوونەتەوە، ئەوا دەبێ مرۆڤەکە بەپێی سروشتی مرۆیی خۆی وێنای ئەوە بکات کەسە نقومبووەکە لە نێو تەنگەژەدایە و ئەو بەلایی کەسێکدا تێپەڕ دەبێ بێ ئەوەی بایەخی پێبدات. ئەو کاتە وێنای ئەوە دەکات کە چەندە هەست بەبێ نرخی وکەمی دەکات بەرامبەر کەسە نقومبووەکە..ئەو کاتە هەست بە ئازار دەکات، واتە لەکاتی ئەم خەیاڵ و وێناکردنە هەستەکانی هەست بە ئازار دەکەن، بەپێی ئەوەی کارتێکراوێکی سروشتییە، دواتر سەیری بارودۆخی ئەو کەسە نقومبووە دەکات کە بەلایدا تێپەڕ دەبێ و بەزەیی پێدا نایەتەوە، جا ئەم کاریگەربوونە لە ناخیدا هاودەم لەگەڵ دیمەنی کەسەکە کە خەریکە بخنکێت، کەچی ئەو نەچووە بۆ ڕزگارکردنی هەموو ئەمانە وێنای ئەوە لای ئەو دەکەن ئەم کەسە نقومبووە لەو ساتەدا بە سوك و ڕیسوایی

سەیری ئەو دەکەن، بۆیە مرۆڤەکە بە پاڵنەری حەزی شاراوە هەڵدەستێت بە لادانی ئەم تۆمەتە لەسەر خۆی، کە وا وێنای دەکات سەرچاوەی گرتووە لە ڕوانینی کەسە نقومبووەکە، ئەمەش بەپێی یاسای هاوتایی مەرجی، کە بێگومان ئێش و ئازاری پێ دەگەیەنێت.

غەزالی ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەستی مرۆیی لەوانەیە لەم ساتەدا نەپرژێتە سەر ئەم شیکردنەوە وردە، بەتایبەت کاتێك کەسی نقومبوو ئاگاداری ئەو یان سەرنجی لەو نەدابێ، بەمەش پیاوەکە وا خەیاڵ دەکات تەنها لەبەر چاکی خودی پاڵنراوە بۆ ڕزگار کردنی کەسەکە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەم کارە دەکات بۆ بەرگری کردن لە خود و ڕێز و جوامێریەکی دژی خەیاڵێك، نەریتی خەڵك وایە بەم خەیاڵە کاریگەر دەبن، زیاتر لە کاریگەربوونیان بە ڕاستییە چەسپاوەکان، ئەگەرچی ئەم پاڵنەرە لە زۆربەی جاراندا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە لەسەر گۆڕەپانی هەستی ڕووکەشدا.

کەواتە ئێستا سەیری بنچینەی ئەم پرسە بکە، کە چەندە بچوك و لاوەکییە، بێگومان ئەمە پرسی حوکم و بڕیارە لە پێوەری شەرعدا، ئایا دەکرێ عەقڵ بە سەربەخۆ و بێ پشت بەستن بە سروش بڕیار بدات؟ بێگومان لە تواناتدایە ئەمە بخوێنیەوە لە هەر کتێبێك لە کتێبە درێژبڕ یان کورتبڕەکانی زانستی بنەماکانی فیقه، هیچ یەکێکیان نابینی بتانباتە دەرەوە لە بازنەی پرسێکی فیقهی کە خاوەن ڕەگ و ڕیشەیە لە زانستی بنەماکانی فیقهدا.

ئەوەندە هەیە غەزالی شیکردۆتەوە و بەش بەشی کردووە، دابەشی کردۆتە نێو ڕەهەندە زانستییە فرە جۆرەکان، ڕایەڵە بەستەرەکانی نێوان ئەم بەشانە دەرخستووە لەگەڵ ئەو شیکردنەوە زانستی و یاسا و حوکمە دەروونیانەی پێیەوە پەیوەستن. لەمەدا بەڵگەی زانستی بەرپاکردووە لەسەر ئەو ڕاستیەی پێشینە چاکەکان و تێکڕای ئەهلی سوننە و جەماعەت بۆی چوونە، لەوەی ئەو چاکە یان خراپەیەی کە لە شت یان کردارەکاندا دەیبینین، بریتییە لە وەسفێکی ڕووکەشی لەناکاو کە بەسەریاندا دێت، نەوەك مانایەکی خودی بێ لە سروشتی شت یان کردەوەکاندا بێ، هەروەك لەمەدا بەڵگەی زانستی هەڵهێنجاوە لەسەر خەیاڵی ڕوونی لە ساتێکدا و خەیاڵی شاراوە لە ساتێکی تردا، کە موعتەزیلە تێیدا خلیسکاون.

* * *

دەی با ئێستا لەبەردەم برگە و دیمەنێکی تردا بوەستین، کە بەهەمان شێوە بلیمەتییە سەرنجڕاکێشەکەی غەزالی دەردەخات لە هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ زانستدا، و لەسەر توانا زۆرەکەی لە دیارخستنی ئەوەی زانستی ڕاستەقینە تەنها درەوشاوەترین بەڵگە دەبێ لەسەر سەلامەتی ئاینی ڕاست و دروست.

هەڵوەستەمان لەگەڵ ئەم دیمەنە، لە کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی غەزالی دەبێ، هەڵوەستە لەسەر شیکارییە زانستیە وردەکەی دەکەین، کە لە میانەیدا مشتومڕی کردووە لەگەڵ فەیلەسوفە یۆنانیەکان و لاساییکەرەوانیان لە فەیلەسوفە ئیسلامییەکان، لەبارەی پرسی یاسای هۆکار و ڕووە ڕاستەقینەکەی.. لە میانەی ڕوونکردنەوەیەکی درێژبڕ، بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە هۆکارە و دەبێ ئەنجامەکەی ببێ، لە دونیای سروشت و شتە مادديیەکاندا، ئەمانە لە ڕاستیدا تەنها لە قەبارەی زانستی ورددا هاوتا و هاودەمبوونی ڕووتە، خەیاڵی دەروونی لەلای خۆیەوە — بەهۆی زۆری ماوەی هاودەم بوون و لێکدانەبڕانەوە — حوکێکی زاناخوازی داوەتە پاڵی، بێ هیچ بەهایەکی زانستی ماددی، ئەویش خەیاڵکردنی بوونی ئەم هاودەمبوونەیە بێ چەند و چوون لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، بێ ئەوەی ئەم بڕیارەی ناخ و دەروون هیچ بەڵگەیەکی هەبێ لەسەر بەردەوامبوونی ئەم هاودەمییە.

گرنگترین شت لەم توێژینەوە سەرنڕاکێشەدا کە غەزالی لە گشت لایەنە زانستیەکانیەوە تاوتوێی کردووە، لەمەشدا دەستپێشخەر بووە و پێش زانایانی یاسا دەستکرد و ئەزموونییەکان کەوتۆتەوە، کە لە دوای ئەو هاتن، غەزالی لە میانەی ئەمەدا تێبینی داوە لەسەر جیاوازی ئەوەی ناوی ناوە دڵنیایی مەشقی و ڕوونکردنەوە بۆ جیاوازیە وردەکان داوە کە زۆربەی توێژەران سەرنجی نادەن، لەگەڵ دڵنیایی زانستی.

من نەمزانیوە — بەپێی شارەزایی و خوێندنەوەکەم — هیچ یەکێك بەر لە غەزالی دەستپێشخەر بووبێ بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم (دڵنیاییە مەشقییە)، و ڕوونکردنەوە دان لەبارەی جیاوازی نێوان دڵنیایی مەشقی و دڵنیایی زانستی، هەرچەندە زۆر جارجیاوازی نێوان ئەم دوو زاراوەیی تێکەڵبووە لەلای زۆرێك لە توێژەران و زانایان!..

دڵنیایی زانستی بریتییە لە بەرهەم و وەدەستهاتووی بەڵگە زانستییە بڕاوە ڕووتەکان، دوور لە دەسەڵات و کاریگەرییەکانی دەروون. جا هەروەك غەزالی لە زیاد لە جێگایەکی کتێبەکەیدا (الإحیاء) باسی لەوە کردووە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی زانستی، ئەوا مرۆڤ پێویستی بە سەختی و دژواری بەردەوام هەیە بۆ ڕزگارکردنی عەقڵ لە ئارەزوو و ڕازە فریودەرەکانی دەروون، هەروەك پێویستی بە ڕێگەخۆشکردن هەیە بۆی لە بادانەوە ساختە هزریی و بەرزی و نزمی گومان و دەمارگیرییەکان.

سەبارەت بە دڵنیایی مەشقی، بریتییە لەوەی بەڵگەی لەسەر پەیدابووە، کە دەروون پێی دڵنیا و ئاسودە دەبێ و و متمانەی پێ دەبێ بەوەی دەکرێ پشتی پێببەستێ بێ ئەوەی بەڵگەی زانستی بڕاوە هاودەمی ئەم بەڵگانە بن. لە دیارترین ئەو نموونانەی غەزالی دەیانبینێ، ئەو هاودەم و پەیوەستبوونە بەردەوامانەن کە لە نێوان هەر دوو شتی پێشتر و دواتردا هەیە، بەوەی بینەر خەیاڵی دەکات بەهۆی درێژی ماوەی هاودەمبوونی هۆکار و ئامانجەکان. لەبەر

ئەوەی درێژی ماوەی هاودەم و پەیوەستبوون لە نێوان دوو شت بەبێ بوونی هەر دابڕانێك لە نێوانیاندا، ئەمەش دڵنیایی بە دەروون دەبەخشێ كە هاودەم و پەیوەستبوون بەردەوام دەبێ، هەرگیز هیچ كرچ و كاڵییەك دروست نابێ لەو پەیوەندیەی كە لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش وەك دڵنیابوونی دەروون بەوەی ئاگر هەمیشە سوتێنەرە، ئەمەش بە پشتبەستن بەو ئەزموونە زۆرەی ڕابردوو، كە هیچ پاشكەوتن و كرچ و كاڵییەكی تێدا دەرنەكەوت.

غەزالی ئەوە پەسەند دەكات كە ئەم دڵنیاییە، ئەگەر زانستیش نەبێ، ئەوا ئەوەندە هێزەی تێدایە كە پێویستە بۆ پشت پێبەستن لە دامەزراندنی سیستەمی ژیان، و هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ژیان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی كە هەن. ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ نەكەوێتە نێو گومڕایی و پشێوی لە نێو گریمانە عەقڵییەكان، كە لەوانەیە وایان لێبكات باوەڕی بە هیچ شتێك نەبێ. بەتایبەت كاتێك گوێبیستی زانایان دەبێ دەڵێن: ئەم هاودەم و پەیوەستبوونەی هەیە لە نێوان ئەو هۆكار و ئامانجانەی دەیبینین، ئەوا جێگای متمانە نین، هیچ بەڵگەیەكی زانستی نییە لەسەر ئەوەی پەیوەندی نێوانیان دەبێ هەر هەبێ.

بەڵام غەزالی دێتەوە و جەخت لەوە دەكاتەوە، كە پێویستە مرۆڤ خۆی لەم دڵنیایی مەشقییە دابماڵێ و ڕزگار بكات، كاتێك دەیەوێ ڕابمێنێ و شتەكان بخاتە بەردەم تەرازووی بەڵگە زانستییە پاك و بێ كرچ و كاڵەكان، هەروەك

پێویستە پێداگر بێ لەسەر ئەوەی دایبنێتە نێو تەرازووی عەقڵی ڕووتدا؟ چونکە هەڵسوکەوتی ئەزموونی لەگەڵ ژیان شتێکە، توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی یاساکانی لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە زانستییە ڕووتەکان شتێکی ترە[1].

دەگەڕێمەوە و ئەوە دووپات دەکەمەوە کە وتم: من هێشتا باوەڕم وایە غەزالی یەکەم کەس بووە کە جیاوازی نێوان هەر دوو جۆری دڵنیایی دۆزیوەتەوە: دڵنیایی مەشقی دەروونی و دڵنیایی عەقڵی زانستی. و یەکەم کەس بووە کە جیاکاری لە نێوان ئەرکی هەر یەکێکیاندا کردووە، و بوار و کاری هەر یەکێکیانی دیاریکردووە.

جا ئەگەر من بە هەڵەداچووم لەمەدا، کەسانێکیش هەبن بزانن کەسی تر پێش غەزالی ئەم ڕاستییە گرنگەی ڕوونکردۆتەوە، ئەوا لەلایەن خۆمەوە سوپاسێکی گەرموگوڕی ئاڕاستە دەکەم ئەگەر بەخشندەیی بنوێنێ و ئاگادارم بکاتەوە لەمە و ناوی ئەو زانا یان فەیلەسوفەم بۆ باس بکات، کە پێش غەزالی

---

(١) بڕوانە: (تهافت الفلاسفة) و ڕەتدانەوەی غەزالی بۆ تێڕوانینی فەیلەسوفەکان سەبارەت بەوەی کە پێیان وایە پەیوەندی نێوان هۆکار و ئامانج دەبێ هەر هەبێ، ڕابمێنە لە ڕوونکردنەوە درەوشاوە سەرسوڕهێنەکەیدا لە شیکردنەوەی ئەم باسە و تاوتوێکردن و مشتومڕی ئەوانی تر تیایدا، ٢٣٧ بە لێکۆڵینەوەی سولەیمان دونیا.

دواوە لەسەر (دڵنیایی مەشقی) و سیماکانی جیاوازی لە نێوان ئەو و (دڵنیایی زانستی).

گومان لەوەدا نییە ئەم شیکردنەوە گرنگە، مەشخەڵ و ڕێبەرێکی زۆر گرنگە لەسەر ڕێگای مەعریفە و بەرەوخواچوون.

با ئەم بڕگە و دیمەنانە بە نموونەیەك کۆتایی پێبهێنین، کە لە کتێبی (إحياء علوم الدين) وەریدەگرین.

هیچ گومانێکم نییە" لەوەی ئەم کتێبە یەکێکە لە دانراوە سەرنجڕاکێش و دەگمەنەکان لە مێژووی کەلەپوری ئیسلامیدا، هەروەك پێشتریش ئەمەم ڕوونکردەوە. لە ڕاستیدا ئەمە فەرهەنگی چەندین زانستی جیاوازە !.. لە دوو توێی خۆیدا دەروونزانی و ڕەوشتناسی و کۆمەڵناسی و ئابووریناسی لەخۆگرتووە لە پاڵ زانستە ئیسلامییەکانی تر لە بیروباوەڕ و فیقه و تەفسیر و تەسەوف (مەبەستم زانستی دەردەکانی دڵ و چارەسەرییەکانیەتی).. بەڵام تۆ ئەم زانستە جیاواز و فرە جۆر و بڵاوانەی نێو ئەم کتێبە بە تەنیا و یەك لە دوای یەکەوە نایبینی، وەك کۆگایەك کە جۆرەها کەلوپەلی ڕیز کراوی لەخۆگرتووە، بەڵکو غەزالی چەندین لایەن و بنەمای هەماهەنگ و یەکگرتووی بۆ بنیاتێکی زانستی لێ داڕشتووە، لێیەوە کۆکراوەیەکی بۆ زانستە ئیسلامییە کامڵەکانی لێ دروستکردووە کە هیچیان زیاد نیین.

له تێشووی ئەم كتێبە كۆمكارەدا دیمەنێكت بۆ هەڵدەبژێرم، كە پێشبینی ناكەی تێیدابێ، بەڕاستی ئەو توێژینەوە و پرسانە زۆرن كە پێشبینی ناكەی لەم كتێبەدا بن، ئەمەش وێنای وات بۆ دروست دەكات كە هیچ پەیوەندییەكی نییە بە هیچ شتێك لە زانستەكانی ئایین و حوكمەكانیەوە.

لێرەدا بەجێتدەهێڵم، لەگەڵ ئەم بڕگەیە لە وتەی غەزالی لە كتێبی (الإحياء) لەبارەی ڕەخنەی (بەها) و ئەركەكەی لە كۆمەڵگەدا، و پەیوەندی نێوان بەها و ئەو سوودانەی خەڵك لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەكەن، تا لە میانەی ئەمەدا سەرنج بداتە دانایی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ و ڕەحمەت و میهرەبانیە بێ ئەندازەكەی كە لەگەڵ بەندەكانی دەكات، ئەمەش وایان لێدەكات سوپاسگوزار بن و خوای مەزنیان خۆشبوێت، دواتر پابەند بن بە فەرمانەكانی كە تەنها خێر و چاكە لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرێت، جا گوێ بۆ وتەكەی بگرە، ورد ببەوە لە شێوازە درەوشاوە و ڕوونبێژیە ناسك و جوانەكەی:

((كەواتە با باسی یەك نموونەی پەند و دانایی شاراوە بكەین، كە بەیەكجاری شاراوە نییە، تا پەندی لێوەربگری و ئاشنای ڕێگەی سوپاسگوزاری و سپڵەیی نواندن لەسەر بەخششەكان ببین، جا دەڵێین: یەكێك لە بەخششەكانی خوا بەدیهێنانی دیرهەم و دینارە، چونكە كاروباری دونیایی لەسەر وەستاوە، لە كاتێكدا ئەمانە دوو ماددەی ڕەقن هیچ سوود لە خودی ئەواندا نییە، بەڵام خەڵك پێویستی پێیانە چونكە هەر مرۆڤێك پێویستی بە

چەندین شتی زۆر هەیە لە خواردن و پۆشاك و گشت پێداویستییەکانی. لەوانەیە نەتوانێ پێداویستی خۆی دابین بکات، لە هەمان کاتدا ئەوەشی هەبێ کە پێویستی پێی نییە. وەك ئەو کەسەی زەعفەرانی هەبێ کەچی پێویستی بە ویشترێك بێ تا سواری ببێ. لەوانەیە ئەو کەسەش کە وشتری هەیە و پێویستی پێ نییە، کەچی پێویستی بە زەعفەرانە، بۆیە دەبێ ئاڵوگۆڕی ڕووبدات، دەبێ ئەندازەی ئاڵوگۆڕ کراو دیاریکراو بێ. هیچ هاوتاییەك نییە لە نێوان زەعفەران و وشتردا، تا بەم هۆیەوە بوترێت: بە ئەندازەی یەك لە قەبارەی یان وێنەدا لە بەرامبەر یەکدا دەگۆڕدرێنەوە.. بەهەمان شێوە ئەوەی خانووێك بە پۆشاکێك، یان کۆیلەیەك بە خوفێك، یاخود ئارد یە گوێدرێژێك بکڕێت.. ئەوا ئەم شتانە هیچ هاوتاییەك نییە لە نێوانیاندا. نازانرێ وشترێك بەرامبەر چەند زەعفەرانە، بۆیە مامەڵە و ئاڵوگۆڕ زۆر سەخت دەبێ. بۆیە ئەم شتە پەرش و بڵاوە و لە یەکتر دوورانە پێویستیان بە نێوەندگیرێکە کە بڕیارێکی دادگەرانە لە نێوانیاندا بدات، پلە و پێگەی هەر شتێك بخاتەڕوو. تا پلە و پێگەکان جێگیر دەبن، ئەو کات بەمە شتە ناهاوتاکان دەزانرێ کامانەن، جا خوای پایەبەرز دینار و دیرهەمی بەدیهێناوە تا دادوەر و نێوەندگیر بن لە نێو گشت سامان و داراییەکان، و بۆ ئەوەی بەها و نرخی سامان وماڵی پێ دیاری بکرێت. دەوترێت: ئەم وشترە بەهاکەی یەکسانە بە سەد دینار، ئەم ئەندازەیە لە زەعفەران بەهاکەی یەکسانە بە سەد دینار، جا ئەوان لەو ڕووەی یەکسانن لەگەڵ یەك شتدا، کەواتە یەکسانن لە بەهادا بەم جۆرەی باسکرا. هەموار کردن

و گونجان بەم دوو دراوە کراوە، چونکە هیچ مەبەستێك پەیوەست نییە بە خودی ئەوان. خۆ ئەگەر مەبەست و تایبەتمەندیەك هەبووبایە، ئەوا لەوانەیە ئەم مەبەست و تایبەتمەندییە لای مامەڵەکارێك مایەی سوود بووبا، بەڵام بۆ مامەڵەکارەکەی تر هیچ مەبەستێکی تێدا نەبووبایە، بەمەش شتەکە نارێك دەبوو. بۆیە خوای گەورە ئەم دوو دراوەی دروستکردووە تا دەستاودەستیان پێ بکرێت و ببنە دادوەری دادگەر لە نێوان سامان وماڵەکاندا، هەروەها دانایيەکی تریشی تێدایە ئەویش دەست گەیشتنە بە گشت شتەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر دووکیان خۆشەویستن لە ناخی خۆیاندا و هیچ مەبەستێکیش هەڵناگرن لە خودی خۆیاندا، درانە پاڵیان بۆ لای گشت دارایی و سامانەکان یەك ڕێژەیە. جا ئەوەی ئەم دوو دراوەی هەبێ وەك ئەوە وایە هەموو شتێکی هەبێ، نەوەك وەك ئەوەی پۆشاکێکی هەیە، ئەوا ئەو کەسە تەنها پۆشاکی هەیە و بەس. خۆ ئەگەر حەزی بچێتە خواردنێك، ئەوا لەوانەیە خاوەنی خواردنەکە حەزی لە پۆشاکەکە نەبێ، چونکە لەوانەیە پێویستی بە ئاژەڵێك بێ، بۆیە پێویستی بە شتێك بوو کە لە خودی خۆیدا هیچ شتێك نییە، لە ماناشدا وەك ئەوە وایە هەموو شتێك بێ. و وەك ئەو شتەیە کە لە ئاست شتە جیاوازەکانە، ئەگەر ئەو شتانە وێنەیەکیان نەبێ کە گوزارشت لە بەهاکەیان بکات، وەك ئاوێنە کە ڕەنگی نییە، بەڵام هەموو ڕەنگەکان پیشان دەدات. دراویش بەهەمان شێوەیە، هیچ مەبەستێکی بە خودی ئەو جێبەجێ نابن،

بەڵام ئامرازيشە بۆ بەدەستخستنی گشت مەبەستێك، هەروەها وەك پيت وايە كە بەخۆی هيچ مانايەك ناگەيەنێ، كەچی بەهۆی پيتەوە مانا لە شتی تر دەدات. ئەمەيان پەند و دانايی دووەمە. هەروەها چەندين پەند و دانايی تريان تێدايە كە باسكردنيان درێژە دەكێشێ.

جا هەر كەسێك كارێك بەم دوو دراوە بكات نەگونجاو بێ لەگەڵ ئەم پەند و داناييە، تەنانەت دژ بێ لەگەڵ مەبەستی بەديهێنانەكەيان، ئەوا لەمەدا سپڵە بووە بەرامبەر بەخششی خوای پايەبەرز لەمانەدا. جا هەر كەسێك ئەم دراوانە بخاتە نێو گەنجينە و خەزێنەكان و بيانشارێتەوە، ئەوا بەم كارەی دانايی و حيكمەت لە بەديهێنانی ئەم دراوانەی پێشێل كردوە، جا وەك ئەو كەسەی لێدێت كە كاربەدەست و دادوەری موسڵمانانی زيندانی كردبێ، بەمەش نەتوانێ هەڵسوكەوت بكات و بڕيار بدات. لەبەر ئەوەی ئەگەر دراوەكان خرانە نێو گەنجينە و خەزێنەكان و پەنهان كران، ئەوا مەبەست و حيكمەتی بەديهاتنيان ون دەبێ. چونكە ديرهەم و دينارەكان بەتايبەت بۆ زەيد وعەمر دروست نەكراون، و هيچ كەسێك هيچ مەبەستێكی تاكەكەسی لە خودی ئەواندا نييە، چونكە تەنها دوو ماددەی ڕەقن، بەڵكو تەنها بۆ دەستاودەست كردن بەديهاتوون تا دادوەر بن لە نێوان خەڵكدا، و نيشانەيەك بن بۆ زانينی ئەندازەی دياريكراو بۆ پلەكان. خوای پايەبەرز هەواڵی بەوانە داوە كە دەستەوەسانن لە خوێندنەوەی دێڕە نووسراوە خواييەكان لەسەر لاپەڕەی بوونەوەران، بە ڕێنووسی خوايی كە پيت و دەنگی تێدا نييە، و بە چاوی سەر

دركی پێناكرێ، بەڵكو بەچاوی دڵ دەبینرێ — هەواڵی بەم دەستەوەسانانە داوە، بە وتەیەك لە ڕێگەی پێغەمبەری خواوە، بەمەش بە هۆی پیت و دەنگەوە پێیان گەیشت، ئەو مانا گەردوونیەی بەوان گەیاندووە كە خۆیان نەیانتوانیوە دركی پێ بكەن، جا خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [1] (التوبة: ٩/ ٣٤)، واتە: **(ئەوانەی كە ئاڵتون و زیو كۆ دەكەنەوە و قایمی دەكەن و لە پێناوی ڕێبازی خوادا و بۆ ڕەزامەندی ئەو، نایبەخشن، ئەوە مژدەی سزایەكی پڕ ئێشیان بدەرێ!!)**.

ئایا لەم وتەیە ورد بوویتەوە؟.. ئایا پێشبینی ئەوە دەكەی شتی لەو جۆرە بخوێنیەوە لە نووسینی توێژەرێك، كە لە سەدەی پێنجەمی كۆچی ژیاوە و ئەم جۆرە شرۆڤە ئابووری و فەلسەفییە لەخۆ بگرێ، لە ناوەڕۆكدا ئاوا قوڵ و لە شێوەی دەربڕیندا ئاوا درەوشاوە بێت؟

دواتر ئایا سەرنجت داوە لەوەی چۆن غەزالی ئەم ڕوونكردنەوە زانستییە قوڵەی لە میانەی ئەم شیكردنەوە تێروتەسەلەدا كردۆتە خزمەتكاری بڕیاری خوای گەورە ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ..﴾ مەبەستەكەی

---

(1) إحياء علوم الدين ٤/ ٩٥، ط مصطفى محمد.

بەرجەستەکردووە بە زمانی سیستەمی گەردوونی بۆ چۆنیەتی ئەم دانایی و حیکمەتە خواییە؟..

جارێکی تر بگەڕێوە، ئەم ڕوونکردنەوە سەیرە بخوێنەوە لەسەر پەیوەندی نێوان سوود و دراو لە ژیانی مرۆڤدا، جا دەبینی چۆن بەربەستەکانی سەدەکانی ڕابردوو دەبڕێ و دەگاتە ئەم سەردەمە، و چۆن ڕۆشنبیران لەم سەردەمەدا دەدوێنێ بە زمانی خۆیان و بەپێی ئاڕاستەکانیان قسەیان لەگەڵدا دەکات.

ئەم بڕگە و دیمەنە تەنها نموونەیەکە هەڵمبژاردووە.. دەتوانیت لە (الإحیاء) کۆمەڵێك لە توێژینەوە و بابەتی ناوازە و تەنانەت نوێ ببینی، کە غەزالی بەم قوڵییە چارە و شرۆڤەی دەکات، بەم درەوشاوەییە ڕوونی دەکاتەوە، دواتر تۆ دەبینی هەموو ئەمانە بەکاردەهێنێ بۆ درەوشانەوەی ڕاستییەکانی ئەم ئاینە، جا چ لە بیروباوەڕ یان یاساکانی بێ لەبەردەم چاو و دڵەکاندا، دەیانهێنێتە گۆ بۆ بەرجەستەکردنی حیکمەتەکانی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ لە حوکم و یاساکانیدا.

ئایا زیانی ئەوە چییە کە زۆرێك لە فەرموودەی نا ڕاست و دروستی تێدایە، دوای ئەوەی خوای گەورە حافیزی عێراقی هەڵخست بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە و چاککردنی ئەم کەموکورییە.

ئا ئەمە بەڵگەی ئیسلام پێشەوا غەزالییە، بە درەوشاوەیی و پڕشنگداری تێپەڕی لە مێژووی زانیاری و زانستە ئیسلامییەکاندا، بە دوای ئەودا پاشکۆیەکی دوور و درێژ لە ڕووناکی و نوور درێژبووەوە، کە گشت سەردەمەکانی دوای ئەوی داگرت تا ئەم سەردەمەی خۆمان کە تێیدا دەژین!.. بێ گومان تەپ و تۆزی ڕەخنە بێ ویژدانەکان بەسەر ئەویشدا بەرز بوونەوە، ئێمەش خستمانەڕوو و گوێمان بۆ گرتن.

ئەو دەرەنجامەی تۆ سەدەکەی ڕابردوو بەخۆیەوە بینی، ئەوە بوو ئەم تەپوتۆزە نەما و خاوەنانیشی ون بوون.. وای لێهاتووە ئەمڕۆ خەڵك ناوی هیچ یەکێك لەو ڕەخنەگرانە نازانێ و باسوخواسی هیچ یەکێکیان نەماوە، ڕووناکی و تیشکی زانست و دانراو و کتێبەکانی بڵاوبوونەتەوە و بەدرەوشاوەیی و سوودبەخشیەوە تا ئەم سەردەمە. خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ ویستی کتێبی (إحياء علوم الدين) بریتی بێ لە مانگی درەوشاوەی نێو ئەستێرەکان، کە دارێژراوە و ئەم ڕووناکیەی پەخش کردووە.

ڕەحمەتی خوا لە غەزالی بێ و ڕەحمەتی خوا لە هەر یەکێك لەوانەش بێ کە ئەویان خۆشدەوێ و ئەوانەش کە ڕەخنەی لێدەگرن، هەر ئەمەش چاوەڕێ دەکرێ لە بەخشش و بەهرەی خوا.

# جـەلالـەدينی ڕۆمی

٦٠٤ – ٦٧٢ ك

١٢٠٧ – ١٢٧٣ز

ئەم دیاردەیە لە ژیاننامەی جەلالەدینی ڕۆمی سەرنجی ڕاكێشاوم و هەڵوەستەی پێكردووم كە لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

ئەدەبی خستە خزمەتی سۆفیگەریەوە، دواتر سۆفیگەرییە ئەدەبیەكەی یان ئەدەبە سۆفیگەرییەكەی خستە خزمەت دەوڵەمەند كردنی زانست و زانیارییە ئیسلامییەكانی، بەتایبەت زانستی فیقھ، چونكە بەخۆی شەڕعناسێكی حەنەفی زۆر زیرەك بوو، دواتر فەلسەفەی ئیسلامی ڕامكرد بۆ سەرخستنی شەریعەت و بەرگری كردن لە بیروباوەڕی پێشینان.

وەك شارەزا و بەرگریكارێك لە بیروباوەڕی ئیسلامی ژیانی دەستپێكرد، سەرقاڵی كاری فێركردن و وانەوتنەوە بوو، زانا و شەڕعناسەكان لەسەر دەستی ئەو دەردەچوون. وا دیارە زۆربەی زانستە ئاینیەكانی لە باوكیەوە محەمەدی كوڕی حوسەینی خەتیبی وەرگرتووە، كە هەڵگری نازناوی (سوڵتانی عولەما) بوو، لە ساڵی ٦٠٤ك بەرامبەر بە ١٢٠٧ز لە (بەلخ) لەدایكبوو[1].

() ئێمە لێرەدا لە سەروبەندی خستنەڕووی ژیاننامە و مێژووی گشتی ژیانی ئەودا نین، بەڵكو ئەوەی بەلامەوە گرنگە و دەیخەینە بەرباس بریتییە لە چڕكردنەوەی ڕۆشنایی

بەڵام زۆری نەخایاند ئاڕاستەیەکی تازەی گرتەبەر، ئەمەش بەبێ پێشەکی و پێشبینی، ڕۆشنایی لایەنی ڕۆحی لای ئەو درەوشایەوە، بەمەش شاعیرێکی ئەدەبی سۆفیگەری لێ هەڵخست، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ڕێخۆشکەر و پێشینەی هەبووبێ بەڵگە بێ لەسەر شایستەییەکەی یان ئەوەی ئاوڕی بەلای شتێکی لەم جۆرە دابێتەوە.

ئایا هۆکار و پاڵنەری پەنهانی پشت ئەم وەرچەرخانە لەناکاوە چی بووە؟

وتویان ئەم هۆکار و پاڵنەرە تەنها کەسێکی خواناسی سۆفیگەر بووە، کە کاری تێکردووە، ناوی شەمسەدینی تەبریزی بووە، لە شاری قۆنیە چاوی پێکەوتووە، ئەو شارەی کە جەلالەدینی ڕۆمی زۆرترین کات تیایدا نیشتەجێ بووە، جەلالەدین پێی سەرسام بووە و نموونەی باڵا و مرۆڤی کامڵی تێدا بەدی کردووە، پێیەوە پەیوەست بوو و داوای لێکرد لە قۆنیە بۆ ماوەی دوو ساڵ بمێنێتەوە، جا لەم دوو ساڵەدا جەلالەدین بووە مرۆڤێکی تر، لە ناخ و دەروونیدا شاعیرایەتییەك هەڵقوڵا، کە توانی لەمە بلیمەتترین گوزارشتکاری لێ بەرهەم بهێنێ، بەهۆیەوە گوزارشت لە خولیایە باڵا و ڕامانە سۆفیگەری و ڕۆشنییە ڕۆحییەکەی بکات.

---

لەسەر ئەو لایەنەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە لە ژیانی ئەو. ئەگەر دەتەوێت ژیاننامەی گشتی ئەو بە تەواوی بزانیت، ئەوا بڕوانە: کتێبی (مەسنەوی جەلالەدینی ڕۆمی) کە لەلایەن دکتۆر محەمەد عەبدوسەلام کەفافیەوە دانراوە.

لە ڕاستیدا پەیدابوونی ناوی جەلالەدینی ڕۆمی بەم ناوبانگ و ناسراویە لە ئاسۆکانی جیهاندا، لەم دوو ساڵەدا بوو، خۆ ئەگەر ئەم وەرچەرخانە نەبووبا، ئەوا هەرگیز ئەم ناوە هیچ باس و خواسێکی لەسەر زمانەکان و پێناس و زانیارییەکی لە گوێچکەکاندا نەدەبوو.

بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم وەرچەرخانەی نەبووە بەربەست لە نێوان ئەو و وانە و چالاکییە زانستی و بانگەوازە ئاینیەکەی. بەڵکو خێرا لە شاعیریەتە هاتوو و ڕۆشناییە ڕۆحیی و ویژدانە سۆفیگەرییەکی کردە مینبەرێکی تایبەتمەند و جیاواز بۆ خودی چالاکییە زانستی و مەجلیسەکانی وانەوتنەوەی، سۆفیگەری نەکردە ڕێگایەك بۆ هەڵاتن لە ژیان و ئەرکەکانی و پەیامی مرۆڤ لە ژیاندا، بەڵکو ئاوێتەی ئەم سێ دۆخەی بەسەریدا هاتن: شاعیرایەتی و ئەدەب و سۆفیگەری کردە گوزارشتکارێکی مرۆیی سەرنجڕاکێش بۆ بنەماکانی ئیسلام، کە خۆی دەبینێتەوە لە بیروباوەڕ و شەریعەت و خووڕەوشت و بابەتە ڕەوشتییەکانی. هەروەك وتم ئەم تایبەتمەندییە لە ژیاننامەی ئەو سەرنجی منی ڕاکێشا.

گومانم تەنها بۆ ئەوەدەچێ کە ئەو شکستخواردوو بووە لە ئەزموونی یەکەمی لەسەر ڕێگای فێرکردن و ئاڕاستەکردن، چونکە ئەو کات تەنها لەگەڵ عەقڵ و ژیری قوتابیەکانی دەدوا، ئەو زەخیرەیەشی کە ئەوانی پێ دەدواند بریتی بوون لە ڕاستی لێکۆڵراو و دەقی پارێزراو و لەبەرکراو، جا ئەو ڕاستی و

حەقیقەتانەی دەقەكان ئاماژەی پێدەكەن لەوانەیە عەقڵ دەوڵەمەند بكەن بە سەرچاوەی تر، بەڵام هیچ كاریگەریەك لە دڵدا دروست ناكەن.

جا كاتێك خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ ئەوی كۆكردەوە لەگەڵ شەمسەدینی تەبریزی، چەندین چاوپێكەوتنی تایبەتیان لە نێواندا هەبوو كە هیچ كەسی تر تێیدا بەشدار نەببوو.. بەمە چرای دڵی بە تروسكەی عەشق داگیرسا، لەم تروسكەیە تیشكێك ڕۆیشت بەرەو تێكڕای قەوارەی هزری و هەستییەكەی، ئەو كاتە دەستی كرد بە بینینی ئەوەی لە نێوان ئەو و ڕاستییەكانی گەردوون ڕێگایەكی كورتر و بەچێژتر هەیە لە ڕێگەی بیر و ژیربێژی، بێ گومان ئەو ڕێگایەش ڕێگای عەشقە!..

ئینجا بە ڕامانەوە دەیڕوانیە ڕۆژانی ڕابردووی، كە چۆن لە ململانێدا بوو لەگەڵ تاریكییەكانی خەیاڵ و گومان بە یاساكانی ژیربێژی و بیر و زانستە وردەكانی كۆ دەكردەوە بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، جا خۆی وادەبینی كە زۆرتر بە مرۆڤێكی شەل دەچێ كە بۆ گەیشتن بە مەبەستەكەی پاڵی دابێتەوە بە سەر گۆچانێكەوە تا یارمەتی بدات بۆ بڕینی سەختی ڕێگاكە.. ئەمڕۆش قاچە شەلەكەی چاكبۆتەوە و ئێش و ئازاری تێدا نەماوە، هێزی بۆ گەڕاوەتەوە بە دەرمانی دژە ژەهری عەشق، ئەمەش وای لێكرد چیتر پێویستی بەو دارگۆچانە نەمێنێ بۆ پشت پێبەستن و پاڵدانەوەی.

كاتێك ڕۆیشتە لای مورید و قوتابییەكانی، دەستی كرد بە شرۆڤەكردنی هەمان حەقیقەت و ڕاستیەكان بۆ ئەوان، ڕێنوێنی ئەوانی كرد بۆ هەمان بەدیهێنەری بوونەوەر، بەڵام نەوەك بە تەرازووەكانی ژیربێژی و پێوەرە هزرییەكانی وەك چۆن پێشتر وای دەكرد، بەڵكو بە تیشك و مەشخەڵی عەشق، كە داگیرسا و دواتر لە دڵیدا كپ نەبوو، دڵی ئەوانیش بەهەمان هەست جۆش و خرۆشیان گرت، لە میانەی وشە شێلراوەكانی لەگەڵ دەرمانی دژە ژەهری عەشق ئەوەی بەوان بەخشی كە هەست بكەن لە دەشتی ونبوون و دۆڵ و شیوی سەرگەردانیدان لە دووتوێی كورتترین ڕێگە بەرەو سنووری ڕێنوێنی و شارەزایی و عیرفان.

سەیر لەوەدایە جەلالەدینی ڕۆمی، دوای ئەوەی لەلایەن شێخەكەیەوە شەمسەدینی تەبریزی ئەم وەرچەرخانە خێرایەی بۆ ئەنجامدرا، دەستی كرد بە ڕوانینە گەردوون و هەموو ئەو شتانەی تێیدان بە چاویلكەی عەشق، دەنگ و هاژە و هاتوهاوارەكانی وەردەگێڕا بۆ ئاوازەكانی عەشق. دواتر لەم ئاوازانە پەند و زانیاری دادەڕشت كە دەدرەوشایەوە لە وێنە و تابلۆكانی دونیا بە گشت دیمەنە ژیانداری و دیمەنەكانی تریشەوە، دواتر بە درەوشاوەیی لە قەسیدە و شیعرەكانیدا پێشكەش بە خەڵكی دەكرد، لەسەر شێوازی (كەلیلە و دیمەنە)، تا لە بەروبوومەكانی پەند و ئامۆژگاری وەربگرن. ئەو بۆیە و

ڕەنگانەی بەکاریشی دەهێنا بۆ ئەم وێنە و تابلۆیانە، بریتین بوون لە ڕاز و خەیاڵەکانی عەشق، نەوەك مەرەکەبی یاسا و زانستەکان.

ئەمەش بەهۆی نەزانی و نەشارەزابوونی نەبوو لەو یاسا و زانستانەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو پێیدا هاتووە و ئەزموونی کردووە و دواتر تێیپەڕاندووە.

کەواتە جەلالەدینی ڕۆمی قۆناغی پشتکردنی لە زانیاری و زانستە جیاوازەکانی نەبڕی و نەچووە نێو قۆناغی کارلێککردن لەگەڵ چرای خولیا و شەوقی عەشق، وەك ئەو کەسەی خۆی بە هەڵە بزانێ و ڕێڕەوی خۆی ڕاست بکاتەوە، هەروەك هەندێك بۆچوونیان وایە، بەڵکو پەڕینەوە و گەیشتنی بەم قۆناغە وەك گەیشتن بوو بە قۆناغی چنینی بەرهەم، دواتر گەیشتن بە قۆناغی چەشتنی تامی خواردنی پێگەیشتووی خۆش و بەتام بۆ ئەوانەی دەیخۆن.

ئەوەم بۆ ڕەخسا زۆرێك لە شیعرەکانی بخوێنمەوە، بەتایبەت دیوانەکەی (مەسنەوی)[١]، هیچ شتێکم تێدا نەبینی جگە لەوە نەبێ کە پاڵپشتی دەکات لە ڕاستییە ئاینی و بیروباوەڕییەکان و دووپاتیان دەکاتەوە، کە زانست و زانیارییە عەقڵی و نەقڵییەکان بۆی دەچن، و زانایان موسڵمانان پێیەوە

---

(١) مەسنەوی یەکێکە لە سێ دیوانەکەی جەلالەدینی ڕۆمی. وشەی (مسنەوی) فارسییە، بە عەرەبی بە واتای (المزدوج) (دووانە) دێت. مەبەست لێی هەر دێڕێکی قەسیدەکە خاوەنی سەروایەکی سەربەخۆ بێ. بەمەش قەسیدەکە ڕزگاری بووە لە نهێنییەکانی یەك سەروایی.

سەرقاڵن، جەلالەدینی ڕۆمیش نزیکەی نیوەی تەمەنی بەسەربردووە لە خوێندن و لێکۆڵینەوە و خزمەتکردنیدا.

وایلیێهات لە نێو ئەم ڕاستیانەدا ژیا و شێلرا و هەستی پێیانکرد لە میانەی چەشتن و ناخۆشی و دژوارییەکاندا.. ئەمەش دوای ئەوەی لە دوورەوە لە چاویکەکانی بەڵگە و پێوەرە زانستییەکاندا دەیبینی.

بەڕاستی مافی ئەوە (لەکاتێکدا هەستی کردووە بەو جیاوازیە مەزنەی هەیە لە نێوان وەسفکردنی خواردنەوەی خۆش و بەتام و چێژ کە بە پێوەرەکانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی وێچواندن ڕازێنراوەتەوە، لەگەڵ هەستکردن بە چێژ و تامەکەی بە ڕاستەوخۆ و گەیشتنی ئەم تامە بە تێکڕای هەستەکان) نەنگی و ڕەخنە بگرێ لەوانەی خۆیان بەندکردووە لە نێو بەندیخانەکانی وەسف و وتەدا، پاڵیان داوەتە بە گۆچانی پێوەر و بیر و هزرەکان، دواتر ئەمەیان تێپەڕ نەکردووە بۆ تامکردنی کرداری و خۆیان ڕزگار نەکردووە لە بەندیخانەی دەربڕینەکان تا باوەش بگرن بەو نهێنیە جوانانەی ناخیدا.

بەڵێ.. مافی خۆیەتی ئەوە بکات. ئەوەشدەزانێ ئەو نەگەیشتووە بەو خواردنەوەیەی بە ئاشکرا و بەشێوەی ڕاستەقینە دەینۆشێ، تەنها دوای ئەوە نەبێ کە دەست و پەنجەی شارەزا لەم زانست و زانیاریەدا ڕێبەری ئەویان کرد،

و دوای ئەوە نەبێ کە لەسەر دارگۆچانی ئەو پێوەر و بەڵگە زانستی و ژیربێژیانە پاڵی دایەوە بەدرێژایی ئەو ماوەی خوا ویستی.

لێرەدا ئەرکی هەر یەك لە زانیاری و ڕێسا و یاسا عەقڵییەکان لە ژیانی موسڵماندا، کە دەیەوێ بگاتە ناسینی خوا و ئاشنا ببێ بە حەقیقەتی ئەم گەردوونە ڕوون دەبێتەوە، هەروەها ئاشنابێ بە سۆفیگەری عیرفانی کە لەسەر پاکسازی دەروون دامەزراوە.. یەکەمیان ڕێگایەکی درێژە و کەنارەکانی بەتاڵ نین لە مەترسی و کۆسپ و ئاستەنگ، دووەمیان کۆتایی و گەیشتنە بە مەبەست. جا ئەگەر کەسی بەرەوخواچوو لە ڕێگەی ژیربێژی و عەقڵ و وتە گەیشتنە مەبەست، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە پشت بکات لەو ڕێگایەی بڕیویەتی، تا خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ ئەوەی لەبەردەمیەتی لە باوەشکردن بە مەبەستدا، زمان حاڵی دەڵێت: خۆری بەیانی هەڵهات کەواتە چراکە بکوژێنەوە.

کەواتە دەبێ ڕێگەی زانست ببڕدرێ بەپێی یاسا و بنەماکانی. لەبەر ئەوەی زانست تاکە چرایە کە پەردەی تاریکی لەبەردەم کەسی بەرەوخواچوو لەت و پەت دەکات، مەگەر کەسانێکی کەمینە نەبن کە چاودێری خوایی ئەوانی فڕاندبێ و پەڕاندبێتەوە بەسەر بەرزی و نشێویەکانی زانست و چراکانی بەڵگەی عەقڵی، دواتر کەمەندکێشی خوایی ئەوانی دابەزاندبێتە لای کانگای حەقیقەتە گەردوونی و سەرچاوەی نوورە پیرۆزەکان.

ئەمانە دوو ڕێگەن بۆ لای خوا کە سێیەمیان بۆ نییە... ڕێگەی گەڕانەوە و بەرەوخواچوون. ئەمەش بەهەوڵی بەندە دەبێ لە میانەی گرتنەبەری ڕێگەی کۆششی زانستی و کرداری بۆ لای پەروەردگار، دووەمیان ڕێگەی هەڵبژاردنە، ئەمەیان بە کەمەندکێش کردنی بەندە دەبێ لەلایەن پەروەردگارەوە، کاتێك دەیەوێ لە یەك ساتدا لە پلە هەر نزمەکانی پەیوەستبوون بە جگە لە خواوە بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی یەکخواناسی و بینینی ڕاستییە بڕاوەکان.

هەر کە بەندە ئاشنا بوو بەو ئەرکەی خوا پێی ڕاسپاردووە، هیچ شتێکیشی نەزانی لەبارەی هەڵبژاردنی خوا کە شاراوەیە لە نێو لایەنی پەنهانی ویستی خواییدا، ئەوا پێویست دەبێ لەسەری چالاك و گورج و گۆڵ بێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی کە خراوەتە ئەستۆی، بەنیازی بەرەوخواچوون لەو ڕێگەیەی لەبەردەمیدا والایە، نابێ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی پاش بکەوێ و دابنیشێ و چاوەڕێ بەخششە خواییەکان بکات کە تایبەتن بەوانەی خوای بالادەست و خاوەن شکۆ هەڵیاندەبژێرێ، و پێشبینی ئەوە بکات ئەو هاوشێوەی شەمسەدینی تەبرێزی و هاووێنەکانی دەبێ.

ئێستاش با بڕوانینە ئەوەی چۆن ئەو بڕیارە زانستیەی ئێمە و جەلالەدینی ڕۆمی پێیگەیشتووین، لە ڕێگەی بەڵگە و نیشانەکانەوە، هەماهەنگ و گونجاوە لەگەڵ دڵنیایی ویژدانی کە لە کۆتاییدا جەلالەدینی ڕۆمی پێیگەیشت لە ڕێگەی

پاكسازی دژوارييەكانی دڵەوە. ئەوەتا ئێمە پۆلێك نموونە لەم بارەوە دەخەينەڕوو.

نموونەی يەكەم: زانايان بە هەڵهێنجان لە بەڵگەكانی كتێبی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ دان بەوەدا دەنێن كە ڕۆحی مرۆڤ لە جيهانی باڵاوە دابەزيوەتە نێو جەستەی مرۆڤ، و پەيوەندييەكی تۆكمەی بە بەديهێنەر و دروستكارەكەيەوە هەيە.. دواتر ڕۆحی مرۆڤ لە ناوەڕۆك و هيولیدا جياوازە لە ڕۆحی گشت گياندار و ژياندارەكانی تر. پاشان زانايان داندەنێن بەوەی ئەم ڕۆحە بەندكراوە لە جەستەی مرۆڤدا، هەردەم سەرگەرم و خولياى گەڕانەوەيەتی بۆ ئەو جيهانەی لێيەوە دابەزيوە. تەنها عاشقی ئەو خودەيە كە شادومان بووە بە بينينی و نزيكبوون لێيەوە. دواتر بەم جەستە گڵينە ڕێگەی بينينی لێگيراوە.

بەڵام ئەو ئارەزووە گيانداريانەی لە جەستەی ئادەميزاددا جێگير كراون، دەكرێ زاڵبن بەسەر حەز و خولياى ڕۆح كە بۆ جيهانە باڵاكەی هەيەتی، بەمەش ئەم ئارەزووانە حەز و خولياكانی ڕۆح بۆ بەرژەوەندی خۆيان ڕام و دەستەمۆ دەكەن، و ئاڕاستەيان دەكەن وەك سرودێكی ئارەزووباز و دابەزيو بۆ نێو وێنە و شێوە و هەوەسەكان.

ئەوەتا ئێمە هەمان ئەم بڕيارە زانستييە دەخوێنينەوە، كە نموونەی غەزالی و ئيبن سينا و ئيبن قەيم بە بەڵگە جەختيان لێكردۆتەوە، هەمان شت لە

یەكێك لە مەسنەویەكانی جەلالەدینی ڕۆمیدا دەخوێنینەوە، بەڵام نەوەك بەم بەڵگە عەقڵیانە، بەڵكو لە میانەی هەستە ویژدانیەكانی، تەنانەت لە میانەی لاوانەوە ڕۆحییە ڕاستگۆیەكەی كە ئامێری (نەی) بەكاریهێناوە بۆ گوزارشتكردن لە خولیا و ئاواتەكانی. دەی با گوێ بۆ لاواندنەوەی ڕۆح بگرین كاتێك ئاوازی (نەی) بەرجەستە دەكات:

– گوێ بۆ ئامێری (نەی) بگرە چۆن چیرۆكی خۆی دەگێڕێتەوە.. ئەوەتا دەناڵێنێ بەدەست ئازارەكانی دابڕانەوە. دەڵێت:

– لەوەتەی من لە بنەچەكەمەوە لە دارستاندا بڕدراوم، خەڵكی بە پیاو و ئافرەتەوە بۆ گریانی من بە كوڵ دەگرین.

– من ئاوازی سینەیەك ئەچڕم كە دابڕان لەتی كردووە، تا ئێش و ئازاری بەخولیابوونی بۆ شی بكەمەوە !..

– جا هەر مرۆڤێك دوور بمێنێتەوە لە بنەچەكەی، بەردەوام بە دوای كاتی بەیەكگەشتنەوەیدا دەگەڕێ.

– لە هەر كۆمەڵگەیەكدا بوومەتە لاوێنەرەوە. و بوومەتە هاودەمی خەمباران و بەختەوەران.

– هەر مرۆڤێك وا گومان دەبا بووەتە هاوەڵم. بەڵام هیچ یەكێك نەیزانی چ نهێنیەك لە ناخمدایە.

– نهێنیەكەم دوور نییە لە دەوروبەر... بەڵام چی لە چاوێك بكەم كە ئەو ڕۆشناییەی نییە یان چی لە گوێچكەیەك بكەم كە ئەو هێزەی بیستنی نییە تا پەیی بە نهێنیەكان ببەن!..

– جەستە لای ڕۆح شاراوە نییە.. ڕۆحیش لای جەستە شاراوە نییە.. بەڵام مۆڵەت نەدراوە مرۆڤ ڕۆح ببینێ.

– بەڕاستی دەنگی ئەم ئامێرەی (نەی)، ئاگرە نەوەك هەوا بێ.. ئەو كەسە بوونی نییە كە هاوێنەی ئەم ئاگرەی لە دڵدا هەڵنەگیرسابێ.

– بەڕاستی ئامێری (نەی) هۆگر و هاودەمی هەر یەكێكە كە ڕۆژگار لە خۆشەویستەكەی دابیڕاندبێ. بێگومان ئاوازەكانی پەردە داپۆشەرەكانی سەر چاوەكانمانی لەت لەت كردووە!..

– بەدڵنیاییەوە ئامێری (نەی) سەرگوزەشتەی ئەو ڕێگایەمان بۆ باس دەكات، كە پڕاوپڕە لە خوێن، و چیڕۆكەكانی عەشقی شێتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە))[١].

---

(١) دكتۆر محەمەد عەبدوسەلام كەفافی وەریگێڕاوە. بڕوانە (مەسنەوی جەلالەدینی ڕۆمی) دكتۆر كەفافی ٧٣.

بۆ ئەوەی زیاتر بەڵگەكانی پەیوەستبوونی نێوان ئەوەی بەڵگە زانستییە ڕووتەكان بەرهەمی دەهێنن ڕوون بكەینەوە، لەگەڵ ئەوەی كەسی بەرەوخواچوو لە ڕێگەی چێژی دەروونی یان دژوارییە ویژدانییەكان پێی دەگات، ئەوا باسی ئەم ڕاستیەی خوارەوە دەكەین:

ئەو كەسەی شارەزایە لە مانای ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ (الحجر: ١٥/ ٢٩ و ص ٣٨/ ٧٢) واتە: **(كاتێك ڕێك و پێك و تەواوم كرد، لەو ڕۆحە تایبەتیەی كە من "بەدیهێنەری ئەوم"، پێمبەخشی، ئەوە هەمووتان كڕنووشی بۆ بەرن (كڕنووشی ڕێز و بە فەرمانی خوا")**، دواتر بە ژێری خۆی گوێی گرت بۆ ئەوەی زانایانی موسڵمانان دەیڵێن لەبارەی بنچینەی ڕۆح لە مرۆڤدا، ئەو سەرچاوەیەی لێیەوە هاتووە، ئەوا زۆر بە ملكەچی و پێ كاریگەربوونەوە گوێ دەگرێ بۆ ئەو دێڕە شیعرانەی مەولانا جەلالەدین وتویەتی.

بەڵام ئەوەی هیچ شارەزاییەكی زانستی سەبارەت بەم پرسە نەبێ، هەڵوەستەی نەكردبێ لەسەر هیچ لێكۆڵینەوەیەكی هزری لەم بارەوە، ئەوا دڵیخۆش دەبێ بە بیستنی ئەو دێڕە شیعرانەی ئێستا گوێمان بۆ گرتن، بەهۆی ئەو جوانی وێچواندن و قەشەنگی وێناكردنەی تێیدایە، و هێنانەگۆی بێ گیان وەك ئەوەی وەرگێڕی دەنگی ناسك و بەچێژی لاواندنەوەكەی بێ... بەڵام زۆر

دووره باوەڕ بەوە بکات کە جەلالەدین ئامانجیەتی سەبارەت بە ڕۆح و سەرچاوەکەی، لە پاڵ ئەم دێڕانە !..

کەواتە شارەزایی زانستی ڕێگەیەکی پێویستە بۆ گەیشتنە ئەم بێگەردییە ویژدانیە، کە لەوانەیە لە کۆتاییدا بێ نیاز بێ لە زانست.

نموونەی دووەم: ئەوانەی هەڵوەستەیان کردووە لەسەر مانای ئەم فەرمایشتەی خوای بەرز و بڵند: ﴿قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ، يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ (المائدة: ٥/ ١٥ – ١٦) واتە: **(بەڕاستی لەلایەن خواوە نوورێکی ئاشکراتان بۆ هاتووە، هاوڕێ لەگەڵ کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا "کە قورئانە"، "بێگومان" خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنمویی ئەو کەسانە دەکات کە شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسوودەیی، لە تاریکاییەکان دەریان دەهێنێت و ڕزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو ڕوناکیەوە بە فەرمانی خۆی، ڕێنموویشیان دەکات بۆ سەر ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروستی "دینداری و خواناسیی و چاکە")**، گوێیان گرتووە بۆ ئەوەی زانایان وتویانە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی مانای نوور لێرەدا، ئەوا درك بەوە دەکەن هەروەك چۆن خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ بوونی ڕووناکی هاوتا لەگەڵ هێزی چاوی کردۆتە مەرجێکی پێویست بۆ کرداری بینین و بینینی شتەکان لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەیان، بەهەمان شێوە بوونی

نووری هاوتای هێزی عەقڵی کردۆتە مەرجێك بۆ ئەوەی عەقڵ بتوانێ پەیی ببات بە شتە عەقڵییە ڕووتەکان کە هەوڵی پەیی پێبردنیان دەدات.

جا ئەگەر ڕووناکی و نووری هاوتا بۆ چاوی بینەر بریتی بێ لە ڕۆشنایی خۆر، ئەوا نوور و ڕووناکی هاوتای عەقڵی پەیی پێبەر، بریتییە لە ڕۆشنایی سروشی خوا، بە مانا زاراوەیی تایبەتەکەی کە خوای گەورە دەیبەخشێت بە پەیامبەران و پێغەمبەران، و بە مانا گشتییەکەش لە شێوەی ئیلهامدا دادەبەزێتە سەر دڵی بەندە خۆشەویستەکانی خوا، بەمەش عەقڵ دەدرەوشێتەوە و درك دەکات بە ڕاستییە شاراوەکان لەسەر شێوەی خۆیان.

ئەو کەسەی بێ بەش بێ لە درەوشانەوەی ئەم ڕووناکییە خواییە لە دڵ و دەروونیدا، ئەوا زیرەکی عەقڵ و بەرزی بلیمەتەکەی بە ئەندازەی تاڵە موێك سوودی بۆ نابێ. بێگومان خوای گەورە هەردەم ڕاستی فەرمووە، هەروەك وتویەتی: ﴿وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾ (النور: ٢٤/ ٤٠) واتە: **(بێگومان ئەوەی خوا نووری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نووری دەست ناکەوێت).**

ئەوەتا جەلالەدینی ڕۆمی هەمان ڕاستی دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە میانەی چرای شیعر و هەست و ڕۆشناییە ڕۆحییەکەی ڕوونی دەکاتەوە و جەختی لێ دەکاتەوە. جا دەڵێت:

((– بێگومان ڕۆح دیار و نزیکە لێمانەوە، بەڵام لەبەرچاومان نادیارە. نموونەی ڕۆح وەك زگی پڕ لە ئاو وایە، لە کاتێکدا لێوەکانی وەك دەمی گۆزە وشکە.

– ئایا چۆن ڕەنگی سور و سەوز و پەمەیی دەبینی، ئەگەر هاتوو ڕووناکی پێش ئەم ڕەنگانە نەبینی؟

– جا هۆشت لە نێو ئەم ڕەنگانەدا وێڵ بووە، بۆیە ئەم ڕەنگانە بوونەتە پەردە لەبەردەم بینینی ئەم ڕووناکییە!..

– کاتێك بۆت دەرکەوت ئەم ڕەنگانە لە تاریکدا لێت ون دەبن، ئەو کاتە زانیت بینینی تۆ بۆ ڕەنگەکان لە ڕووناکیەوە سەرچاوەی گرتووە.

– ڕووناکی دەرەکی لە خۆر و تیشکەکەیەوە دێت، بەڵام ڕووناکی ناوەکی لە درەوشانەوەی ڕووناکییە باڵاکانەوەیە.

– ئەو ڕووناکییەی لە چاودایە تەنها شوێنەوارێکی ڕووناکی دڵە.

– بەڵام ئەو ڕووناکیەی کە لە دڵدایە، ئەوا لە ڕووناکی و نووری خواوە سەرچاوەی گرتووە)).

*　　*　　*

جەلالەدینی ڕۆمی دەدوێ لەبارەی کردارەکانی مرۆڤ و ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە بەدیهێنەریان خوایە، بێ ئەوەی ئەمە کەم و کورتی دروست بکات لە ئازادی و سەرپشکبوونی مرۆڤدا، وەك کەسێکی زانا و شارەزا ئەمە دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە میانەی شیعرە عیرفانی و ویژدانیەکانی، وەك ئەوەی وانەیەکی زانستی ورد لەم بابەتەدا بە گوێچکەتدا بدات. جا تۆ نازانی ئەم وتەی ئاڕاستەی تۆی دەکات لە میانەی کەسایەتییە زانستی و عەقڵییەکەیەتی، کە پشتی بەستووە بە پێوەرەکانی ژیربێژی و بەڵگەکانەوە، یان تۆ دەدوێنێ لە میانەی کەسایەتییە ویژدانیەکەی، کە پشتی بەستووە بە هەست و خولیا گڕگرتووە ڕۆحییەکانی بۆ لای خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ.

بەڕاستی شاعیرە داناکەمان، سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی پاداشت و سزا، لەسەر ئەو کردەوە چاك و خراپانە نین کە لەلایەن مرۆڤەوە بەرجەستە دەبن و لەلایەن خواوە و بە توانای ئەوەوە بەدیهاتوون، بەڵکو پاداشت و سزا لەسەر نیازە و لە ناخدا جێگیرە، ئەمەشی ناوناوە بەدەستهێنان.. زیاد لە جارێك ڕایگەیاندووە نیاز و مەبەست سەرچاوەی پاداشت و سزایە، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا هاتووە: ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ (البقرة: ٢/ ٢٨٦) واتە: **(هەر کارێکی چاك ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەر خۆیەتی).**

دواتر بە هاوشێوەی ئەوەی زانایان دووپاتی دەکەنەوە، ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی بەدەستهێنان بریتییە لە نیازی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کاری چاك یان خراپ، ئەمەش بەخششێکە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە. بەمەش مرۆڤ بووەتە خاوەنی توانا بۆ پیادەکردنی ئازادیەکەی لە ڕووکردنە هەر یەك لە کاری چاك و خراپ بەپێداگریەوە. ئەو کەسە لە ئێمە نییە کە هەست نەکات بەم تایبەتمەندیەی خوای گەورە پێمانی بەخشیوە.

ئەگەر کەسێك نکۆڵی کرد لەم بەخششە خواییەی کە مرۆڤ هەیەتی، پێی وابێ وەك چۆن کرداری خۆی کە لە بەدیهێنانی خوایە بەدەست نییە، ئەوا بەهەمان شێوە سەرپشکبوونی خۆیشی کە لە بەدیهێنانی خوایە بەدەست نییە، شاعیرە گڕگرتووەکەمان ئەم کەسە بێ دەنگ دەکات بەو نموونەیەی زانایانی یەکخواناسی و کەلام باسی دەکەن بۆ ڕەتدانەوەی ئەم خەیاڵە، ئەویش ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییە ڕوونەیە کە هەر یەك لە ئێمە هەستی پێدەکات لە نێوان ئەو دەستەی بەهۆی لەرزۆکیەوە دەلەرزێتەوە لەگەڵ ئەو دەستەی تۆ بە مەبەست و پێداگریەوە دەیلەرزێنیتەوە. زۆرتر ئەم جیاوازیە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

((لەوانەیە تۆ پەشیمان بیت چونکە دەستت لەرزاندووە، بەڵام ئایا بۆ ئەوەی نەخۆشی لەرزۆکی هەیە دەگونجێ لەسەر لەرزۆکیەکەی پەشیمان بێ))؟

لێرەدا جەلالەدینی ڕۆمی گریمانەی پێداگری لێکۆڵەرە مشتومڕکارەکە دەکات لەسەر نکۆڵی کردنەکەی، کاتێك هیچ شتێك لە پێش خۆی نابینێ جگە لە ڕۆشنایی بەڵگە و نیشانە ژیربێژیەکان نەبێ، دواتر ناتوانێ پشت بە هیچ شتێکی تر ببەستێ، بۆیە ئەمە وای لێدەکات ئەوە ڕەت بکاتەوە کە بەدەم بڕیار و فەرمانی خواوە بچێت، بە پاساوی ئەوەی هەرچی هەیە لە خواوەیە، تەنانەت جوڵەی خۆویست و جوڵەی خۆنەویستی لەرزۆکی.

ئەو کاتە جەلالەدینی ڕۆمی، سەرنجی ئەم نکۆڵیکارە ڕادەکێشێ بۆ بڕیاری ڕۆح کە زۆر بەرز و پایەدارترە لە بڕیار و حوکمی عەقڵ. و بۆ ئەوەی کە عەقڵ ڕۆشناییەکەی تەنها لە ڕۆح و ئەو نهێنیانەی تێیدا دانراون وەردەگرێ؟ لەگەڵ سەرنجدان لەوەی بەردەوام خۆی بەسەر دارگۆچانی عەقڵدا داوە بێ ئەوەی ئەم سنوورە تێبپەڕێنێ بەرەو کانگاکانی ڕۆح و ئاوازە باڵاکانی کە لە ناخیدا هەڵدەقوڵێن، بەمەش بووەتە زیندانی چەند بڕیار و حوکمێکی ڕووکەشی کە لەسەر خەیاڵ دامەزراوە.

ڕامێنە لەم وتەی ناوبراو کە دەڵێت:

((– لێکۆڵینەوەی عەقڵی، ئەگەر گەوهەر و مرواری بێ، ئەوا هەر ناگاتە ئاست پلەی لێکۆڵینەوەی ڕۆحی.

- بێگومان لێكۆڵینەوەی ڕۆحی پێگەیەكی تری هەیە، هەوێنی ڕۆح خەڵكانێكی تری بۆ هەیە.

- كاتێك تەنها لێكۆڵینەوەی عەقڵی دادوەر بوو، ئەوا عومەر دۆستی ئەبا حەكەم بوو.

- بەڵام كاتێك عومەر لە عەقڵەوە بەرەو ڕۆح ڕۆیشت، لە كەسایەتی ئەبا حەكەمدا مانای ئەبو جەهلی بۆ دەرەوشایەوە!..

- جا بزانرێ بڕیاری عەقڵ و هەست پەیوەستە بە شوێنەوار و هۆكارەوە، بەڵام بڕیاری ڕۆح وابەستەیە بە سەرچاوەی مەندەهۆش بوونەوە.

- بەڕاستی ڕۆشنایی ڕۆح پڕشنگیدا ئەی ڕۆشنخواز، جا لێرەدا هۆ و ئەنجام و ڕەتكەرەوە و پێویستكار بوونیان نەما!..

- ئەو بینەرەی ڕووناكی خوای لە بەردەمدا هەڵهاتووە و درەوشاوەتەوە، زۆر دوورترە لەوەی پێویستی بە بەڵگەی دارگۆچانەكە بێ!..

زانایانی ڕووناسی وشە، مەبەستم ئەو زانایانەن كە تەنها لە پێوەرە ژیربێژییەكاندا شارەزان، چەندە هەڵوەستەیان كرد لەسەر ئەم فەرمایشتەی خوای باڵادەست و پایەدار: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ﴾ (الحديد: ٥٧/ ٤) واتە: (لە هەر شوێنێك بن ئەو زاتە لەگەڵتاندایە). كەچی نەیانتوانی بە لێكۆڵینەوەكانیان نەزانێك تێبگەیەنن یان قەناعەت بە گفتوگۆكارێك بكەن.

با بڕوانین چۆن جەلالەدینی ڕۆمی مانای شاراوەی ئەم ئایەتەی دەرخستووە، لە میانەی گوێگرتنی بۆ گفتوگۆی ڕۆح، دواتر چۆن ئەم گفتوگۆیەی لەم دێڕانەی خوارەوەدا بەرجەستە کردووە:

((– ئەوەتا ئێمە جارێکی تر گەڕاینەوە سەر چیرۆکەکە.. جا کەی ئێمە لەم چیرۆکە دەرچووین؟

– خۆ ئەگەر بێینە سەر نەزانی، دەبینین زیندانی ئەوە (مەبەستی زیندانی خوای گەورەیە)، ئەگەر بێینە لای زانستیش، دەبینین ئەوە هۆڵەکەیەتی، ئەگەر خۆمان ڕادەستی ماددە بکەین ئەوا پێی سەرخۆش دەبین، کە بە ئاگاش هاتینەوە، دەبینین ئێمە دەستی خواین.

– ئەگەر گریاین، ئەوا هەورە پڕ لە ڕزق و ڕۆزیەکەی ئەوین، ئەگەر لە قاقای پێکەنینماندا، ئەو کاتە ئێمە هەورە بروسکەی ئەوین.

– ئێمە لە توڕەبوون و هەڵچوون و لە جەنگدا بەرجەستەکەری باڵادەستیەکەی ئەوین، لەکاتی لێخۆشبوون و ئاشتەواییدا وێناکەری خۆشەویستیەکە ئەوین.

– کەواتە ئێمە کێین لەم جیهانە ئاڵۆزەدا؟ ئێمە وەك پیتی ئەلف واین. جا ئەلف لە جوڵەدا چی بەدەستە؟ هیچ شتێکی بەدەست نییە !..

کەواتە بوونی خوای گەورە لەگەڵ ئێمەدا، لەگەڵدابوونی نزیکی و دووری یان شوێنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەگەڵبوونی کارتێکەرە لەگەڵ کاریگەربوو، بکەر و کارتێکراوە، ئەمە ئەو لەگەڵدابوونەیە کە خوای گەورە لەم فەرمایشتەدا باسی کردووە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ بِأَمْرِهِ﴾ (الروم: ٣٠/ ٢٥) واتە: **(لە نیشانە و بەڵگەکانی تری خوا ئەوەیە کە ئاسمان و زەوی ڕاوەستاون بە فەرمانی ئەو).**

پەنا بەخوا لەوەی ئەم لەگەڵدابوونەی خوای گەورە کە جەلالەدینی ڕۆمی بە عەقڵە زانستی و دواتر بە ویژدانە ڕۆحیەکەی لێی تێگەیشتووە، گوزارشت بێ لە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) کە زۆر ئاگاداری لەم بارەوە دەدا، تەنانەت ناکرێ کەسێکی ژیری خواناس و باوەڕدار بە خوا و بەوەی خوای خۆی پێ وەسفکردووە لە سیفەتی بەدیهێنان و دروستکردن دانبنێت بە بیرۆکەی یەکێتی بوون (وحدة الوجود).

*　　*　　*

دواتر یەکێك لە سیماکانی دەستکورتی عەقڵ ئەوەیە کاتێك بە تەنها دەکرێتە پاڵپشت و سەرچاوە، ئەوا دەستەوەسان یان سەرگەردان دەمێنێتەوە لەبەردەم ئەو دەرئاسایانەی عەقڵ هۆگری نەبووە، هەر چەندە ملکەچی فەرمایشتی خوای ڕاستگۆ و قسەدروست بێ، ئەوا هەر ناتوانێ ئەو نامۆبوونە

نەهێڵێ كە دەروون لە بەرامبەریدا هەیەتی، تەنانەت ناشتوانێ ئەم نامۆیی و تەنهاییە دەروونیە بگۆڕێت بۆ هۆگری و گونجان لەگەڵیدا.

ئەوەتا ئێمە بەسەرهاتی یارانی چاڵ (أصحاب الاخدود) لە سورەتی (بروج)ـدا دەخوێنینەوە، سەرنجی وردەکارییەکەشی دەدەین لە وتەی ڕاڤەکارانی قورئانەوە. هەڵوەستە دەکەین لەسەر ئەو قسەیەی زارۆکەکە دەکەین کە بە دایکی وت، کاتێك دایکەکەیان ناچار کرد کڕنووش بۆ بتەکە ببات و بێ باوەڕ بێ بە پەروەردگاری، یان فڕێ دەدرێنە نێو چاڵی ئاگرەوە، گوێی بۆ دەگرین و دەبینین هانی دایکی دەدات خۆی فڕێبداتە نێو ئاگرەوە، ئەوەی بۆ دووپات دەکاتەوە کە دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو ئاگرەوە، ئەوا تەنها فێنکی و سەلامەتی بەدی دەکات... ئێمە بەپێی بڕیاری عەقڵ باوەڕ بە وتەی ئەم زارۆکە دەکەین، کە توانای خوای گەورە ئەوی لە بێشکەدا هێناوەتە گۆ، بەڵام زۆر دوور و ئەستەمە عەقڵ بە تەنها هێزی ئەوەی تێدابێ ئەم تەنهایی و نامۆیی لە دەروون دابماڵێ لە بەرامبەر ئەو داوایەی لە دایکەکە دەکرێت، واتە: عەقڵ دەتوانێ پەیی پێبردن بێنێتە کایەوە و گومان و دوودڵی نەهێڵێت، بەڵام دەروون ئەوا هەر بە کاریگەربوون دەمێنێتەوە بەوەی هۆگریەتی و ناسراوە، ترسیشی هەر هەیە لە ئەنجام و ئاکامەکان.

ئینجا تەنها یەك شت دەتوانێ نامۆیی و تەنهایی دەروون لە بەرامبەر ئەم پرسەدا بگۆڕێت بۆ ئاسودەیی و دڵنیایی، ئەویش بریتییە لە کارلێککردنی

ڕۆحی بەجۆش و خرۆش و بە حەز و خوليا بۆ لای پەروەردگاری، کە تەواو دڵنيايە لە بەڵێنەکانی و بەخششە دەرئاساکانی. بێگومان دڵنيايی ڕۆح باڵاتر و ڕەگداکوتاترە لە دڵنيايی عەقڵ.. بەڕاستی دڵنيايی ڕۆح لە گەشتێکی دوور و درێژەوە دێت لەسەر ڕێگای پاکسازی دەروون و ڕازاندنەوەی بە هەستەکانی خۆشەويستی و خوليا و بەرزڕاگرتنەوە.

ئەگەر تۆ گومانت هەيە لەوەی من باسی دەکەم بۆ تۆ. دەفەرموو گوێ ڕادێرە بۆ ژيربێژی عەشق لە وێناکردنی ڕووداوەکانی ئەم بەسەرهاتە، دە گوێ بگرە بۆ گفتوگۆی نێوان زارۆك و دايکەکە، کە خوليا و جۆش و خرۆشی ڕۆحی باوەڕدار بە پەروەردگاری بەدەم لاوانەوە و حەزەوە لێی تێدەگات، نەوەك تەنها بەگوێدا بچێ و دواتر لە يادی مرۆڤدا جێگير ببێ.

**گوێ بگرە بۆ جەلالەدينی ڕۆمی، دەڵێت:**

- ستەمکارەکە ئافرەتێکی لەگەڵ زارۆکەکەی هێنايە بەردەم بتەکە.. ئاگريش گڵپەی دەکرد و بڵێسەی دەدا.
- زارۆکەکە لە باوەشی دايکەکە وەرگيرا و فڕێدرايە نێو ئاگرەکە!.. دڵی ئافرەتەکە لە خەم و بەزەيی و ترسان لەت لەت بوو. ويستی کڕنووش ببات لەبەردەم بتەکە.
- بەڵام زارۆکەکە هاواری کرد: من نەمردووم و سەلامەتم، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا وا ديار بێ من لە ناوەڕاستی ئاگردام..! بەڕاستی ئەم ئاگرە

پەردە و بەربەستێكی بۆ چاو و بەهۆیەوە ناتوانێ ببینێ. ئەوەتا هەڵگری میهرەبانی خوا لە پەنهانیدا دەركەوت.

– دایكەگیان" وەرە و بڕوانە بەڵگەی ڕاست و ڕەوان. سەیركە تا بەختەوەری پاڵێوراوانی ڕێگەی ڕاست ببینی..

– وەرە و بڕوانە ئەو ئاوەی لە شێوەی ئاگردا بۆت دەردەكەوێت. واز لەم جیهانە بهێنە كە ئاگرە و لە شێوەی ئاودا دەردەكەوێت!..

– وەرە و بڕوانە نهێنیەكانی ئیبڕاهیم، كە لە نێو ئاگردا درەختی ئارەوەن و یاسەمینی بەدیكرد. لەو ساتەی لەتۆوە پەیدابوون و كەوتمە سەر زەوی مردنم بینی. ترسیشم زۆر مەزن بوو بەوەی لێت دابڕێم.

– جا كاتێك لەدایكبووم، لە زیندانێكی بەرتەسك ڕزگارم بوو، بەرەو جیهانێك هاتم كە هەوای خۆش و ڕەنگی جوانی هەڵگرتبوو.

– بەڵام ئێستا جیهان وەك ئەو منداڵدانە دەبینم كە تێیدابووم، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم ئارامی و بەرفراوانیەم لە ئاگردا بینی.

– دایكەگیان" بە مافی دایكایەتی وەرە، بڕوانە چۆن ئەم ئاگرە هیچ سیفەتێكی ئاگری تێدا نییە.

– بەڕاستی من توانای ئەو سەگەت بینی.. كەواتە وەرە و سەیری توانای لوتفی خوا بكە!..

- وەرە تا ئەوانی تر لەگەڵ تۆدا بێن. بەڕاستی پاشای ڕاست و ڕەوا خوانی لە نێو ئاگردا سازكردووە.
- زارۆكەكە بەم شێوازە لە نێو كۆمەڵانی خەڵكدا هاواری دەكرد، بۆیە ترس و تۆقین دڵی خەڵكی داگرت. خەڵكەكە بە پیاو و ئافرەتەوە دەستیان كرد بە خۆهەڵدانە نێو ئاگرەوە.
- لەوێدا هیچ فریشتەیەك نەبوو پاڵیان بنێ.. بەڵكو عەشقی خۆشەویستی پاڵی پێیانەوە دەنا، ئەو عەشقەی تام و چێژی شیرین بە هەموو تاڵییەك دەبەخشێ.
- بەم هۆیە ڕووی پاشا ستەمكارەكە لە شەرمەزاریان ڕەش هەڵگەڕا، و تووشی دەردی دڵ بوو..
- وایلێهات خەڵك بە ئیمان زیاتر عاشق بوون، پێداگریشیان لەسەر قوربانیدان بە جەستەكەیان ڕاستگۆتر بوو.

بەڕاستی ئەم فەرموودەیەی جەلالەدینی ڕۆمی دەیگێڕێتەوە لەسەر زمانی زارۆكەكە، ڕێكخستنی دیمەنێكی خەیاڵی نییە لە واقیعدا و هەڵبەستن نییە بەدەم ڕاستیەوە.. بەڵكو بە وردی گفتوگۆی هەستەكان دەگوازێتەوە لە نێوان بارودۆخی زارۆكەكە كە لە نێو ئاگردایە، لەگەڵ بارودۆخی دایكی، كە لەو ساتەدا لوتفی خوای بەسەردا دەبارێ!.. بەڵام ئەوەندە هەیە گفتوگۆی ئەم هەستانە بە گوێچكەكان نابیسترێ، وشە و پیتەكانیش ناتوانن بیگوازنەوە. بەڵكو ئەمە قسەی ڕۆحە بۆ ڕۆح كاتێك هەر یەكێكیان

ڕوویان دەکردە سەرچاوە باڵاکەیان سەرەتا بە زانین و مەعریفە و دواتر بە عەشق و لاوانەوە.

خۆ ئەگەر ئەم گفتوگۆیەی ڕۆح لەسەر زمانی زارۆکەکە دروست و ورد نەبووبا، ئەوا هیچ کاریگەرییەك دروست نەدەبوو لەسەر هەستی ئامادەبووان، کە سەرپشك کرابوون لە نێوان بژاردەی چوونە نێو ئاگر یان کڕنووش بردن بۆ بت و پاشگەزبوونەوە لە باوەڕبوون بە خوا.. تەنانەت ئەم پێ کاریگەربوونە ئامادەبووانی پاڵ نەدەنا تا جەنجاڵی بنێنەوە لە چوونە نێو ئاگردا، بەمەش بڵێسەی خولیا و حەزی ڕۆیشتنیان بۆ لای خوا بە چوونە نێو ئاگر سارد بکەنەوە.

بەڕاستی دڵنیایی عەقڵی بە تەنها کەمتر و لاوازترە لەوەی مرۆڤ هانبدات بۆ خۆ داڕنین لە کۆت و بەندی دەروون و حەز و مەترسییەکانی، و خۆداماڵین لە دەسەڵاتی ئەو یاسانەی گەردوون و ژیان کە هۆگری بووە.. گومان لەوەدا نییە ئەوانەی خۆیان لە گشت ئەم کۆت و بەندانە ڕزگار کردووە، ئەوا بەهۆی هەستی خولیا و عەشقەوە خۆیان ڕزگارکردووە، کە جەلالەدینی ڕۆمی هەمووی یان بەشێکی کەمی لەسەر زمانی ئەم زارۆکە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ دایکیدا بەرجەستەی کردووە.

جا ئەگەر جەلالەدین لە هەوێنی عەشقی نەچەشتبا، کە مرۆڤ دەپەڕێنێتەوە لە وێنەی یاسا و بەڵگە و وشەکان، بەرەو گۆڕەپانی خولیا و دڵنیایی دەرۆونی، ئەوا هەرگیز هیچ ڕێگەیەکی دەستنەدەکەوت بۆ بەرجەستەکردن و وێناکردنی هەستەکانی زارۆکەکە، کە گڕی بە بەر هەستەکانی دایکیدا کرد، دواتر هەستەکانی گشت ئەو کۆمەڵانەی دەوروبەریشی گڕ تێبەردا.

ئێستاش" لە کۆتایی ئەم گەشتەدا، وەرە با بەیەکەوە گوێ بۆ جەلالەدینی ڕۆمی بگرین، لە کاتێکدا ئەو دەدوێ لەبارەی گریان و لاوانەوەی بنەدارەکە، لەو ڕۆژەی پێغەمبەری خوا دووریخستەوە بۆ لایەکی مزگەوت، لە جیاتی بنە دارەکە مینەرێك لە شوێنیدا دانرا[١]، ئەم گریان و نوزە و لاوانەوەی ئەم بنەدارە لە وشەدا بەرجەستە دەکات کە گوێچکەکان نایبیستن و زمانە بەرتەسکەکەمان لەخۆی ناگرێ، بەڵکو ئەو ڕۆحە تێیدەگات و لەخۆی دەگرێ کە نەرم و نیان بووە و بڵێسەی عەشق تێیدا جێگەی گرتووە.

جەلالەدینی ڕۆمی لە میانەی قسەکردن و وێناکردنی گریان و لاوانەوەی بنەدارەکە، سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی ئەم بنە دارە بێ گیانە، بۆ ئەوەی

---

(١) فەرموودەی گریان و نوزە و لاوانەوەی بنە دارەکە، بوخاری لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، لە بەشی نوێژی هەینیدا، باسی وتاری سەر مینبەر. لە فەرموودەی جابر.

دەروونی پڕ و تێر بێ لە خولیا و عەشقی بۆ پێغەمبەری خوا پێویستی بەوە نەبوو عەقڵی هەبێ، دواتر لە پێوەر و یاساکانی ڕابمێنێ.. ئەوەی بێ نیازی کرد لە گشت ئەم شتانە، ئەو نهێنیە سەرسوڕهێنە بوو کە لە گشت گەردیلەیەکیدا دەهات و دەچوو، تا ئەم ئاوازە خواییە بچرپێنێ کە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ﴾ (الإسراء: ١٧/ ٤٤) واتە: **(هیچ شتێك نییە لەم بوونەوەرەدا کە تەسبیحات و ستایش و سوپاسی ئەو زاتە نەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێناگەن)**. پاشان تا لە دوای ئەمە پێمان بڵێت: تۆ ئەی ئەو مرۆڤەی خوای گەورە بە چاودێری خۆی تۆی بەدیهێناوە، نهێنی دەسەڵاتی خۆی لە تۆدا جێگیر کردووە، تایبەتمەندی کردووی بە دڵی لێدەر، چۆن ڕازی دەبی بەوەی ئەم بنە دارە هەستی لە تۆ نەرم و نیانتر بێ، لاوانەوەی لە تۆ بەرزتر بێ بۆ لای خۆشەویستەکەت محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ).

کەواتە گوێ بگرە بۆ ئەو بنەدارە کە دەڵێت، ڕابمێنە لە سوتانی دڵی — بنەداریش دڵی هەیە ئەگەر تۆ نازانی — کە لەم وشانەوە گەڵاڵە دەبێ:

— بەڕاستی بنە دارە بەپەرۆشەکە دەینالاند و دەگریا، بەهۆی دوورکەوتنەوەی پێغەمبەر لێی، وەك ئەوەی یەکێك بێ لە ژێرمەندان.

- بنەدارەکە وتی: بەڕاستی ڕۆحی من بە دابڕانی تۆ بووەتە پارچەیەك لە خوێن.
- من پاڵپشتی تۆ بووم، بەڵام وازت لێ هێنام، پاڵپشتێکت بۆ خۆت داناوە لەسەر مینبەرەکە.
- پێغەمبەر پێی فەرموو: ئایا دەتەوێت ببیتە دارخومایەکی باڵابەرز، کەسانی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی لە بەروبومی تۆ بچنن؟ یان دەتەوێ لەم جیهانەدا ببیتە درەختی ئارەوەن و لە لاپاڵی لای سەرەوەی هەر تەپۆڵکەیەك بڕوێنرێی و بە تێراو و سەوزی بمێنیەوە؟
- بنە دارەکە وتی: من ئەوەم دەوێ کە هەر دەمێنێتەوە.. دەمەوێ لە تۆ نزیك بم..
- دەی ئەی کەسی بێ ئاگا گوێ بۆ ئەمە بگرە، نەکەی پەیی پێبردنت کەمتر بێ لەم دارە.
- بەڕاستی پێغەمبەری خوا ئەم بنە دارەی لە ژێر گڵی ژێر مینبەرەکەی شاردەوە، تا لە دواڕۆژدا لەگەڵ خەڵکدا زیندوو ببێتەوە.
- بێگومان هەر یەکێك کار و پرسێکی لەگەڵ خوادا هەبێ، ئەوا لە جیهانی ڕۆحدا ڕێگەیەك بۆ ئەم چارەنووسە دەبینێتەوە.. بەڵام ئەوەی هیچ بەشێکی لە نهێنیەکان نەبێ، ئەوا هەرگیز داننانێ بەڕاستی ناڵەی گریانی بێ گیانێك؟

- خۆ ئەگەر لە دونيادا كەسانێكی وەستاو نەبووبان لەسەر پرسی (ببە: كن) ئەوا ئەم وتەيە ڕەتكراوە دەبوو.
- ئەوانەی بەڵگە دەخوازن لەسەر قاچی تەختەيی دەڕۆن. كەچی قاچی تەختەيی خليسكاو و لاوازە.
- دارگۆچانيش، قاچی كەسی نابينايە. ئەوان ئەم دارگۆچانەيان پێيە تا لەسەر وردە بەردەكان نەهەڵنگوێ و بەسەر سەريدا بەرنەبێتەوە. جا كەسی نابينا ئەگەر بە دارگۆچانەكەی ڕێگا بدۆزێتەوە، ئەوا هێشتا هەر لەژێر چاودێری خەڵكی بينەردايە[١].

*          *          *

دوور نييە لە نێو خوێنەراندا كەسانێك هەبن، پرسيار بكەن و بڵێن: ئايا دەكرێ ئەم شێواز و ڕەوتە بدۆزرێتەوە لە هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ڕاستييەكانی ئيسلام: بيروباوەڕ و حوكم و خوو و نەريت و ڕەوشتەكانی، لە نێو ژيانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و يارانی يان لە ژيانی پێشينە چاكەكان ڕەزای خوا لە هەر هەموويان بێ؟

---

(١) بڕوانە تەواوكەری ئەم قەسيدە وەرگێڕدراوە لە (مەسنەوی جەلالەدينی ڕۆمی)، كە لەلايەن دكتۆر محەمەد عەبدوسەلام كەفافی ئامادەكراوە، لا ٢٧٢ و دواتری.

وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەمەی دامناوەتە بەر دەستی خوێنەر لە ژياننامەی جەلالەدينی ڕۆمی و ژيانە ويژدانيەکەی، کە ئەم ئەنجام و هەڵوێستانەی دەرهاوێشتووە، بريتييە لە بارودۆخێك کە هەستەکان و ويژدان دادەگرێ، نەوەك شێوە و ڕەوتێکی هزری يان زانستی بێ کە زمان دەريببڕێ يان پێنووسەکان بيڕازێننەوە. بۆيە زۆر هەڵەيەکی ڕوونە بە دوای ئەم بارودۆخەدا بگەڕێی، کە جەلالەدين و هاوشێوەکانی پێيگەيشتوون، لە نێو وشە زانستييەکاندا کە يارانی پێغەمبەر يان پێشينە چاکەکان لە دوای ئەوان نووسيبێتيانەوە.. خۆ ئەگەر ئەم بارودۆخە ويژدانيە وێناکرابا لە چەند وشەيەك کە گوزارشتی کردبا لە چەند بنچينە و ياسايەکی پەيڕەوی کە عەقڵ و هزری پێ دوێنرابايە، ئەوا بە هەمان شێوە ئەمەش دەبووە يەکێك لەو دارگۆچانانەی جەلالەدين ڕەخنەی ئەوە دەگرێ کە خەڵك تەنها پشتيان پێ دەبەستێت.

بەڵام ئەگەر بتەوێت توێکڵەکانی وشە و ڕوونکردنەوە تيۆريەکان تێبپەڕێنی، کە زۆرجار دەبنە ڕووپۆشێك زمان جوانکاری پێدەکات، يان هزر و خاوەنەکەی خۆی پێ هەڵدەکێشێ لە نێو خەڵکدا، بپەڕيتەوە بۆ دۆخی بێ دەنگ کە هەستەکان دادەگرێ و دەيانبات بەرەو ئاستی دڵنيايی دەروونی، هەڵوەستەی پێدەکات لەسەر سەرچاوە و بنەڕەتی عەشق. جا بزانە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێشەوای ئەم کۆمەڵە

خەڵکە بووە، هاوەڵانیشی (خوایان لێ ڕازی بێ) لە هەمووان زیاتر بەڕاستدانەر و پێشەنگ بوون لەمەدا.

بێگومان شەوانی خواپەرستی لە ژیانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخە بوون.. ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمووێت: ((هەندێك جار شتانێك بە سینەمدا دێن، بۆیە ڕۆژانە حەفتا جار داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم)) بەهەمان شێوە لە دەرهاویشتەی ئەم بارودۆخەیە.. بانگەوازی عەشق کە ئاڕاستەی ئاسمانی کرد و فەرمووی: ((خوایەگیان" بەدڵنیاییەوە لای تۆ هەڵدەبژێرم)).. ئەمەش بە هەمان شێوە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی ئەم بارودۆخە...

بێگومان هاوەڵان کە دونیایان بەکەمزانیوە، پێشبڕکێیان کردووە بۆ هونەرەکانی قوربانیدان، بە سوك سەیری دژوارترین بارودۆخیان کردووە، کێبڕکێیان کردووە لەسەر ئامادەبوون لەبەردەم مەرگدا، تا بۆنی بەهەشت بکەن لە نزیك یان لە دوورەوە.. ئەمانە هەر هەموویان گەڵاڵەبووی ئەم بارودۆخەن..

بەڵێ، چ کەسێك زەردەخەنەی بەختەوەری فەرامۆش دەکات، تەنانەت دڵخۆشی و ڕەزامەندی سەر ڕووی عیمرانی کوڕی حوصەین پشتگوێ دەخات، کە لە ماوەی سی ساڵی تەمەنی نەخۆشییەکەیدا هاودەمی بوو،

ئەو نەخۆشيەی كە ئەوی كردە كۆمەڵێك ئێسك لە گونيەيەكی پێستی چرچبوودا، ئەمە هەموو بەرهەمی ئەم بارودۆخە بوو؟ جا كێ هەيە بێ ئاگابێ لەوەی پاڕانەوەی موعازی كوڕی جەبەل لە پەروەردگار، كاتێك لە سەرەمەرگدا بوو، دەيوت: ((بفەرموو پەروەردگارا" تۆ هەناسەم ببڕە بەو جۆرەی دەتەوێت، سوێند بە خودی پيرۆزت چاك دەزانيت دڵم تۆی خۆشدەوێت)) ئەمەش تەنها يەكێكە لە ئەنجامی ئەم حاڵ و بارودۆخە؟.. كێ هەيە ئەوە نەزانێ باوەشكردنی عەلی (خوا ڕووخساری هەر بەرز و پيرۆز بكات) بە تاريكييەكانی شەودا، بەدەم ڕكوع و كڕنووش بردنەوە، دواتر بەدەم گريانەوە دونيای دەدواند و دەيوت: هۆ دونيا وازم لێبهێنە.. جگە لە من فريوبدە، بە ڕێكەوت لێم ئاڵاوی يان نيازت من بووە، دە بزانە سێ بە سێ تەڵاقم دای. تەمەنت كورتە و مەترسييەكەت كەمە. ئاخ بەدەم كەمی تێشوو و درێژی ڕێگاكە، دەڵێم: كێ هەيە نەزانی ئەم كارەی كە بەردەوام نەريتی بوو لە بەرهەمی ئەم بارودۆخە بووە؟..

ئايا هيچ يەكێك لە ژيرمەندان هەيە بڕوا بەوە بكات ئەم بە سوك سەيركردنە سەيرەی دونيا و ناخۆشييەكانی، كە هاوەڵانی پێغەمبەر چاكترين نموونەيان لەسەر ئەمە خستەڕوو، تەنها بريتی بووە لە بەرهەمی زانست و زانياری و ياسا ژيربێژی و هزريەكان كە عەقڵی ئەوانی داگرتبوو؟!..

تەنانەت کێ وتویەتی: سەردەمی هاوەڵان، سەردەمی بایەخدان بووە بەم یاسایانە و هونەر نواندن بووە لە تێگەیشتن لێی و دووبارە کردنەوەی و ڕازاندنەوەی زمان و مەجلیسەکان پێی؟.. بێگومان هەنگاوی یەکەمی بەرەوخواچوونیان بڕینی قۆناغێکی بنەڕەتی بوو لە زانست، کە سروشتە سەلامەتەکەیان ڕێگەی بۆ خۆشکردبوو، بڕینی ئەم قۆناغە هزری پاك و بێگەردی و دوور لە کرچ و کاڵی گومان و فەلسەفە لادەرەکان بۆیان فەراهەم کرد، دواتر ئەم هزرە پاکانە ئەوانی ڕادەستی قۆناغی عەشق کرد، بەدڵنیایەوە ئەمەش قۆناغی وازهێنانی دڵ بوو لە پەیوەست بوون بە شتانی ترەوە، دواتر ڕووکردنی دڵ — بە خۆشەویستی و لێترسان و مەزن گرتنەوە — بۆ لای خوای تاقانە و زاڵ.. ئەمەش ئەم حاڵ و دۆخەیە کە جەلالەدینی ڕۆمی دووپاتی دەکاتەوە بۆ خەڵك کە پێویستە هەموویان قۆناغی پاڵدانەوە بە دارگۆچانی ژیربێژی و بەڵگە هاتووە دەرەکییەکان ببڕن، و بگەن بە قوناغی پشتبەستن بە تیشك و درەوشانەوەی عەشق کە لە ناخەوە گەڵاڵە دەبێ و بەرەو جیهانی باڵا دەچێ.

بەڕاستی جیهان پێشتر و ئێستاش پڕیەتی لەو خەڵکانەی عەقڵیان بە زانست و زانیاری و پێوەرەکانی ژیربێژی و بەڵگە هێنانەوە قورس بووە، بەڵام قورسایی ئەم زانستانەیان ئەوانی زیاتر تووشی وێڵبوون کردووە، پەردەی زیاتریان داناوە لە نێوان ئەوان و نهێنی و ڕاستییەکانی گەردوون.

بەم هۆیە بێ بەشبوون لە نوور و ڕووناكی خوایی كە تەنها لە ناو دڵەوە دەدرەوشێتەوە، ئەم ڕووناكییە بوونەتەوە بۆ ماوەیەكی زۆرە پشتی تێكردوون، و تیشك و درەوشانەوەكانی لوتفی خوایی و خاوەن ڕەحمەتە فراوانەكانی ئەوانی فەرامۆش كردووە، بێ گومان بەدیهێنان و فەرمان تەنها بەدەست خوای گەورەیە، خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾ (النور: ٢٤/ ٤٠) واتە: (**بێگومان ئەوەی خوا نووری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نووری دەست ناكەوێت**).

* * *

ئێستا، خوێنەری بەڕێز" مۆڵەتم بدە ئەم مەجلیسەمان كۆتایی پێبهێنین لەبارەی جەلالەدینی ڕۆمیەوە، بە چەند قسەیەك لەبارەی عەشقەوە!.. بەڕاستی عەشق نهێنی ڕێنوێنی خوا بوو بۆ من.. تەنانەت عەشق نهێنی ڕاكێشەری من بوو لە قسە وتراو و نووسراوەكانمدا، ئەمەش سەرنجی زۆر تایبەتمەندی لە دڵی خەڵكیدا دانا. خۆ ئەگەر هێزی زانستی نهێنی نێو وتەكانم بووبا، ئەوا پلەی من گەلێك لە پاش پلەی زۆرێك لەوانە دەبوو كە لە من باڵادەست و ڕۆچووترن لە زانست و هونەرەكانیدا..

خوای گەورە ویستی وابوو، لە میانەی گەشتە زانستی و هزریەكەمان لەم دونیایەی خەڵكدا، بەڕێگەیەكدا بڕۆم كە پڕاوپڕ بێ لە تابلۆ جوانە بینراو و بیستراوەكان لە لای ڕاست و چەپمەوە.. ئای چەند جار دڵم

تواوەتەوە لەوەتەی پێگەیشتووم لە نێو بڵێسەی ئەو ڕووناکی و ئاگرەی کە لەم تابلۆیانەوە دەردەچوون!..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەروون و چاو یان گوێچکەکەم بەند نەکرد لە بەردەم هیچ یەکێك لەم دیمەن و وێنانە، تەنانەت لە گەشتەکەم نەوەستام سەرباری ئالۆدەبوونم بە هەرچیەك دەمبیست و دەمبینی. من پێشتر و ئێستاش هەر گوێبیستی ئەو هاوارەم کە لەقوڵایی ناخمەوە بانگم دەکات و دەڵێت: بەردەوام بە لە ڕۆیشتن و خۆت سەرقاڵ مەکە بەوەی دەیبینی، بەدڵنیایەوە سەرچاوەی جوانی و نهێنی هەرچییەك چاوەکانت دەیبینن یان گوێچکەکانت دەیبیستن لەبەردەمتدایە، لە نێوان تۆ و ئەودا تەنها بەربەستی ماوە هەیە.. کەواتە ئەم بەربەستە ببڕە و بڕۆ بەرەو ئەوەی لە بەردەمتە، نەکەی خۆت دابڕی لە بەردەوامبوون لە گەشتەکەت بە ڕۆیشتن لە تۆڕی ڕێچکە ئالۆزەکانی لای ڕاست یان چەپت.

ئەوەتا من – هێشتا لەسەر ئەم ڕێگایە دەڕۆم – تیشکەکانی جوانی ڕاستی و حەق لە بەردەممدا دەبینم کە چۆن لە دوورەوە بۆم دەدرەوشێنەوە، ئومێدی زۆر گەشاوە و مەزنم بە خوای گەورە هەیە لەوەی بەربەستی خەونە پەمەییە ساختەکان دامنەبڕێنن لە ڕۆیشتن بەرەو کۆتایی ڕێگاکە. بەڵکو تکام وایە لە خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ لە وێنە جۆراو جۆر و زۆرەکانی جوانی و قەشەنگی کە لە دەوروبەرمدا سەرنجم ڕادەکێشن

تەنها جوانی خودی پیرۆزی خۆی پیشانم بدات، دڵیشم تەنها بکاتە دەفرێك بۆ عەشقی خۆی.

کەواتە، وەرن با مەجلیسەکەمان لەگەڵ جەلالەدینی ڕۆمی (خوای ڕۆحی پیرۆز بکات) کۆتایی پێبهێنین بە گوێگرتن بۆ ئەم قەسیدەیەی ئەو کە لە خواردەوەدا دەیخەمەڕوو:

– بەڕاستی ئەو ڕۆحەی درۆشمەکەی عەشقی ڕاستەقینە نەبێ، ئەوا چاکترە هەر نەبێ.

– بوونی ئەم جۆرە ڕۆحە تەنها نەنگی و ڕیسواییە!..

– سەرخۆشبە بە عەشق. چونکە بوون هەمووی قەسیدەی عەشقە.

– بەبێ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ عەشق هیچ ڕێگایەك نییە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست.

– دەپرسن عەشق چییە؟ پێیان بڵێ: وازهێنانە لە ویست.

– ئەوەی خۆی لە ویستی خۆی ڕزگار نەکات، ئەوا هیچ ویستێکی نییە.

– تا کەی باوەش بە خۆشەویستی مردوودا دەکەی؟

– باوەش بکە بە ڕۆحدا، ئەگەرچی هیچ سنوورێکی بۆ نەبێ.

- بێگومان ئەو گوڵانەی لە بەهاردا لەدایك دەبن، لە پایزدا دەمرن.

- بەڵام باخچەی عەشق هەرگیز بەهارەکەی کۆتایی نایەت.

ڕەحمەتی خوا لە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بێ، کە لە شاری قۆنیە لەکاتی خۆرئاوابوون لە ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی جەمادی دووەمی ساڵی ٦٧٢ك کۆچی دوایی کرد. خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات و ڕێگەمان بۆ ئاسان بکات بۆ وابەستەبوون پێیەوە بەبێ ئەوەی پێویستمان بە دارگۆچانی بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی و بەڵگەی ژێربێژی بێ کە بەربەست لە نێوان خاوەنەکەی و ڕووناکی ڕێنوێنی و عیرفاندا دادەنێت.

# بەدیعوززەمان سەعید نوورسی

## ئەزموونی کارە سیاسییەکەی

## لە بواری بانگەوازی ئیسلامی

١٢٩٣ك – ١٣٧٩ك

١٨٧٣ز – ١٩٦٠ز

# پێشەکــی

گرنگیدانم بە بەدیعوززەمان (سەعید نوورسی) بۆساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە، کاتێك بۆ یەکەم جار دەستنووسێکی مەزن بە زمانی تورکی کەوتەبەر دەستم، ئەم دەستنووسە ژیانی بەدیعوززەمانی لەخۆگرتبوو لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی... ئەم کتێبە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، وا خۆم لەم دەستنووسەدا بینیەوە کە لەگەڵ مرۆڤێکدا ژیان دەگوزەرێنم کە دەگمەن و بێ هاوتایە لە جۆری خۆی... دەگمەن لە پێگەیشتن و خوێندنیدا... ناوازە لە بلیمەتی و زیرەکییدا... تاقانە لە بانگەوازکردن بۆ ڕاستی و حەقیقەت و بەرگریکردن لێی... بێ وێنە لە بەرگرتنی جۆرەها ئێش و ئازار و خۆڕاگرتن و ئارامگرتن لەسەر سەختی و ناخۆشییەکان و بەدگوزەرانی... بێ هاوتا لەو ڕێوشوێنانەی دەیگرتەبەر لە بەرگری کردن لە ڕاستی و خودی خۆی بەرامبەر زنجیرەیەك لە دادگای تاغوتە ستەمکارەکان... دواتر هاوشانی نەبوو لە خواناسی و خواپەرستی و ویژدانپەروەریەکەی کە زانستی زۆر لە کەسایەتی ئەودا ئاوێتە ببوو لەگەڵ جۆرەها ڕەنگی خواپەرستی و ڕاهێنانی دەروون لەسەر زیکر و ویردەکان و چاودێری بەردەوام!..

بەهۆی كاریگەربوونم بە دیمەنە یەك لە دوای یەكەكانی، بەوەندە تێنوێتیەكەم نەشكا كە كتێبەكە لە سەرەتاوە تا كۆتاییەكەی بخوێنمەوە، بەڵكو زیاتر بەجۆش و خرۆش بووم بۆ وەرگێڕانی زنجیرەی ئەم دیمەنانە بۆ سەر زمانی عەرەبی، تا كۆمەڵگەی وڵاتە عەرەبییەكان لەگەڵمدا بەشدار بن لە كاریگەر بوون بە ژیاننامەی ئەم مرۆڤە و پەند لێوەرگرتنی، تەنانەت وەرگرتنی چەندین پەندی بێ ژمار لە ژیانەكەی.

بەڵام بارودۆخی خوێندنەكەم كە ئەو كات یاریدەدەری مامۆستا بووم لە كۆلیژی شەریعە لە زانكۆی دیمەشق، ئەو كاتەی بۆ نەهێشتبوومەوە كە پێویست بوو بۆ كاری وەرگێڕانی دەستنووسەكە لە سەرەتاوە تا كۆتاییەكەی، لەبەر ئەوەی ژمارەی لاپەڕەكانی دەگەیشتە شەش سەد لاپەڕە. بۆیە پەنامبردەبەر وەرگێڕانی پوختەی ئەوەی لەم دەستنووسەدا هاتووە لە ژیاننامەی ئەم مرۆڤە مەزنە، جەختم كردۆتەوە لەسەر دادگایی و بەرگرییەكانی... لەمەدا پەیڕەوی ئەو بنەمایەم كردووە كە دەڵێت: (ئەو شتەی بە هەمووی ڕاناگەیشترێ، هەمووی فەرامۆش ناكرێت).

ئەم وەرگێڕاوەم بڵاوكردەوە، لە میانەی زنجیرەیەك وتاردا، لە گۆڤاری (شارستانیەتی ئیسلام) كە ئەو كات لە دیمەشق دەردەچوو، دواتر خستمە نێو دوایین كتێبم كە لە ساڵی ١٩٦٦ بە ناونیشانی (لە هزر و دڵەوە) دەرچوو.

بڕوام وایە خوای گەورە بەهرە و بەخششی لەگەڵ کردم، بەوەی منی تەرخان کرد بۆ ئەوەی ببمە یەکەم کەس کە جیهانی عەرەبی ئاشنا بکەم بە بانگخوازی بلیمەتی مەزن سەعیدی نوورسی، لە میانەی ئەم وەرگێڕانە یەکەمە بۆ ژیانەکەی و خستنەڕووی چەندین بڕگەی کاریگەر لە وتەکانی، کە لەبەردەم دادگاکان دەیدرکاند، ئەو دادگایە یەك لە دوای یەکانەی بۆی ڕاپێچ دەکرا.

دواتر چەندین ساڵ تێپەڕین، خوای گەورە ئەو کەسەی هەڵخست و دەرخست کە هەڵسا بە وەرگێڕانی زۆربەی ئەو پەیامە زۆر بەسودانەی لەلایەن قوتابیەکانی نوورسیەوە نووسرابوونەوە، کە بە پەیامەکانی نوور ناونران، بە سوپاس و پاداشتەوە بەویستی خوای پایەبەرز مامۆستای هاوڕێمان ئیحسان قاسم صالحی هەڵسا بەم کارە. ئەم پەیامانە ئێستا ناسراو و بەربڵاون لە وڵاتە مەزنە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا.

بەڵام من پێم وایە کۆمەڵگە عەرەبیەکان ئەمڕۆ زۆرتر پێویستیان بە هەڵوەستە کردن هەیە لەسەر هەواڵ و بەسەرهاتەکانی دادگاییەکانی و دادبینی و بەرگرییە سەرنجڕاکێشەکانی، کە هێشتا ئەم زانیاریانە بەندکراون لە نێو دەستنووس و چاپکراوی زۆر دەگمەنی تورکیدا!... بێ گومان ئەم کۆمەڵگانە زۆر پێویستیان بە وەستان و سەرنج دانی ئەمانەیە، هەروەك چۆن پێویستی بە دەستنووس و نووسراوی زانستییە لە بیروباوەڕ یان ئیعجازی زانستی یان تیشك یان تروسکە هزرییە جوانەکان... بەڕاستی کتێبخانەی کۆمەڵگە

عەرەبییەکانمان پڕن لە نووسراو و دانراو، کە هاوشێوەی ئەم زانیاریانەیان تێدایە. بەڵام پێشتر و ئێستاش پێویستیان بە نموونەی پاڵەوانێتی ئیسلامی کارا هەیە نەوەك تەنها بە قسە. بەدیعوززەمان نموونەیەکی دەگمەنە لەم پاڵەوانێتیانە..

ئومێدەوارم ئەو برایانەی سەرپەرشتیاری کاری وەرگێڕانی شوێنەوارەکانی بەدیعوززەمان دەکەن بۆ زمانی عەرەبی، ئەوە بزانن کاکڵی سوودی وەدەستهاتوو لە جێماوەکانی سەعید نوورسی لە دوای خۆی، ئەوا خۆی لە هەڵوێستە سەرنجڕاکێش و وتار و ڕوونکردنەوە دەگمەنەکانیدا دەبینێتەوە، کە لە هۆڵی دادگای ئەفیۆن و هۆڵەکانی تریشدا نمایشی کرد. ئەمە هەر ئەوەندە ماوەی پێویست بوو کە دەنگدانەوەکەی لە گشت ناوچەکانی تورکیادا بڵاو ببێتەوە و سەرنجی دڵ و عەقڵەکان ڕابکێشێت.. کەواتە ئایا چ شتێك ڕێگریان لێدەکات لە وەرگێڕانی ئەم کاکڵ و گەوهەرە سەرنجڕاکێشە، کە پێشتر و ئێستاش نوور و ڕووناکین، و چ شتێك وایان لێدەکات — لە جیاتی ئەمە — ڕوو بکەنە پرسە هزری یان زانستییەکان و وەرگێڕانیان بۆ ئەوەی شوێن بگرن لە کتێبخانە عەرەبییەکاندا، لە پاڵ زۆرێك لە بەرهەم و کتێبە هاوشێوەکانیان؟!..

لە توانامدا هەبوو ئەوە جێبەجێ بکەم کە داوام لە برا بەڕێزەکانم کردووە ئەنجامی بدەن، بەڵام لەبەر ڕێزبەندی لە گرنگی پڕۆژە و کارەکان کە بە وردی

کاتەکانیانم داگیر کردووم ناچارم ئەم کارە دوابخەم تا ئەو ساتەی کاتی خۆی دێت، هەرچەندە نازانم تەمەن ئەوەندە بە بەریەوە دەمێنێ تا ئەم کارە لەو کاتدا تەواو بکەم یان نا؟..

بەڵام ئێستا، پێش ئەوەی لەسەر ئەزموونی کاری سیاسی بکەم لە ژیانی مامۆستان سەعید نوورسیدا، ئەمە ئەو خاڵەیە کە پێویستە بخرێتەڕوو بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوانەی ئەمڕۆ کار دەکەن لە چوارچێوەی کاری ئیسلامیدا لە وڵاتانی عەرەبیماندا، دەمەوێ بپرسم لەبارەی جۆری ئەو پەیوەندیەی نوورسی جەختی لەسەر دەکردەوە لە گشت بۆنەیەك و لە دوو توێی هەر توێژینەوەیەکدا، لە پێویستی یەکێتی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و وریابوون لە پەرتەوازەبوونی ڕیزەکانی، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی قوتابیانی نوورسی تێیدان (سوپاس بۆ خوا ژمارەیان ئەوەندە زۆر، کە تورکیایان داگرتووە) لە پەرتەوازەیی و پشت لە یەکتر کردن و دابەشبوون بۆ چەندین دەستە و کۆمەڵە، کە هەر یەکێك بە ئاڕاستەیەکدا دەڕووات؟!..

دوای ئەم پێشەکییە" دەستدەکەم بە قسەکردن لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتە. ئەوەش کە دەیەوێ ژیاننامەی بەدیعوززەمان و قۆناغەکانی ژیانی بزانێت، ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم بارەوە نووسیمە لە کتێبەکەمدا (لە هزر و دڵەوە).

## ئەزموونی كــــــاری سیاسی لە ژیـــانی بەدیعوززەماندا

١– بە دوور و درێژی نادوێم لەسەر یادخستنەوەی ڕاستیەكی زانراو لەلای هەر یەكێك لەوانەی كە ژیانی مامۆستا بەدیعوززەمانیان خوێندبێتەوە، یان ئاشنای پوختەیەكی ژیاننامەكەی بووبێ، ئەویش هۆگر بوونی بووە بە سیاسەتەوە لە تەمەنی بیست ساڵیەوە، بانگەوازی بۆ لای خوا كردووە، پێداگری كردووە لەسەر ئاشناكردنی كۆمەڵە و چینەكانی خەڵك بە ڕاستییەكانی ئیسلام.

بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ڕاستیە زانراوە تێپەڕێنین كە لای هەر یەكێك ناسراوە كە بەدیعوززەمانی ناسیبێ، تا هەڵوەستە بكەین لەسەر شتێكی تر، ئەویش بریتییە لە پرسیاركردن لەبارەی پاڵنەرە شاراوەكانی پشت ئەم ئاڕاستە سیاسیەی كە هاودەمی هەڵاتنی خۆری چالاكییە ئیسلامی و كارە بانگەوازییەكانی بوو.

ئەم پرسیارە سەرنجی ڕادەكێشام، بیرم لە وەڵامەكە دەكردەوە كە گوزارشتی دەكرد لە واقیع یان پاڵنەری ڕاستەقینەی پشت ئەمە. جا بە دڵنیایەوە گەیشتمە ئەوەی پاڵنەرەكە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

هەستەکانی بەرزبوون بە خود و بایەخدان بە دەروون، هاوشێوەی دووانەی لەدایك بووی هاودەمی سەرهەڵدانی گرنگیدانی بەدیعوززەمان بوون بە ئیسلام. ئەم دوو بایەخدان لە لە تەمەنێکی زووەوە و لە یەك کاتدا لە ژیانیدا گەڵاڵە بوون.

دواتر بەشێکی زۆری لە تەمەنی گەنجایەتیەکەی بەسەربرد، بە سەرنجدانە کێشەکانی موسڵمانان و ئاستەنگەکانی بەردەم بانگەواز کردن بۆ لای خوا، لەو دیوی شووشە دەروونیەکانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی گرنگیدان بە خود و سەربەرزبوون بە خود و قەوارەکەی، بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ لە زیاد لە بۆنەیەکدا ئاماژەی بەمە کردووە، لە پاشکۆی (ئەمیرداغ)دا، بەتایبەت لەکاتی خستنەڕووی ژمارەیەك ڕاستی لە ژێر ناونیشانی (پشتهەڵکردنی وەلییەکی مەزن و پاڵنانەکەی).

ڕاستە بەدیعوززەمان (ڕەحمەتی خوای لێبێ) هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان کاری بانگەوازی بەکارنەهێناوە بۆ تێکردنی ئارەزووە دەروونی یان حەزە کەسییەکانی، نە لە تەمەنی گەنجی و نە لە تەمەنی پیریدا، بەڵکو ژیانی بەسەربرد دوور لە بەکارهێنانی ئیسلام و قۆستنەوەی چالاکییە ئیسلامییەکانی، بۆ گەیشتنە دەستکەوتێکی سیاسی یان بەدەستهێنانی پۆستێکی سەرۆکایەتی یان هەر دەستکەوتێکی تری ئاینی.

سروشتەکەی کە لەلای گەلاڵە بوو لەگەڵ هەڵاتنی خۆری گەنجایەتیەکەی، وایلێکرد بکەوێتە پاڵ کەسانێك کە سەرسام بوون بە خەسڵەتە دەگمەن و هزرە قوڵ و زانیارییە فراوانەکانی. وا ڕێککەوت زۆربەی ئەو کەسانە چالاکی سیاسی بوون بەپێی پێگە سیاسییەکەیان کە هەیانبوو. بایەخدان و سوودبینینی قوتابیەکان لە زانیاریە زانستی و هزرە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی، زۆر زیاتر بوو لە بایەخدانی ئەو بەوان و سوودبینینی لەوان.

ئەگەر سەرنجی دیاردەی هەماهەنگی سروشتی بدەین لە نێوان هەستە گەشەکردووەکانی لە سەرەتای گەنجێتیەکەیدا لە بایەخدان بە خود و پشتبەخۆبەستن، لەگەڵ سەرسامبوونی ئەو کەسانە پێی و مانەوەیان لە پاڵیدا تا ئاستێك کە وەك قوتابی بۆ مامۆستا یان شێخی ڕێنیشاندەر بوون، پەییمان بە سروشتی ئەو کەش و بارودۆخە برد کە ڕۆڵی هەرە مەزنی گێڕا لە چالاکییە سیاسییەکانی وەك خزمەتکارێکی بانگەوازی ئیسلامی لە سەروبەندی ئەو قۆناغەدا بەتاییەتی.

لەو کەسانەی پەیوەست بوون بە بەدیعوززەمانەوە، ئەمانە بوون: موستەفا پاشای سەرۆك عەشیرەتی میرا، والی بەدلیس کە پەیوەندیەکی تۆکمە هەبوو لە نێوان ئەو و مامۆستادا، بەهۆی سەرسامبوونی والیەوە بە کەسایەتییە زانستی و هزرییە دەگمەنەکەی، مامۆستا خۆی دایە پاڵ والی ناوبراو، بەهۆی ئەو ڕێز و خۆشەویستیەی لێی دەنرا لەلایەن والیەوە، بێگومان ئەم دوو خەسڵەتە

سەرچاوەی ئاسودەیی و ڕەزامەندی کەسایەتیە بەرز و سەربڵندەکەی بوو لەم قۆناغەی ژیانیدا.

ئەو کەش و دۆخەی ئەو پەیوەندیانە تیایدا دروست بوون لە نێوان مامۆستا و ئەوانەی پێی سەرسام بوون، سیاسەت بەسەریدا زاڵ بوو، بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە چالاکییەکانی (ئیتحاد و تەڕەقی) زۆر بەرفراوان و بەهێز بوون، ڕەشەبای فێڵ و تەڵەکە و پیلانگێڕی دژی خەلافەتی نەخۆشی ئیسلامی هەڵیکرد، هەموو پاڵنەرەکانی بزاڤ و جوڵەکان، سەرباری جیاوازبوون و بەیەکداچوونیان، ئەوا پاڵنەری سیاسی بوون. بەدیعوززەمان لە نێو ئەم گۆڕەپان و مەیدانە جەنجاڵەدا دەژیا. هەر بۆیە لەسەری پێویست بوو – هەروەك هەوڵ و کۆششی دەکرد بۆ پاراستنی ئیسلام بەو ئامراز و شێوازەی ئەو دەیویست – سوود ببینێ لە هەمان ئەو پاڵنەرانە، بجوڵێ لە پێناو ئامانجەکانی لە چوارچێوەی هەمان کەش و دۆخدا کە خۆی تیایدا بینیەوە بە گەمارۆدراوی – لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کردن –.

ئەمەش پاڵی پێوەنا کە دژایەتی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەڕەقی) بکات و لە ڕێگاکەی دایببڕێنێ کە ڕێگەخۆشکردنی بۆ کردبوو بەرەو ئامانجە کاولکەرەکەی، بە هەمان ئەو چەکە تەکتیکیەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بەکاریدەهێنا... بۆیە ناوبراو ڕەحمەتی خوای لێبێ هەمان ئەو دروشمانەی بەرزکردەوە کە ئیتیحادیەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەوانیش ئازادی و

برایەتی و یەکسانی بوو. بەڵام ئەو ئەم درشمانەی بەستەوە بە یاسا و بەرنامەکان و بیروباوەڕی ئیسلام، دواتر وتاری شۆڕشگێڕانەی بڵاو دەکردەوە و تیایدا بە تووندی گورزی لەم هێڵە دەوەشاند، جا لە گۆشەنیگا سیاسییەکەوە ڕایدەگەیاند و دەیوت:

((ئەگەر پەنا نەبەینەبەر ئەو ئازادیەی کە ئیسلام هێڵی بۆ ڕێگاکەی کێشاوە، ئەوا ستەمکاری و زۆرداریەکی مەزن دووچارمان دەبن لە پاڵ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بەم دروشمەی ئازادی، ئەو کاتیش زۆری پێناچێ ئێمە دەبینە قوربانیەکەی)).

ئەم ڕەوت و ڕێبازە سیاسییە بریتی بوو لە ڕێگەی نموونەیی بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە مەترسییەك کە هێلانەی لە کەللەسەری ئیتیحادییەکاندا دامەزراندووە، لە هەمان کاتدا ئیتیحادییەکان ناتوانن بە هیچ تۆمەتێك کە تاوانباری بکەن دەستگیری بکەن، چونکە هەمان دروشمی ئەوانی بەرز کردۆتەوە.

ئا بەم شێوەیە مامۆستا (ڕەحمەتی خوای لێبێ) خۆی بینیوە لە نێو ئەو کەش و دۆخە سیاسیەی لە گشت لایەکەوە دەوری داوە، بەهۆی وابەستەبوونی بە چەند دۆستایەتیەکەوە کە لە نێوان ئەو و زۆرێك لە بیرمەندە سیاسیەکاندا دروست بووە، بەهۆی ئەو پشتبەخۆبەستنەی ئەو کات هەیبوو، لەگەڵ ئەو شتانەی ئەو دۆستایەتیانە بەدیاندەهێنا لە پاڵپشتی و تێرکردنی هەستەکانی،

– لەبەر ئەوەی مامۆستا بانگخوازی دڵسۆز بەڵكو گڕگرتوو بوو بۆ سەرخستنی ئاینی خوا – دەبوو پیادەی بانگەواز و چاڵاكییە ئیسلامییەكانی بكات لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا، لە پەت و گوریسە سیاسییەكان تۆڕێكی پارێزەر دروست بكات لە دژی سیاسەتی فێڵ و پیلانگێری دژی ئایین و دەسەڵاتەكەی.

٢– بەڵام وا دیارە ئەو شیكارییە پاساوەكانی ئەو ڕێبازە سیاسییە لەخۆدەگرێ كە مامۆستا سەعید نوورسی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەسەری دەڕۆیشت.. شتێكی ژیرمەندانە و جێگای قەناعەتە كە مامۆستا ڕەحمەتی خوای لێبێ – كە مرۆڤێكی بلیمەت و زیرەك و دەگمەنە – كێبڕكێ بكات لەگەڵ ئیتیحادییەكان لە بانگەواز كردن بۆ دروشمە پەسەند و بەناوبانگەكان لەلای خەڵك، بەمەش پێش ئەوان بكەوێتەوە و بە بەرگی ئیسلام بیپۆشێت، بەر لەوەی ئەوان سەربكەون لە ڕامكردنیان بۆ ئامانجە خۆسەپێنە كاولكارییەكەیان...

كەواتە چ شتێك وای لەو كرد واز لەم ڕێبازە بهێنێت و ئەم پاساوانە پشتگوێ بخات؟ ئەو جێگرەوەیە چییە كە دواتر پەنای بۆ برد؟

ئەوەی وای لەو كرد واز لەو ڕێبازە سیاسییە بهێنێت، گەشەكردنی هەستەكانی دڵسۆزی بوو لە دڵیدا بۆ خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ. جا ئەگەر هەستەكانی دڵسۆزی بۆ خوا لە دڵی مرۆڤدا نەشونمایان كرد و وایلێهات

کردەوەکانی تەنها بۆ خوا بوو، چیتر قبوڵی ئەوە ناکات هیچ کرچ و کاڵی و مەبەستی تر هەبن کە ڕووکردنە پاك و پوختە بۆ لای خوا شێلو بکات. ئەمە هۆکارەکەیە، لە گوزارشتێکی گشتگیری کورتدا. بەڵام دەی با ئەم کورتبڕیە کەمێك بە درێژی باس بکەین، لە میانەی فرەیی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی ئەویان دوورخستەوە لە خۆهەڵقورتاندن لە کاری سیاسیدا:

یەکەم — بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ، هەر دوو ئەزموونی چوونە نێو کاری سیاسی و دوورکەوتنەوە لەم کارەی تاقیکردووە، جا داندەنێت بەوەی هەوڵ و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام لە نێو ڕەوتە سیاسییەکاندا، لەوانەیە زۆر جار خاوەن هەوڵەکە ناچار بکات بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ هەندێك لەم ڕەوتانە و خۆدانەپاڵیان، تەنانەت چوونە نێویان لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپەرچی ڕەوتەکانی تر بداتەوە، کە تەبانین لەگەڵ ئەو پەیامەی بانگەوازی بۆ دەکات، بەڵکو لەوانەیە کۆك و تەبا نەبێ لەگەڵ ئەو تەکتیکە سیاسیەی پیادەی دەکات. ئەستەمە مرۆڤ بچێتە ناو کاری سیاسی، دواتر لە هەمان کاتدا دوور بێ لە گشت ئەم ڕەوتە بەیەکداچوو و ململانێکارانە، چونکە ئەمە ڕەنگێکە لە ڕوونترین ئەو ڕەنگانەی تێکگیران کە گرێکوێرەیە لە جێبەجێ کردندا.

زۆر دوورە دڵسۆزی تەنها بۆ خوای گەورە لە کاردا، هەماهەنگ بێ لەگەڵ هاوپەیمان بوون لەگەڵ هەر یەکێك لە کۆمەڵە ئیسلامییە پیشەگەرەکان.

چونكە ئەم هاوپەيمان بوونە بێ دەنگ بوون دەخوازێ لە ئاست زۆرێك لە لادان و قەدەغەكان كە لەوانەيە كۆمەڵەكەوە ئەنجام بدرێ، هەروەك پێويستی بە ئەندازەيەكی زۆر هەيە لە ڕووخۆشی نواندن و نەرمی نواندن لەسەر حيسابی بەرژەوەندی ئيسلامی، لە كاتێكدا وا هەست دەكات پاسەوانێكی ئەميندار و بانگەوازێكی دڵسۆزی ئەم بەرژەوەنديەيە، سەرباری ئەوەی هاوپيشەبوون لەگەڵ ئەم كۆمەڵەيە دەبێتە هۆی بوونی هاوڕێيەتيەكی ڕاستەقينە لەگەڵ ئەندامەكانی و هۆگربوونی پێيان. بەمەش شوێنەواری ڕەش و تاريك لەسەر دڵ دروست دەكات و ڕەق و وشكی هەڵدێنێ و ئەوەی لەبير دەباتەوە كە زۆر پێويستی پێيەتی، لە خۆراكی خواپەرستی و تێشوی پەرستشەكان و نزيك بوونەوە لە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ.

دەی با گوێ بگرين بۆ ئەوەی مامۆستا بەديعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ لە ڕوونكردنەوە ئەم هۆكارەدا دەڵێت:

((بێگومان گرنگترين هۆكار بۆ ئەم خۆدوورگرتن و بايەخنەدانە بەو ڕەوتانەی كە هەن، بريتييە لە دڵسۆزی بۆ خوا، كە بنچينەی ڕێبازەكەمانە. دڵسۆزی ڕێگری دەكات لەم كارەمان. چونكە لەم سەردەمی بێ ئاگاييەدا و بەتايبەت بۆ ئەوەی هەڵگری بيرۆكە و هزری لايەنگيری لايەنێكی دياريكراوە، ئەوا هەوڵ دەدات هەموو شتێك بكاتە ئامرازی دەستەمۆكراو بۆ ڕێبازەكەی، بەڵكو تەنانەت ئايين و ئەو كردەوانەشی كە بۆ دواڕۆژ دەيانكات بە ئامراز

بەكاریاندەهێنێ لە پێناو ڕێبازەکەی، لە کاتێکدا ڕاستییەکانی ئیمان و خزمەتکردنی پەیامە پیرۆزەکانی نوور، ئەوە ڕەت دەکەنەوە ببنە ئامراز بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێك لە گەردووندا، ناکرێ جگە لە ڕەزامەندی خوای پاك و بێگەرد هیچ مەبەست و ئامانجێکی تری هەبێ..

لە ڕاستیدا پاراستنی نهێنی دڵسۆزی بۆ خوا زۆر سەختە لە نێو شەپۆلە دژبەرەکانی ڕەوتە هەنووکەییەکان. زۆر سەختیشە ڕێگە بگیرێت لەوەی ئایین بکرێتە ئامراز و هۆکار بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی دونیایی. بۆیە چاکترین چارەسەر بۆ ئەمە بریتییە لە پشت بەستن بە چاودێری خوایی و ڕاسپاردنی کارەکە بە پشتیوانی و ڕێنوێنی پەروەردگاری جیهانەکان، لە جیاتی پشتبەستن بە هێزی ڕەوتە سیاسییەکان))[١].

دواتر بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ ئەم ڕاستییە کە لێرەدا بە شیکردنەوەی تیۆری دەریخستووە بەرجەستە دەکات لە ئەزموونێکی کرداریدا، کە لە شوێنێکی تردا تۆماری کردووە، جا دەڵێت:

((بەڕاستی گەورەترین هێزی پەیامەکانی نوور بەرامبەر دوژمن و بەرهەڵستکارە زۆر و بێ ژمارەکانی، بریتییە لە دڵسۆزبوون بۆ خوا "ئیخلاس". هەروەك پەیامەکانی نوور نابنە ئامراز بۆ هیچ شتێك لە دونیادا، بەهەمان شێوە بایەخ نادات بەو ڕەوتانەی کە لەسەر هەستی لایەنگیری دامەزراون، بەتایبەت

---

١) پاشکۆی ئەمیرداغ – ١/ ٢٢١.

ڕەوتە سیاسییەکان. چونکە هەستی لایەنگیری دڵسۆزی دەشێوێنی و ڕەنگی حەقیقەت دەگۆڕێ. تەنانەت هۆکاری ئەوەی لەوەتەی سی ساڵە وازم لە سیاسەت هێناوە، ئەوەیە کە زانایەکی چاك بە گەرمی ستایشی دووڕوویێکی کرد کە هەڵگری هزرێك بوو هاوشێوەی هزری سیاسی ئەو بوو، لە هەمان کاتدا ڕەخنەی لە زانایەکی چاك گرت، کە هەڵگری چەند هزر و بیرۆکەیەکی جیاواز لە هزر و بیرۆکەکانی ئەو بوو، بە ئەندازەیەك ڕەخنەی لێگرت تا بە لاساری وەسفی کرد))[١].

دووەم – شێوازی کاری سیاسی ئێستا – هەروەك زانراوە – وەستاوەتە سەر چاوپۆشی کردن لە زۆرێك لە هەڵە و لادانەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە ستەمکردن لەوانی تر یان تێکدانی ڕشتە و سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی یان ئابووری، ئەمەش لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو" هیچ ڕەواییدانێك بۆ ئەم چاوپۆشییە لە تەرازووی ڕێبازی سیاسیدا بە مەرج نەگیراوە جگە لە بڕوای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە نەبێ بە ئامانجەکەیان کە هەوڵی بۆ دەدەن. زۆربەی جار ئەم ئامانجە سیاسییە تەنها پشتی بەستووە بە تێڕوانینی سیاسیەوە، لەوانەیە ئەمەش بەپێی قۆناغ بێ، کە کۆمەڵەیەکی سیاسی دیاریکراو بە بنەما و ڕێبیری خۆی دایدەنێ.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ٣٦٩.

ئەگەر ئەو کەسەی بانگەواز بۆ لای خوا دەکات خۆی خزاندە نێو ڕەوت و ئاڕاستە سیاسییەکانەوە، ئەوا ئەو کاتە دەبێ ملکەچی دەسەڵاتی ئەم چاو لێ پۆشینە ببێ، بەمەش دەبێ چاوبنوقێنێ لە ئاست زنجیرەیەك لە کاری خراپ کە ئەنجام دەدرێ تەنانەت بەرنامەی بۆ دادەنرێ، هەروەها چاو دابخات لە بەرامبەر زۆرێك لە ستەم و زۆرداری کە بەرامبەر کەسانی بێ تاوان ئەنجام دەدرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی هەماهەنگی دروست ببێ لەگەڵ داخوازییەکانی هاوپەیمانی سیاسی بۆ ئەوەی بانگخوازەکە بڕیاری داوە هاریکاری لەگەڵدا بکات لەسەر ئەم ڕێبازە. بەڵام بنەما سەلمێنراوە مەزنەکانی ئیسلام تەواو دژی ئەم ڕەوت و ڕێبازەن. لەبەر ئەوەی زۆر بە توندی تێکدەگیرێ لەگەڵ بنەمای ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (الأنعام: ٦/ ١٦٤ لە چەند شوێنێکی تریشدا هاتووە) واتە: (هیچ کەسێك باری گرانی تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت). دواتر دژە لەگەڵ بنەمای: ((پێشگرتن لە خراپە و زیانەکان، لەپێشترە لە بەدەستهێنانی سوود و بەرژەوەندییەکان)) کە هەڵهێنجراوە لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ. وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ﴾ (البقرة: ٢/ ٢٠٤ – ٢٠٥) واتە: (هەندێ کەس هەن قسەو گوفتارو دەم پاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات، خوایش بە شایەت دەگریت و دەڵێت: دڵ و زمانم یەکسانن، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتیەکدا. هەر

**کاتێك ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکردو دەسەڵاتی پەیدا کرد؛ هەوڵ و کۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بکات و خراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاو کردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات، بێگومان خوا فەساد و خراپە و تاوانی ناوێت). لەگەڵ ئەم فەرمایشتەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾ (المائدة: ٥/ ٣٢) واتە: (لەبەر ئەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوا ڕوو نەدات ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی ئیسرائیل ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت، یان گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لەزەویدا (وەکوجەردەیی و دەستدرێژی و هتد)، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێك لە مەرگ ڕزگار بکات، هەروەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی لەمەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن).**

شێوازی کار و ڕێبازی سیاسی لە چارەسەرکردنی پرسەکاندا، هەردەم لە حەز و ئارەزووە مرۆییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، دواتر گوێ بەوە نادات کۆشك و تەلاری پێکهاتوو لە دەستکەوت یان بەهاکان دارمێنێ، ئەمەش لە پێناو بەدەستخستنی ئامانجێکی کەسی کە لەوانەیە پوچەڵ یان لە بنەڕەتدا هەڵە بێ. بەڵام ڕێباز و شێوازی کاری ئیسلامی کە هەڵهێنجراوە لە کتێبی خوا

و سوننەتی پێغەمبەرەكەی، ئەوا سەرچاوەی گرتووە لە میهرەبانی و بەزەیی خوا بەرامبەر تێكڕای بەندەكانی، دواتر بەر لە هەموو شتێك كار بۆ پاراستنی خەڵكی بێ تاوان دەدات، هەوڵی هێشتنەوەی نەمامی چاكسازی دەدات لە كۆمەڵگەدا، ئەمەش لەسەر سزادانی تاك تاكەی تاوانكاران یان خراپەكاران كاتێك دوو مەبەستەكان تێكدەگیرێن، چونكە تۆقاندنی كەسانی بێ تاوان و هەڵتەكاندنی نەمامی چاكسازی بەهێز و خێراترە لە بڵاوكردنەوەی خراپە و گەندەڵی و كاری لەناوبەر و ئاشوبەكان لە كۆمەڵگەدا، لە بەرامبەر چاوپۆشی و لێخۆشبوون لە هەندێك خراپەی لاوەكی و گوناه و لادانی بچوك. ئەمە مەبەستی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) كە لە خاتوو عائیشە بە (وەستاوی و بەرزكراوەیی گێڕدراوەتەوە): ((ئەوەندەی لە تواناتانداية سنوورەكان بە گومانەكان بگرن، بێ گومان دادوەر هەڵە بكات لە لێبوردندا چاكترە لەوەی لە سزاداندا هەڵە بكات)).

مامۆستا بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ زۆر بە وردی ئەم پاڵنەرە دوانەییەی ڕوون كردۆتەوە، كاتێك وەڵامی ئەوانەی داوەتەوە كە پرسیاریان لێی كردووە سەبارەت بە هۆكاری دووركەوتنەوەی لە بەكارهێنانی شێواز و ڕێبازی سیاسی لە بانگەوازی ئیسلامیدا، پاش ئەوەی زۆر ئاوێتەی بوو و خۆی دەدایە پاڵی، جا لە وەڵامدا وتی:

((یاسای بنەڕەتی سیاسەتی مرۆڤایەتی، بریتییە لەوەی: تاکەکان لە پێناو سەلامەتی ئوممەت بکرێنە قوربانی، کەسەکان بکرێنە قوربانی پاراستنی کۆمەڵ... ئینجا گشت تاوانەکانی مرۆڤایەتی کە تا ئێستا ئەنجامدراون، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەم یاسایەوە بووە... بێ گومان هەر دوو جەنگە جیهانیەکەی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەم یاسایە بەرپا بوون، بەوەش ئەو پێشکەوتنەیان کاول کرد کە مرۆڤایەتی پێیگەیشت بە درێژایی هەزار ساڵ، هەروەك پشتکردنە ئەم یاسایە یان خراپ بەکارهێنانی ڕێگەی داوە نەوەد کەسی بێ تاوان بە تاوانی دە کەسی تاوانبار سزا بدرێن. هەروەها شارۆچکەیەك دەڕوخێنێ لە پێناو ڕاوەدوونانی یەك تاوانباردا، ئەمەش لە پێناو چەند مەبەستێکی کەسییە لە ژێر ناوی بەرژەوەندی گشتیدا!..)).

((جا بینیم یاسای بنەڕەتی قورئانی مەزن کە لە عەرشی گەورەوە دابەزیوە، هۆشداری دەدات لە ئاست ئەم ستەمە درێو و مەزنە و فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (الأنعام: ٦/ ١٦٤ لە چەند شوێنێکی تریشدا هاتووە)، و فەرموویەتی: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾ (المائدة: ٥/ ٣٢) [١]، ئەم دوو ئایەتانە بنەما و یاسایەکی زۆر پیرۆزمان

---

(١) پێشتر مانای ئەم دووو ئایەتە بە کوردی خراونەتەڕوو، بۆیە لێردا ماناکانیانم دووبارە نەکردۆتەوە. (وەرگێڕ).

فێر دەکەن، ئەویش ئەمەیە: هیچ یەکێك بە هۆی تاوانی کەسێکی تر سزا نادرێت، دواتر کەسێ بێ تاوان ناکرێتە قوربانی بەبێ ڕەزامەندی خۆی هەرچەندە لە پێناو گشت خەڵکیش بێ، بەڵام ئەگەر ئەو بە ویست و ڕەزامەندی خۆی خۆی کردە قوربانی، ئەوا ئەمە پلەی شەهیدبوونە)).

ئا ئەمە ئەو بنەما و یاسا پیرۆزەیە، کە ڕوونکردنەوەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ جەختی لەسەر کردۆتەوە و بەمەش ڕێگری لێمکرد لەوەی دادگەری قورئان تێکەڵ بە ستەمی سیاسەت بکەم))[1].

هەروەها لە پەیامی تیشکەکاندا دەڵێت: ((ئەوانەی ئێستا هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی ئیسلام، هیچ یەکێکیان ناتوانێ سەربەخۆیی و دڵسۆزیەکەی بپارێزێ، چونکە ڕەوتێك لە ڕەوتە سیاسییەکان بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ و وای لێدەکات کار بکات بۆ بەرژەوەندیەکەی و دەیقۆزێتەوە لە دەستەبەرکردنی مەبەستە دونیاییەکاندا، ئەمەش کرچ و کاڵی دروست دەکات لە پیرۆزی کار و خزمەتکردنەکەیدا. دواتر تووندترین جۆری ستەم لەگەڵ خراپترین جۆری خۆسەپاندن بوونەتە دەستوور و یاسایەك لە یاساکانی ململانێ و ناکۆکی ماددی لەم سەردەمەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زۆرێك لە کەسە بێ تاوانەکان دەبنە قوربانی هەڵەی یەك کەس، یان ئەو کەسە لە ژێر باری کارەکەیدا سەرکەوتوو نابێ. ئەو کاتە خەیاڵی واز هێنان لە ئاینەکەی

---

[1]) پاشکۆی ئەمیرداغ – ١/ ٣٣٥.

دەکات لە پێناو دونیاکەی یان ئاینەکەی دەکاتە ئامرازێك بۆ دونیاکەی، ڕاستییە پیرۆزەکانی قورئانیش قۆزراونەتەوە و بەکارهێنراون لە گۆڕەپانی بانگەشەی سیاسیدا... تاکەکانی ئوممەت بە گشت چینەکانیانەوە، بە بەرهەڵستکار و پشتیوانان بەشیان هەیە لەم ڕاستییە قورئانیانە و پێویستیان پێی هەیە. هەر بۆیە لەسەر قوتابیانی نوور پێویست بوو تەواو بە بێ لایەنی بمێننەوە، هەروەها پێویستیش بوو نەیەنە نێو سیاسەت و ململانێی ماددی و بەشدار نەبوون تێیدا))[١].

سێیەم — لە دوانگەی بانگەواز کردن بۆ لای خوا و ڕاگەیاندنی پەیامی خوادا، پێویستە بە یەك چاو و ئاست سەیری خەڵك بکرێ سەرباری جیاوازبوونی کۆمەڵە و ڕێباز و ئاستەکانیان، تیشکەکانی بانگەواز ئاڕاستەیان بکرێت بە بابەتیبوونێکی تەواو و بەبێ هیچ لایەنگیریەك یان گونجاندن بۆ چەند کۆمەڵێك بەدەر لەوانی تر. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ ئەو کەسەی کاری بانگخوازی دەکات بۆ لای خوا دەبێ بە تەواوی بێ لایەن بێ، هەڵوێستی ئەو بەرامبەر گشت خەڵك وەك دادوەر بێ لەگەڵ بەکێشەچووەکان کە لێی کۆبوونەتەوە. جا دادوەر کاربەدەست و سەرکردەکان دەدوێنێ، هەروەك چۆن کەسانی سادە و بێ پلە دەدوێنێ، خۆشگوزەران و دەوڵەمەندان و هەژاران و نەداران بە یەکسانی دەدوێنێ، واتە بە ئەندازەیەکی یەکسان لە خۆشویستن و

---

(١) تیشکی چواردەم، لا ٤٢٤ لە کتێبی (تیشکەکان).

بوغزاندن و بایەخدان بە چارەنووسەکەیان، بەڵێ لەوانەیە شێوازی هەڵسوکەوت کردن بگۆڕێت بە گوێرەی جیاوازی بیسەران لە ڕووی زانست و ڕۆشنبیریەوە، هەروەها بە پێی فرە جۆری گومانەکان و جیاوازیان لە تەرازووی بایەخ و ڕوانینەوە، ئەمە شتێکی ترە کە دەگەڕێتەوە بۆ دانایی کە پێویستە ئەوەی بانگەواز دەکات بۆ لای خوا دانا بێ. بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێ ڕوو لە خەڵك کردنی بە تێکڕایی لەسەر یەك ئاست بێ لە بەدەمەوەچوون و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا و خۆشویستنیان. ئەمەش کاری پەیامبەران و پێغەمبەران و گشت خواناسانە لەو بانگخوازانەی لە دوای ئەوان هاتوون... جا ئایا ئەوەی چووەتە نێو کاری سیاسییەوە و بە ناچاری کێشکراوە بۆ هەندێك خولگەی ناکۆکی لەسەر ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە هەستێکی یەکسان بدات بە خەڵك لە دڵسۆزی و خۆشویستن و بەدەمەوەچوون و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا؟!.. بەڵکو ئایا بۆی فەراهەم دەبێ متمانەی هەر هەموویان بەدەستبخات لەسەر ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و بانگیان دەکات بۆی؟..

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە سروشتی و سەلمێنراوی ڕوونە. مرۆڤ هەر کە چووە نێو شەپۆڵەکانی کاری سیاسی و خۆی خستە نێو خولگە و ڕەوت و ئاڕاستە کێبڕکێکار بەڵکو ململانێکارەکان، ئەوا ئەو کاتە بەناچاری خۆی بە ناکۆك یان دژبەری هەر یەکێك دەبینێتەوە جگە لەو کۆمەڵەیە نەبێ کە ئەو پەسەندی کردووە، ئەمەش بەهۆی هۆکارێکەوە، تا ببێتە هاوپەیمانی.

بۆیە بۆ ئەو مرۆڤە زۆر سەختە و بۆی ناکرێ پردی لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن و خۆشەویستی لەگەڵ بەرامبەردا دروست بکات، تا لە میانەی ئەم پردەوە بانگیان بکات بۆ لای خوا؟

ئا بەم شێوەیە کاری بانگەواز کردن بۆ لای خوا و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی، دەبێتە ئەرکێکی مرۆڤایەتی و بەرز و بڵندتر دەبێ لە ئاست ناکۆکی و ململانێیە سیاسییەکان، جا ئەم بانگەوازە لە میانەی تیشکەکانی دڵسۆزی بۆ خوا و بەدەمەوەچوونی گشتیانەوە پێیان دەگات، بەمەش لە نێو هەموو ناوەندەکاندا جێگە دەگرێت و دەگاتە تێکڕای دڵ و عەقڵەکان. جا ئا لەم ئاستە درەوشاوە و بێ خەوشە و دوور لە گشت تۆمەت و کەم و کورتییەك، بەدیعوززەمان توانی ئامۆژگارییەکانی ئاڕاستە بکات، یان ڕێنماییەکانی بدات بە هەموو کەس و چینەکانی ئوممەت، هەر لە خودی ئەتاتورکەوە تا ئەنجومەنی گەل (ئەنجومەنی نوێنەران) و سەرکردە و کاربەدەستانی تر، دواتر تا دەگاتە هەموو خەڵك، بێ ئەوەی هیچ کرچ و کاڵییەك توخنی مەبەستەکەی بکەوێت، هەروەها بێ ئەوەی لایەنگیری هیچ دەستە و کۆمەڵەیەکیان بکات.

*　　*　　*

٣- تەنها یەك شت بە ناڕوونی ماوەتەوە کە پێویستە ڕوونی بکەینەوە، لەوانەیە خۆی بکێشێ بە گوێچکەی زۆرێك لە خەڵکدا بەتایبەت ئەوانەی

بەجۆش و خرۆشن بۆ کاری ئیسلامی، ئەویش لە کاتی قسەکردن لە مەترسی تێکەڵ کردنی بانگەوازی ئیسلامیە بە کاری سیاسی، تاوتوێکردنی پاشکۆ و شوێنەوارە خراپەکانیەتی لەسەر ئیسلام و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئیسلام.

لە نێو ئەو خەڵکەدا کەسانێك هەن، لەوانەیە وا لەم قسەیەمان یان لەو هەڵوێستەی بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ کە گرتوویەتیەبەر تێبگەن کە ئەمە بانگەشەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام بەوەی تەنها بریتییە لە پەیوەندیەك کە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا هەیە، لە ڕێگەی کۆمەڵێك پەرستش و بەندایەتی، و ئیسلام بایەخ نادات بە پرسە سیاسییەکان و حوکمڕانی و هیچ پەیوەندییەکی پێیەوە نییە، ئیسلام و دین و دەوڵەت نییە بەیەکەوە، هەروەك پێشتر و ئێستاش جەختی لێدەکەینەوە. بەڵکو دینێکی دابڕاوە لە کۆمەڵگە و سیستەمەکەی لە نێو پەرستگە و مزگەوتەکاندایە !..

جا ئەم تێگەیشتنە سەرباری ئەوەی کەوتنە نێو هەڵەیەکی مەزنە، ئەوا گوزارشتیش دەکات لە نەزانی و نەشارەزاییەکی مەزن سەبارەت بە ئیسلام و بێ ئاگابوون لە جیاوازی نێوان ڕێگەی بەرەو ئیسلام دەچێ، لەگەڵ ئەو ناوەڕۆك و گەوهەرەی ئیسلامی لێ پێکدێت. ئینجا ئەگەر دروست بێ موسڵمانە سادەکان بکەونە نێو ئەم بێ ئاگاییە، ئەوا نابێ ئەوانەی سەرقاڵی کاری بانگەوازی ئیسلامین و بایەخ بە کاری ئیسلامی دەدەن بکەونە ناویەوە.

پێویستە هەمووومان ئەوە بزانین“ لێرەدا جیاوازیەکی مەزن هەیە لە نێوان ئەو ڕێگەیەی پێویستە ڕاگەیەنەرانی پەیامی خوا و ناسێنەرانی ئاینی خوا بیگرنەبەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگەیەننە نێو باوەشی فراوانی ئیسلام و ڕەنگرێژکردنی بە فەرمان و حوکمەکانی، لەگەڵ ئەو حەقیقەت و بنەمایانەی ئیسلام و ڕێسا و یاساکانی لێی پێکدێن.

سەبارەت بەو ڕێگەیەی سەردەکێشێ بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام و فراوان بوونی دەسەڵات و حوکمەکەی، ئەوا هەروەك بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ دووپاتی دەکاتەوە پێویستە پاك و دوور بێ لە کرچ و کاڵی ڕەوت و هەڵبەزین و دابەزینە سیاسییەکان، لەبەر ئەو هۆکارانەی زیاد لە جارێك باسی کردووە و جەختی لەسەر کردووەتەوە و شرۆڤەی بۆ کردووە.

دەربارەی ناوەڕۆك و گەوهەری ئیسلام، کە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵك دەدەین پێی و دواتر جێبەجێکردنی، ئەوا بریتییە لەوەی کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ئاماژەی پێکردووە، لە گشت ئەو بنەما و حوکمانەی کە دەکرێ ژیانی مرۆڤ لە بازنەی خودی خۆیدا پوختە بکاتەوە، لە سنووری هاریکاری کردنی برا مرۆڤەکەیدا پاك بکاتەوە، و ڕەچاوی ماف و سیستەمی خێزان بکات و بیپارێزێ، پەیکەربەندی کۆمەڵگەی ئیسلامی دابڕێژێ و سیستەمی حوکمی تێدا دابمەزرێنێ و پەیوەندیە مرۆڤایەتیە دروستەکان هەماهەنگ بکات لە نێوان سەرکردە و هاوڵاتیدا، هەروەها لە نێوان هەر دوو

لایەندا سیستەمی شوڕا (ڕاوێژ) کامڵکراو بەرپا بکات لەگەڵ مەرجەکانی دەقە فەرمانکەر و ڕێگریکەرەکان، هەروەك لە توانایدایە پەیوەندی نێودەوڵەتی لە نێوان موسڵمانان و نا موسڵمانان بسازێنێ، لە هەر دوو دوو دۆخی ئاشتی و جەنگدا... تاد.

فەرهەنگ و کتێبە فراوانەکانی فیقهی ئیسلامی، ئەرکی ڕوونکردنەوەی وردەکاری گشت ئەم یاسا و حوکمانەیان لەئەستۆگرتووە زۆر بە تێروتەسەلی و ڕێکوپێکی.. ئایا لە دوای ئەمە هیچ گومانێك دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی ئەو ئیسلامەی پەروەردگاری جیهانەکان فەرمانی پێکردووین بڕوای پێبکەین، پێکدێت لە گشت ئەم بنەما و حوکمانە؟.. ئایا هیچ هێڵێك لە هێڵەکانی سیاسەتی حوکمڕانی یان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەمێنێتەوە بە جۆرێك کە دوور بێ یان لە دەرەوە بازنەی ئەم ئاینە و دەسەڵاتەکەی بێ؟

ئەوەی بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ هۆشداری لەبارەوە دەدا، لە دوای ئەزموونە کرداریەکەی لەگەڵ سیاسەت و یاریەکانی، ئەوە بوو کە گەیشتنە دروستکردنی بنیات و بینا ئیسلامی گشتگیر، بەستراوەتەوە بە هەوڵدان و ڕۆیشتن بۆی لە ڕێگەی بانگەواز کردنی پاك و پوخت بۆ لای خوا و ئاشناکردنی خەڵك بە ئاینی خوا، خۆشەویستکردنی ئەم ئاینە لەسەر دڵی بەندەکانی خوا، دوور لە کەمەندکێش بوون بەرەو تەوەر و بازنە سیاسییەکان یان ڕۆیشتنە نێو خولگەکانیدا، لەگەڵ خۆ بەدوورگرتن لە زەلکاوی لایەنگیری

كردنی هەندێك دەستە و كۆمەڵ لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی دەستە و كۆمەڵانێكی تر.

ڕۆیشتن بەم ڕێگایەدا نەوەك هیچ ڕێگایەكی تر، بریتییە لەو بەها و نرخەی پێوویستە خەرج بكرێت بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا بتوانرێ ستوونەكانی قەوارەی ئیسلام قاییم بكرێن، كە بەرژەوەندییەكانی دونیا و دواڕۆژ و پێویستییە تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەكان لەخۆدەگرێ.

گومان لەوەدا نییە ئەوانەی پەلە دەكەن و تێكەڵ بە چالاكی سیاسی دەبن لە پێناو گەیشتن بەم بنیاتە ئیسلامییە گشتگیرە، لەم پێناوەشدا شێواز و جۆری كاری سیاسی و نەخشە و پلانەكانی لە سیاسەتمەداران وەردەگرن، لەم ڕێگەیەدا چەند هاوپەیمانێتیەك دروست دەكەن دژی ئەوانی تر — بەمەش خۆیان و گەلانیان بێ بەش دەكەن لە گەیشتن بەم ئامانجە ئیسلامییە كە گشت لایەنەكانی ژیانی نموونەیی مرۆڤایەتی لە خۆگرتووە، تەنانەت خودی ئیسلام بێ بەش دەكەن لە فراوانكردنی دەسەڵاتە پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكەی لەسەر ژیانی موسڵمانان. ئای ئەو پەندە چەندە ڕاستە كە دەڵێت: (ئەوەی پەلە بكات لە بەدەستهێنانی شتێك بەر لە كاتی خۆی، ئەوا سزا دەدرێ بە بێ بەشبوون لێی).

*    *    *

جا ئەو ئامۆژگاریەی بەدیعوززەمان بۆ ئێمەی دووبارە كردۆتەوە و جەختی لەسەر كردۆتەوە، لە دەرەنجامی ئەزموون و چەرمەسەریدا، ڕاست و دروستی ناوەڕۆك و شوێنەوار و ئەنجامەكانی ڕوون دەبێتەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی گۆڕەپانی كاری ئیسلامی لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەمڕۆدا.

زۆربەی كۆمەڵە و بزوتنەوە ئیسلامییەكان، لەوە تێوەگلاون كە مامۆستا سەعید نوورسی ڕەحمەتی خوای لێبێ هۆشداری لەبارەوە دابوو، جا پێیان ئاسایی بوو لە كار و چالاكییە ئیسلامییەكانیاندا شوێن ڕێچكە و شێوازی حیزب و ڕێكخراوەكانی تر ببن، كە هیچ پەیوەندییەكیان نییە بە ئیسلام و خزمەتكردنیەوە، بەڵكو تەنها سیاسەتیان وەك ئامانج و ڕێگە لەبەرچاوگرتووە، هەروەها سیاسەت ئامراز و ئامانجە بەیەكەوە لە ژیانیاندا.

زۆربەی ئەو كۆمەڵانە دەستیان كرد بە لاساییكردنەوەی ئەو سیاسەتمەدارە پیشەگەرانە، بێ ئەوەی سەرنجی ئەو جیاوازیە مەزنانە بدەن لە نێوان گەوهەر و كرۆكی دوو مەبەستەكە و سروشتی هەر دوو بەرنامەكەدا هەیە. جا دەرەنجامەكەی ئەوە بوو كە مامۆستا نوورسی ڕەحمەتی خوای لێبێ هۆشداری لەبارەوەدا..

پشتیانكردە گەیاندنی پەیامەكانی خوا و ئاشناكردنی خەڵك بە ئیسلام و بانگ كردنیان بۆ هاتنە نێو بازنەی ئیسلام، لە جیاتی ئەمە دەستیان كرد بە ڕووكردنە كورسییەكانی دەسەڵات و ململانێی حوكمڕانان و خاوەن ئامانجە

سیاسییەکانی سەر ئەم ڕێگایە، – جا لەبەر ئەوەی ئەم ڕێگایەیان هەڵبژارد – دەبوو هاوپەیمانێتیان لەگەڵ هەندێك دەستە و كۆمەڵ بەستبا كە لەسەر هەمان ڕێبازن و دژایەتی ئەوانی تر بكەن. كەواتە ئەنجامەكە چی بوو؟

ئەنجامەكەی ئەوە بوو گۆڕەپانی بانگەواز كردن بۆ لای خوا و ئاشناكردنی خەڵك بە ئاینەكەی بە بەتاڵی مایەوە، بەداخەوە تەبشیری و تێكدەران و هەڵپەرستان ئەم بۆشاییەیان پڕ كردەوە.. دواتر ئەنجامی دووەم ئەوە بوو كە ناسنامە ئیسلامییەكان تێكەڵ بوو لەگەڵ سیاسەتمەدارە پیشەگەرەكان لەسەر یەك ڕێگە، هەر دوو كۆمەڵەكە لەسەر یەك چەشن ئاوێتە بوون، بەمەش زۆرێك لە خاوەن ئامانجە سیاسییەكان و ئەوانەی حەزی خودییان هەیە لە سەركردایەتی و حوكمڕانیدا هاتنە نێو ڕیزی ئەو موسڵمانانەی كاری ئیسلامی، خۆیان و ئامانجەكانیان بە بەرگی ئیسلام داپۆشی، ئینجا ئەوەی ئەمەی ئاسان دەكرد ئەوە بوو كە ڕێباز و شێواز یەك بوون، دوای ئەمە خۆ دەرخستن بە ئامانجی ئیسلامیەوە ئاسان و سادەیە... بەمەش پەڕاوەكان تێكەڵی یەكتر بوون، ڕاستگۆیی تێكەڵ بە فرت و فێڵ بوو، و مەشخەڵەكان لەبەرچاوی خەڵكی سادە ون بوون و ئەو توانایەشیان نەما كە لێكۆڵینەوە بكەن و بپشكنن.

پاشان ئەنجامی سێیەم" ئەوە بوو ئەو ئیسلامیانە ڕێگە سیاسییەكانیان بە ڕەوا زانی، كە نەریت وایە سەركردەی حیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان پیادەی دەكەن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەكەیان، لە بڵاوكردنەوەی

خراپەکاری لە زەویدا و تێکدانی بەرژەوەندییەکان و ترساندنی کەسانی سڤیل و کوشتنی کەسە بێ تاوانەکان... ئەمانەش هەموویان هەروەك بەدیعوززەمان ڕەحمەتی خوای لێبێ جەختی لەسەر کردۆتەوە ڕێگەی دوژمنکارانەن، کە لە ئاینی خوادا قەدەغەن بەپێی یاسای: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ [الأنعام: ٦/ ١٦٤ لە چەند شوێنێکی تریشدا هاتووە] واتە: (هیچ کەسێك باری گرانی تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت). دواتر بەپێی یاسای: ((پێشگرتن لە خراپە و زیانەکان، لەپێشترە لە بەدەستهێنانی سوود و بەرژەوەندییەکان)).

دواتر ئەنجامی هەموو ئەم دەرەنجامانە، ئەوە بوو ڕێگەکانی ڕۆیشتن بەرەو ئەو ئامانجانەی خەونیان پێوە دەبینی لەبەردەمیان داخران، لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی موسڵمان، تەنانەت کەلێنی نێوان ئەم ئیسلامیانە و ئامانجەکەیان زۆر زیاتر بوو، کۆسپ و لەمپەرە پەکخەرەکانی ئەوان لە گەیشتن بە ئامانجەکەیان زۆرتر بوون. جا نە نەزان و سەرگەردانەکان لە نەزانیەکەیان ڕزگاریان بوو تا ڕوو وەرچەرخێنن بۆ پەیوەستبوون بە ئیسلام، و نە سەرکردە و حوکمڕانان متمانەیان کرد بە ڕاست و دروستی مەبەستە ئیسلامییەکان و ڕاستگۆییەکەیان لە خۆشەویستیان بۆ ئیسلام، بەڵکو لە ناخیاندا دڵنیابوون لەوەی ئەوان تەنها جۆرێکی جیاوازن لە سیاسەتمەدار و عاشقانی حوکم و دەسەڵات، ئەگەرچی بۆ خۆیان چەندین ڕێگەی فریودەری تازەیان بۆ ئەم مەبەستە داهێنابێ... جا ئەو ئیسلامیانەش لەسەر هیچ دڵسۆزییەك بۆ ئاینی خوا و خواپەرستی کردن لە مینبەرەکانی بەندایەتی و پەرستش کردن بۆ خوا

نەمانەوە، چونکە هەوڵدان بۆ چاندنی هۆکارەکانی خراپەکاری و لەناوبردنی بەرژەوەندی بەندەکان و سوکایەتی کردن بە ژیانی کەسانی بێ تاوان و سڤیل، هیچ تروسکەیەك لە ڕووناکی دڵسۆزی بۆ خوا ناهێڵێتەوە، هەروەك ناکرێ خاوەنی ئەم کار و کردەوانە هیچ شتێك لە شیرینایەتی خواپەرستی لە خزمەت خوای گەورەدا یان لە خواترسان و کروزانەوە لەبەردەم خوای مەزندا بچێژێ.

سەرەنجامی هەموو ئەم ئەنجامانە ئەوە بوو، شتانێك درانە پاڵ ئیسلام کە ئەو لێی بەرییە، لە بانگەشەی ئەوەی کاری تیرۆریستی لەخۆدەگرێ، بانگەواز دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی هۆکارەکانی خراپەکاری کردن لە زەویدا، لەناوبردنی بەرژەوەندی بەندەکان، بە ڕەوا دانانی قوربانیدان بە کۆمەڵانی سڤیل و بێ تاوان لە پێناو تێرکردنی ئارەزووە کەسی یان بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تاکەکەسی.. وڵاتە دەستدرێژیکار و زۆردارەکان لە سەر زەوی ئەم هەلە زێڕینەیان قۆستەوە، جا فوویان بە ئاگری ئەم تۆمەتەدا کرد و زۆر زیادەڕەوەیان لە وەسفکردنیدا کرد، لە واقیعی خۆی گەورەتریان پیشاندا، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوی خۆیان بەگەڕخست.

ئا بەم شێوەیە لێشاوی ئاشوب گەڕایەوە سەر ئیسلام، لەمەدا زیانی زۆر بەدوای یەکداهاتن کە بوونە هۆی تێکچوونی زۆرێك لە جوانیەکانی و لەناوچوونی گەلێك لە پاکیەکانی، دیمەن و واقیعەکەی شێوێنرا لە بەردەم چاوی زۆرێك لە موسڵمانە وێڵ و گومڕاکان و زۆرێك لە ناموسڵمانان ئەوانەی کە

هێشتا هەوڵی ناسینی ئیسلام دەدەن و چەندین ئومێد هەڵدەبەستن لە دوو توێی بنەما و ڕێنماییەکانیدا.

کانگای ئەم ئاشوبە لەو هەڵنگوتنەوە سەرچاوەی گرت، کە زۆرێك لە ئیسلامییەکان تێیکەوتن لە ژێر ناوی کاری ئیسلامیدا، دواتر پاشکۆ و شوێنەوارەکانی ئەم ئاشوبە بەردەوام بوو بەهۆی خراپەی پیلانگێڕان و ئەو دوژمنانەی لە بۆسەدا بوون، ئەوانەی چاك ئەم هەڵنگوتنەیان قۆستەوە، تەنانەت گەشیان پێدا و قۆستیانەوە بۆ پیادەکردنی پیلانە تاوتوێکراو و دانراوەکەیان دژی ئیسلام و موسڵمانان.

هێشتا کانگای هەڵەکە هەر دەتەقێتەوە و دەفیڕێنێ، ئەوانەی تێوەگلاون بەردەوامن بێ سڵەمینەوە، سەرباری ئەو تۆفانەی هەموو شتێك نقوم دەکات و ڕادەماڵێ" دوژمنە پیلان گێڕەکانی ئاینی ئیسلام بەردەوامن لە وەستان لە بۆسەدا و هەلەکە دەقۆزنەوە و بەکاردەهێنن... ڕێگە دەگرن لە لکاندنی هەڵەی موسڵمانان بە ئیسلامەوە.

ئایا ئەو برایانەی تێوەگلاون و سواری شەپۆلەکانی ئەم تۆفانە نقومکارە بوونە بە هۆش خۆیان دێنەوە، یان گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی کەسانی پێش خۆیان دەبن کاتێك سەرکێشیان لە نێو ئەم ئەزموونەدا کرد، دواتر

گەڕاونەتەوە و ئامۆژگاری ئاشكرايان پێیە بۆ ئەوانەی هێشتا تێیەوە نەگلاون... [1].

---

[1] یەكێك لە نموونە ڕاستەقینەكان، كە جەخت لەسەر ئەو ئامۆژگاریە دەكاتەوە كە مامۆستا نوورسی چەندین جار دووپاتی كردۆتەوە، ئەوەیە پۆلە زانایەكی پەیوەست بە چەند كۆمەڵێكی ئیسلامیەوە كە ژمارەیان لە چل تێپەڕ دەبوو، لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی ئەو شەڕەی لە نێوان موسڵماناندا لە جەزائیر ڕوویدا بە ناوی تێكۆشان (جیهاد) لە نێوان لایەنگر و بێ دەنگدا دابەشببوون.. كەچی پێش چەند ڕۆژێك ڕوونكردنەوەیەكیان بڵاوكردەوە، تیایدا داوای وەستاندنی ئەم شەڕە و هۆشداریدان لە بەردەوام بوونی و جەخت لەسەر ناڕەواییەكەی دەكەنەوە !..
شتێكە بەڵگەنەویستە ئەگەر ئەم ڕوونكردنەوەیە گوزارشت بێ لە حوكمی ڕاست و دروستی شەڕعی، ئەوا گومان لەوەدا نییە ئەو شەڕەی ئاشەكەی دەگەڕا لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە جەزائیر نا شەڕعی بووە. كەواتە بۆچی بێ دەنگ یان پشتیوانی بوون؟ بۆچی ئەوانەیان بە هەڵە دادەنا كە هۆشداریان لەو شەڕە دەدا و بە نا شەڕعی وەسفیان دەكرد، كەچی ئەمڕۆش هەمان قسە دووبارە دەكەنەوە؟ بۆچی ئەو كەسانەی ئەم شەڕەیان بە ناشەرعی دەزانی تۆمەتباریان دەكرن بەوەی حوكمی تێكۆشان (جیهاد)یان لە ئیسلامدا ڕەتكردۆتەوە؟
جا ئەگەر ئەوەی گوزارشت لە حوكمی دروستی شەرعی دەكرد ئەو شەڕە بووبێ كە هەزاران موسڵمانی بێ تاوانی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا كردە قوربانی، و ئەگەر ئەو شەڕە تێكۆشان (جیهاد) بووبێ هەروەك دووپاتی دەكەنەوە، ئەوا پێویستە شەڕعیەتەكەی تا ئەمڕۆ و سبەیش بەردەوام بێ، چونكە ئەو پاساوانەی بەرەی ڕزگاری پشتی پێدەبەست هێشتا هەر هەن، چونكە ئەو خەڵكە هەمان خەڵكی پێشووە كە لەوێ بوونیان هەبووە: یان

پێموابێ تەنها ڕۆژانی داهاتوو وەڵامی یەكلاكەرەوەی پێدەبێ بۆ ئەم پرسیارە، داوا لە خوای گەورە دەكەین ئەو ڕۆژانە مزگێنی دووبارە هاتنەوەی ڕاستی بۆ سەر ڕێگەی سەركەوتن و پاشگەزبوونەوە لەم ئەزموونە دۆڕاوە بۆمان بهێنێ، ئەو ئەزموونەی كە شوێنكەوتووانی تەنها بەڕێگای تونێلی داخراودا بردن.

---

بێ باوەڕی ستەمكارن و كار بە جگە لە بەرنامەی خوا دەكەن (بەپێی گوزارشتی ئەوان)، یان یارمەتیدەری ئەوانن و لە بازنەی ئەواندا دەخولێنەوە.

یەكێك لە شتە زانراو و بەڵگەنەویستەكان ئەوەیە سروش لە دوای پێغەمبەری خوا پچڕاوە و هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی جبریل دوێنێ دابەزیبێ بە حوكمێك بۆ سەر ئەو زانایانە كە ڕەوایی شەڕی پێشووی لە خۆگرتبێ... دواتر ئەمڕۆ حوكمێكی تری نوێی دابەزاندبێ و حوكمەكەی پێشووی هەڵوەشاندبێتەوە.

چل زانا لەوانەی پەیوەندیان بە كۆمەڵە ئیسلامیەكانەوە هەیە، مانەوە لە نێوان بێدەنگ و پشتیواندا بۆ ڕووباری ئەو خوێنە پاكانەی لە ماوەی ئەوساڵانەدا ڕژێنران، خۆ ئەگەر ڕوونكردنەوە شەرعیەكەیان لە میانەی ئەو ئاشوبە یان لە سەرەتاكەیدا ڕابگەیاندبا، ئەوا ئەم خوێنبەربوونەیان دەوەستاند یان بەلایەنی كەمەوە توندیەكەی كەمتر دەبوو... بەڵام ئەوە سیاسەتە ئەوانی فێركردووە چ كاتێك ئەوان بێ دەنگ دەبن و پشتگیری دەكەن و چ كاتێك دێنەدوان و ناڕەزایەتی دەردەبڕن! ! !

كەواتە بینیت چۆن فەرمان و دەسەڵات بۆ سیاسەت دەبێ لەو دۆخەدا، چۆن ئیسلام بە گشت بنەما و حوكمەكانی دەبێتە خزمەتكارێكی ئەمیندار لەبەر دەرگای ئەم دەسەڵاتە، بەپێی جوڵەی ئەو دەجولێتەوە و ڕەنگی ئەو دەپۆشێت! !.. خوایەگیان ملكەچمان مەكە بۆ هیچ دەسەڵاتێك جگە لە دەسەڵاتی خۆت و دوورمان مەخەوە لە پەرێزی بەندایەتی كردن بۆ تۆ، بێ بەشیشمان مەكە لە بەخششی دڵسۆزی و دڵساغی بۆ تۆ.

# نـــــــــاوەڕۆك



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەكی وەرگێڕ |
| ٧ | **بەڵگەی ئیسلام ئەبوحامدی غەزالی** |
| ٨ | دەسپێك |
| ١٣ | پوختەیەك لە ژياننامەكەی |
| ٢٦ | گەواهی دیارترین ئەوانەی ژياننامەی ئەویان نووسیوە، یان قسەیان لەسەر كردووە |
| ٣٠ | بۆچی غـــــەزالی لەناكاو پشتی كردە پلەوپایە و ناوبانگ لە بەغداد و هاتە نێو ڕێڕەوی خۆبەكەمزان و دونیـــابەكەمزانانەوە؟ |
| ٣٨ | غەزالی و فەلسەفە |
| ٤٨ | ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ غەزالی و بەهۆیەوە ڕخنەیان لێ گرتووە |
| ٨٣ | چەند نموونەیەك لە بلیمەتییە زانستییە سەرنجڕاكێشەكەی غـــــەزالی لە كتێبەكانیدا |
| ١٠٣ | **جـــەلالـــەدینی ڕۆمی** |
| ١٤٣ | **بەدیعوززەمان سەعید نوورسی ئەزموونی كارە سیاسییەكەی لەبواری بانگـەوازی ئیسلامی** |
| ١٣٤ | پێشەكی |
| ١٤٩ | ئەزموونی كاری سیاسی لەژیانی بەدیعوززەمان سەعید نوورسی |



کاروان
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن